# زمانی کوردی لە باشووری قەفقاز
## ١٩٢١–١٩٩١

سوداد ڕەسووڵ

**پوختە**

نیشتەجێبوونی کورد لە باشووری قەفقاز (ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان)، مێژوویەکی درێژی هەیە و بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، لە هەندێک سەردەمیش کورد لە قەفقاز خاوەن دەسەڵات و میرنشینی بووە. لە سەدەی دەیەمی میلادیدا، میرنشینی شەدادیی کوردی بەسەر بەشێکی فراوانی ئەو هەرێمەدا فەرمانڕەوا بووە. دواتر لە سەدەکانی شازدەم تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش کورد بە کۆچبەری و ئاوارەیی ڕووی لە باشووری قەفقاز کردووە. دوای بەرقەراربوونی دەسەڵاتی سۆڤیەت بەسەر ناوچەی قەفقازدا ساڵی ١٩٢٢، گۆڕانێکی سیاسی و فەرهەنگی لە ژیانی نەتەوەکانی ئەم هەرێمەدا ڕووی دا، سۆڤیەت سیاسەتێکی نوێی زمانیی هەبوو بۆ نەتەوەکان، نەتەوە بە ژمارە کەمەکان بۆیان هەبوو وەک نەتەوە گەورەکان بە زمانی دایک بخوێنن. کورد وەک نەتەوەیەکی بە ژمارە کەم لە قەفقاز، ئەم ماوەیە، بەتایبەت لە ئەرمەنستان، سەرەڕای خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان، لە کۆمەڵێک مافی دیکەی کولتووریش سوودمەندبوو. ماوەی نێوان ١٩٢٨–١٩٣٨ زمانی کوردی بە دیالێکتی کوردیی باکوور و ئەلفبێی لاتینی لە ئەرمەنستان بەخێرایی گەشەی‌کرد، لە زمانێکی زارەکییەوە بوو بە زمانێکی ستانداردی پێشکەوتوو و ئەرکەکانی فراوان بوو، بابەتە زانستییەکانی لە قوتابخانە پێ‌نووسرا و خوێندرا، سەرەڕای گەشەکردنی زمانەکە لە بواری چاپکردنی کتێب و ڕۆژنامەگەری و پەخشی ڕادیۆ و هونەری شانۆدا. ئەم پێشکەوتنە زۆری نەخایاند، ماوەی حوکمڕانیی ستالین، مافە کولتوورییەکانی نەتەوە بچووکەکان قەدەغەکران. دواتر ماوەی حوکمڕانیی خرۆچیف، دوای ١٩٥٥ جارێکی دی مافە کولتوورییەکان گەڕێندرانەوە، خوێندن بە کوردی لە قوتابخانەکان دەستی پێ‌کردەوە، ئەمجارە بە ئەلفبێی کریلی و تەنیا دەرسێک بۆ زمان و ئەدەب. ئەم مافە کولتوورییە بەم شێوەیە بەردەوامبوو. دوای بەرپابوونی شەڕی قەرەباغ و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ١٩٩١دا، بارودۆخێکی سەختی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ کورد لە قەفقاز هاتە پێش، پشتگیریی سۆڤیەت بۆ مافی کەمە نەتەوەکان نەما، چالاکییە فەرهەنگییەکان کەم‌بوونەوە، یا نەمان. کوردی موسڵمان لە قەرەباغ و ئەرمەنستان ئاوارەبوون. کوردە ئێزدییەکانی ئەرمەنستان و گورجستانیش، لە ڕووی نەتەوەییەوە بوون بە دوو بەش: بەشی زۆریان ناسنامەی ئێزیدییان کرد بە نەتەوە و بەشەکەی‌دی هەر بە کوردی ئێزیدی مانەوە، زمانی کوردییش لە نێوانیاندا دوو ناوی لێ‌نرا: زمانی ئێزدیکی و کوردی. لەبەر خراپیی بارودۆخی ئابووری و کۆچکردنی بەردەوام، ئامارەکانی دانیشتووان لەوێ، نیشانی‌دەدەن کە ژمارەی کورد لە قەفقاز لە دابەزینێکی خێرادایە. لە ڕووی خوێندن بە کوردییەوەش، تەنیا لە ئەرمەنستان بە کوردی دەخوێندرێ و لە گورجستان و ئازەربایجان ناخوێندرێ. ئەم هەلومەرجە، پێشبینیی ئەوەی لێ‌دەکرێ کە مانەوەی کورد و زمانی کوردی لە قەفقاز، بەتایبەت لە هەردوو کۆماری ئازەربایجان و گورجستان پاشەڕۆژی گەش نییە و بەرەو توانەوە و لەناوچوون دەچێ.

وشە سەرەکییەکان: باشووری قەفقاز، کوردی شەدادی، کوردی ئێزیدی، کوردی موسڵمان، گەشەکردنی زمان.

*

**پێشەکی**

ناوچەی قەفقاز لە ڕۆژئاوای ئاسیا، مێژوویەکی پڕ لە بەسەرهات و شەڕ و ڕووداوی هەیە، ئەم ناوچەیە بەدرێژیی مێژوو مەیدانی شەڕ و کوشتار و هێرشی داگیرکاریی ئیمپراتۆریەت و زلهێزەکانی دەوروبەری بووە. لە هەمان کاتدا، قەفقاز بەردەوام شوێنی تێپەڕبوون و نیشتەجێبوونی گەل و ئەتنیک و نەتەوەی هەمەچەشن

بووە، و مۆزائیکێکی گەل و زمانی جۆراوجۆر لەم هەرێمە بەدی هاتووە، کە لە کەم ناوچەیدیی ئاسیا بەم شێوەیە هەمەچەشنیی زمانی و نەتەوەیی هەیە.

کورد یەکێکە لە نەتەوە کۆنەکانی قەفقاز کە بەر لە هاتنی تورک و عەرەب، دانیشتووی ئەوێ بووە و لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژە بە بوونی کورد وەک گەلێکی نیشتەجێی قەفقاز دراوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بنەماڵەیەکی ناسراوی کوردی بەنیشەداد ناو سەدەی دەیەم حوکمڕانی بەشێکی ئەو هەرێمەی کردووە و ڕۆڵێکی مێژوویی و سیاسیی گرنگی گێڕاوە. لەپاڵ ئەوەشدا، هەندێک عەشیرەتی کورد لە بەشی ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی، لە سەدەی شازدەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، بە ئاوارەیی و کۆچبەری ڕوویان لە قەفقاز کردووە و تێیدا نیشتەجێبوون، جارێکیدی بووەتەوە بە مەڵبەندێکی نیشتەجێبوونی کورد.

مێژووی نیشتەجێبوونی کورد لە قەفقاز بابەتێکی گرنگی مێژووی کوردە، لە هەمان کاتدا جێگەی مشتومڕە کە کورد ئەم ماوە درێژە کە لەوێ نیشتەجێبووە و میرنشینی هەبووە، ئاخۆ دەکرێ بڵێین جوگرافیای خاکی کوردستان بۆ ئەوێ درێژدەبێتەوە؟

جگە لەم ڕەهەندە مێژووییە، لایەنێکی دیکەی بایەخی ناوچەی قەفقاز بۆ کورد، گەشەکردنی زمانی کوردییە بە دیالێکتی کوردیی باکوور لە ماوەی حوکمڕانی یەکێتیی سۆڤیەتدا. ئەم مێژووە، لاپەڕەیەکی گرنگ و پرشنگداری مێژووی زمانی کوردییە، کە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ و دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤیەت، هەلێکی گرنگ بۆ نەتەوەکانی ئەو وڵاتە، بەتایبەت نەتەوە بچووکەکان، ڕەخسا تا زمانەکانیان ببووژێننەوە، یەکێک لەم زمانانە کوردی بوو، وەک زمانی نەتەوەیەکی بە ژمارە کەم، لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە، مافی بەکارهێنان و پێشکەوتنی بۆ ڕەخسا.

مێژووی گەشەکردنی زمانی کوردی لە کۆمارەکانی ئەرمەنستان، ئازەربایجان، گورجستان، کە بە باشووری قەفقاز ناسراوە، لە توێژینەوەکاندا کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، بەتایبەت لە ڕووی زمانەوانییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە و قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەم زارە کوردییەش بەوردی دەستنیشاننەکراوە، بەتایبەت لە ئەرمەنستان، کە دوای بەرقەراربوونی حوکمڕانیی یەکێتیی سۆڤیەت، گرنگترین مەڵبەندی پێشکەوتنی زمانی کوردی بوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هەر ئەو سەردەمە ئەم زارە کوردییە لە باکووری کوردستان (تورکیا) بەتوندی قەدەغە بووە و ئاخاوتن بە کوردی سزای لەسەر بووە، بەڵام لە ئەرمەنستان بە ماوەیەکی کورت و خێرایی پەرەیستاند و لە زمانێکی زارەکییەوە بوو بە زمانێکی ستانداردی گەشەکردوو، کە بابەتە زانستییەکانیشی لە قوتابخانە پێخوێندراوە، سەرەڕای بەکارهێنانی لە بواری ڕۆژنامەگەری و هونەری شانۆ و پەخشی ڕادیۆدا.

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی مێژوویی شیکاری، وێستگەکانی گەشەکردن و لاوازبوونی زمانی کوردی لە باشووری قەفقاز تیشکی خراوەتە سەر و هەنگاو بە هەنگاو ڕوونکراوەتەوە. لەپێشدا هەوڵدراوە چەند پرسیارێک وەڵامبدرێتەوە: کورد کەی لە قەفقاز نیشتەجێبووە؟ ئایا ڕاستە کوردستان لە قەفقاز هەیە، وەک هەندێک لە توێژەرەوە و نووسەرانی کورد بانگەشەدەکەن کە پارچەی پێنجەمی کوردستان لە قەفقازە؟ زمانی کوردی لەوێ چۆن گەشەیکردووە و چ ڕۆڵێکی لە ڕەوتی گەشەکردنی مێژووی زمانەکەدا هەبووە؟ بۆچی زمانی کوردی لە ئەرمەنستان پێشکەوتووە، بەڵام لە گورجستان بەو ڕادەیە نەبووە؟ لە ئازەربایجانیش، نەک هەر زمانی کوردی پێشنەکەوتووە، بەڵکوو کورد لەوێ زۆربەی زمان و ناسنامەی کوردبوونی لەدەستداوە و لەناو زۆرینەی ئازەریدا تواوەتەوە.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، پێویستە بە دیدێکی ئەکادیمی لە باسەکە بڕوانین و ڕاستییە مێژووییەکان سەبارەت بە مێژووی بڵاوبوونەوە و نیشتەجێبوونی کورد لە قەفقاز ڕوونبکەینەوە. سەرەتا بەخێرایی ئاوڕێک لە مێژووی قەفقاز دەدەینەوە، قۆناغەکانی نیشتەجێبوونی کورد لەوێ ڕووندەکەینەوە، هەروەها ڕۆڵی کورد وەک نەتەوەیەکی حوکمڕان لە ژیانی سیاسیی قەفقازدا دەستنیشاندەکەین، دواتر، بەدرێژی باسی گەشەکردنی زمانی کوردی لە هەر یەک لە کۆمارەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان و گورجستان دەکەین، هەر لە دەستپێکی خوێندن بە کوردی بە ئەلفبێی ئەرمەنی لە ١٩٢١ لە ئەرمەنستان هەتا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ١٩٩١دا.

**پێشینەی مێژوویی کورد لە قەفقاز**[1]

ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان دەریای قەزوین و دەریای ڕەش کە بە قەفقاز (قەوقاز، کافکاز، *Caucasia*) ناسراوە، هەمیشە ڕێگەیەک بووە بۆ تێپەڕبوونی گەلانی ئاسیا بۆ چیاکانی زاگرۆس و بانی ئێران، بۆیە بەدرێژیی مێژوو مۆزائیکێکی ڕەنگاوڕەنگی گەل و نەتەوە و ئەتنیکی هەمەچەشن لێی نیشتەجێبووە. زنجیرەچیای قەفقاز لە باکووری ڕۆژئاوایەوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی درێژبووەتەوە و بەربەستێکی سروشتیی پێکهێناوە. هەرێمەکەی کردووە بە دووبەشەوە: قەفقازی باکوور و قەفقازی باشوور.

قەفقاز، لە ڕووی سیاسییەوە ئێستا هەر سێ کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان و گورجستان دەگرێتەوە، کە ئەمانە لە باشووری قەفقاز هەڵکەوتوون، هەندێک جاریش بە پشت قەفقاز (ماوراء القفقاس *Transcaucasian*) ناوی هاتووە. بەڵام باکوورەکەی ئێستا لەناو خاکی ڕووسیایە. قەفقاز بەگشتی لە ڕووی هەمەچەشنیی زمانییەوە یەکجار دەوڵەمەندە. ئەمڕۆش لە دنیای زمانان‌دا ئەم ناوچەیە بە یەکێک لەو ناوچانەی جیهان دادەنرێ کە زۆرترین ژمارەی زمان و گەلی هەمەچەشنی تێدا نیشتەجێیە. نزیک بە ٥٠ زمانی جیاواز لە قەفقاز هەیە؛ جگە لە زمانی هەر سێ نەتەوەی سەرەکیی ئەم هەرێمە: ئازەری و ئەرمەنی و گورجی، کۆمەڵێک زمانی دیکەی جیاواز و نەتەوە و گەلی هەمەچەشن لە بناری شاخ و دۆڵەکانی قەفقاز نیشتەجێن، وەک ئاڤاری، لەزگینی، دەرگینی، تەبەساری، چیچینی، تاتی، تاڵشی، ئۆسێتی، ئەبخازی، لازی، ئەنگوشی، چەرکەسی.[2] زمانی کوردیش یەکێک لە زمانە هەمەچەشنەکانی ئەم مۆزائیکە زمانییە پێکدێنێ، چونکە کورد هەر لە زووەوە شانبەشانی ئەرمەن و خەزەر و ڕۆم نیشتەجێی ئەوێ بووە. دوای هاتنیئیسلامیش بۆ ئەم ناوچەیە، نەتەوەیدیی وەک عەرەب و تورکیش لێی نیشتەجێی بوون،[3]

لە ماوەی فەرمانڕەواییی عەباسییەکان بەسەر قەفقازدا، کورد ڕۆڵێکی مێژوویی لە سیاسەت و کارگێڕیی هەرێمەکەدا گێڕاوە. ناوی کورد و دەسەڵات و میرنشینی کوردی، لە کتێبە مێژووییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا کە سەبارەت بە مێژووی ئەم ناوچەیە نووسراون، هاتووە. هەر بەهۆی ئەم پاشخانە مێژووییەی کوردەوە لەم هەرێمە، هەندێک لە نووسەرانی کورد پێیان وایە جوگرافیای خاکی کوردستان بۆ ئەو ناوچەیە درێژدەبێتەوە و بە کوردستانی قەفقاز ناوی‌دەبەن. لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بەکورتی باسی پێشینەی مێژوویی نیشتەجێبوونی کورد لە قەفقاز بکەین و پێگەی کوردیش لەم مێژووەدا دەستنیشانبکەین.

ناوچەکانی باشووری قەفقاز لە کۆن‌دا بە چەند ناوێک ناسراوبوون، لە سەرچاوە کلاسیکییە یۆنانی و ڕۆمانییە کۆنەکان‌دا بە ئەلبانیا ناسراوبووە، دواتریش یۆنانییەکان بە ئەریانا ناسیویانە، بەڵام لە سەرچاوە عەرەبییەکان‌دا بە (الران) یا (آران) ناوی هاتووە.[4] ئەم ناوەی دوایی جێگۆڕکێی دەنگیی هەمان ناوی کۆنی ئەلبانیا و ئەریانا بووە و لای عەرەبەکان بەم شێوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

ساڵی ٦٤٠ز وڵاتگیریی ئیسلام بۆ قەفقاز دەستی پێ‌کردووە و دینی ئیسلام بووە بە دینی زۆرینەی دانیشتووانەکەی، بەڵام ئەرمەنی و گورجی هەر بە مەسیحی مانەوە.[5] هاتنی ئیسلام بۆ قەفقاز گۆڕانێکی کولتووری و سیاسیی لە ناوچەکە هێنایەئاراوە، دوای ئەوە دوو نەتەوەی دی، عەرەب و تورکی سەلجووقی بۆ ئەم ناوچەیە هاتن. ئەم هەرێمە لە ڕووی کارگێڕییەوە بوو بە بەشێک لە مەمالیکی ئیسلام و دینی ئیسلامیش بەنێو گەلانی هەرێمەکەدا بڵاوبووەوە، هەر لەم سەردەمەش‌دا بوو کە نەتەوەکانی باکووری قەفقاز بوون بە موسڵمان.

---

١ ئەم بەشە سەبارەت بە مێژووی کورد لە قەفقاز زۆر لەوە درێژترە کە لێرە بڵاودەکرێتەوە، چونکە بڵاوبوونەوەی لەم گۆڤارە وەک توێژینەوەیەک هەر ئەوەندە ڕێگەپێدراو بوو.

٢ غلامعلی سلیمانی، مرتضی باقیان زارچی، قفقاز، موزائیک اقوام، علل و عوامل، ماهنامه ایراس، سال چهارم، شمار پنجم، ١٣٨٨ (٢٠١٠م). ص١٢٥-١٢٦.

٣ اسماعیل شکر رسول، الأمارة الشدادية الكردية في بلاد آران، دراسة سياسية حضارية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١. ص٤٣.

٤ اسماعیل شکر رسول، الامارة الشدادية الكردية في بلاد آران. ص٣٤.

٥ سرژ آفاناسیان، ارمنستان، آذربایجان، گرجستان: از استقلال تا استقرار رژیم شوروی، ترجمه: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، انتشارات معین، تهران، ١٣٧٠. ص٧.

ئەمجارە شارستانێتییەکی نوێ، ژیانی فەرهەنگی گەلانی ناوچەکەی دارِشتەوە و ناسنامەیەکی نوێی بۆ قەفقاز هێنایەکایەوە، کۆمەڵێک شار و ئاوەدانی نوێ بنیاتنران، شەقڵی فەرهەنگی ئیسلامییان پێوە دیاربوو. ناوی کۆمەڵێک شاری سەدە ناوەنجییەکانی هەرێمی قەفقاز لە سەرچاوە مێژووییەکانی وڵاتناسانی عەرەبدا هاتووە، وەک: بەرذەعە (بردە)، جەنزە (گنجە)، البیلقان، دەبیل (دوین)، الباب و الأبواب (دەربەند)، شەماخی، شەمکور، شیروان، باکەویە، شەکی. ئەم شارانە لە قەفقاز، چەند مەڵبەندێکی شارستانی و بازرگانی و هەندێکیان پایتەختی میرنشینییەکان بوون.

دوای هاتنی ئیسلام، لە سەردەمی عەباسیدا، ناوچەی قەفقاز دوو هەرێمی ئیداریی هەبوو، بە هەرێمی ئازەربایجان و ئەرمینیا ناسراوبوون. هەرێمی ئازەربایجان لە نێوان هەرێمی چیاکان (أقلیم الجبال) و وڵاتی ئاران (الران)دا هەڵکەوتووە، هەرچی هەرێمی ئەرمینیایە لە باکووری ئازەربایجان و جەزیرە هەڵکەوتووە و سنوورەکەی بەردەوام لە گۆڕاندا بووە. ئەو سەردەمە ئەم هەرێمە لە ڕۆژهەڵاتەوە کەوتبووە نێوان ئازەربایجان و ئاران، وڵاتی ڕۆم و باکووری جەزیرە لە ڕۆژئاوای بووە. لە باشوورەوە، ویلایەتی دیاربەکر و لە باکوورەوە، چیاکانی قبق (قەفقاز) و وڵاتی گورج و لاز بووە.[6]

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، ئەم ناوچەیەی قەفقاز لە سەردەمی ئیسلامیدا بەردەوام کوردی لێ نیشتەجێبووە، بەتایبەت ئەو هەرێمەی کە نزیک بە دەریاچەی وانە، درێژبوونەوەی کوردستانە بەرەو ئەرمینیا. کورد لەم شوێنانە حوکمڕان بووە و قەڵات و پایەگای هەبووە، تەنانەت ناوی یەکێک لە دەرگاکانی شاری بەردا (برذعة) لە سەدەی چوارەمی کۆچی (دەیەمی زایینی)دا (باب الأکراد) بووە.[7] لە ئەرمینیاش، نزیک بە شاری دبیل (دوین)، ڕووبارێکی (نهر الأکراد) ناو هەبووە، یەکێک بووە لە چۆمەکانی ڕووباری ئاراس.[8]

[6] د. زرار صديق توفيق، الكرد في العصر العباسي، دار موكرياني للطباعة و النشر، مطبعة شهاب، أربيل، ٢٠١٨. ص٤١، ٤٧.

[7] نفس المصدر السابق. ص. ٤٧-٤٩.

[8] نفس المصدر السابق. ص٤٧-٤٨.

ئەم سەردەمە، کورد نەک هەر نەتەوەیەکی نیشتەجێی باشووری قەفقاز بووە، بەڵکوو ڕەگەزێکی گرنگی سیاسی و حوکمڕانیی هەرێمەکەش بووە. دووماڵباتی هۆزی ڕەوادی بە ناوەکانی بەنوشەداد و ڕەوادی لەم هەرێمە نیشتەجێبوون. ماڵباتی بەنوشەداد سەرەتا لە شاری دبیل یا دوین نیشتەجێبوون، ئەوجا چوونەتە بەردا، دواتریش لە شاری گەنجە گیرساونەتەوە، هەر ئەم شارەشیان لە ۹۷۰ز دا کردووە بە پایتەختی ئیمارەتەکەیان، ئیمارەتی شەدادی.[9] هۆزی ڕەوادی، ئەم هۆزە کوردەش کە دوای ۹۰۵ز لە شاری دبیل (دوین) نیشتەجێبوون، لە بنەڕەتەوە لە ناوچەی بادینانەوە کۆچیانکردووە بۆ ئەوێ، دواتر لە ساڵی ٩٥٦ دەستیان بە سەر شاری تەورێزدا گرتووە و کردوویانە بە مەڵبەندی حوکمڕانیی خۆیان و لە ماوەی نێوان (٩٥٣-١٠٧٠ز)دا و بە ناوی میرنشینی ڕەوادییەوە فەرمانڕەواییان کردووە.[10]

مینۆرسکی لە توێژینەوەیەکیدا سەبارەت بە مێژووی قەفقاز، ئاماژەی بە بوونی کورد داوە لە دوین، کە هەر لە زووەوە لەم شارە و دەوروبەری نیشتەجێبووە؛ ئاماژەی بە بنەچەی سەلاحەدینی ئەیووبیش داوە کە بنەماڵەکەی لە هۆزی کوردی ڕەوادیی هەزبانییە، بە بنەچە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی دوین. شادی، باپیری سەلاحەدین ئەیووبی، خەڵکی گوندێکی ئەجدانکان ناو بووە لە نزیکی دوین. کوردی ڕەوادی لەم گوندە نیشتەجێبووە. دواتر شادی بە خۆی و هەردوو کوڕەکەیەوە، نەجمەدین و شێرکۆ، ڕووی لە تکریت کردووە.[11]

میرنشینی شەدادی (٩٥١-١٠٧٥ز) کە لە هەرێمی ئاران فەرمانڕەوا بووە، پایتەختەکەی شاری دوین و محەمەد کوڕی شەدادیش دامەزرێنەری ئەم میرنشینە بووە. حوکمڕانیی شەدادییەکان لە ئاران، کۆمەڵێک دەستکەوت و پێشکەوتنی هەبووە، ژیانی زانستی بەرەو پێشچووە و چەندین زانا لەو سەردەمەدا بەدەرکەوتوون، لە حوکمڕانی و ئیدارەی وڵاتدا

[9] اسماعيل شكر رسول، الأمارة الشدادية الكردية في بلاد آران. ص٤٥-٤٦.

[10] د. عماد كامل مرعى آل ظاهر اللهيبى، دور الأكراد في حماية المسلمين في بلاد القفقاس في القرنين الرابع و الخامس الهجريين، مجلة جامعة كركوك للدراسات الأنسانية، المجلد: ٧، العدد: ٣، ٢٠١٢. ص٢-٣.

11 V. Minorsky, Studies in Caucasian History, Taylor's Foreign Press, London, 1953. Pp. 116 -125.

دادپەروەربوون، هەر بۆیە خەڵک لێیان نزیکبووەتەوە. لە ڕووی ئاوەدانی و بیناسازییەوەش، پردیان لەسەر ڕووباری ئاراس دروستکردووە، بایەخیان بە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی کۆشک و باڵەخانە داوە. هەروەها لە ڕووی بەرگری و پارێزگارییەوە لە خۆیان، چەند شەڕێکیان لەگەڵ ڕۆم و ئەرمەن لە گەنجە بەرپاکردووە، توانیویانە ئەم شارە لە داگیرکاریی ئەم دوو هێزە هێرشەبەرانە بپارێزن.[١٢]

لەم بەڵگە مێژوویییانەوە بەڕوونی دیارە کە کورد پێش هاتنی تورکی ئوغوز، لەپاڵ ئەرمەن و گورج و ڕۆم و تات و تاڵش و نەتەوەکانی دیدا، نەتەوەیەکی نیشتەجێی باشووری قەفقاز بووە و لە هەندێک سەردەمیشدا دەسەڵاتدار بووە. بەڵام ئاماری دانیشتووانی کورد لەو شار و گوندانە ڕووننییە چەند بووە، وەک دیارە لە هیچ شارێک زۆرینە نەبوون و زیاتر دەستەی دەسەڵاتدار بوون، وەک میر و کارگێڕ و بەڕێوەبەری کاروباری سیاسی و ئیداری.

سەرەتای سەدەی یازدەم، ئەم هەرێمە ڕووبەڕووی شەپۆلی هێرشی تورکی ئۆغوز بووەوە کە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتبوون. دواتر تورکە سەلجووقییەکان هاتن کە لقێکی ڕۆژئاوای تورکی ئۆغوز بوون، هەموو ناوچەی قەفقاز و ئێران و ئەنادۆڵیان داگیرکرد و ئیمپراتۆرێتییەکی گەورەیان لە هەرێمەکەدا دامەزراند. ئەم هێزە هێرشبەرە تورکانە وازیان لە دینە کۆنەکانی خۆیان هێنا کە پەرستنی دیاردە سروشتییەکان بووە و بوون بە موسڵمانی سوننی. هەر کە بوون بە موسڵمان، خۆیان لە خەڵکەکە نزیککردەوە و حوکمڕانیی جیهانی ئیسلامیان بۆ ئاسانبوو.[١٣] سەلجووقییەکان وەک هێزێکی شەڕکەر و فراوانخواز بەسەر ناوچەکەدا زاڵبوون و تەنگیان بە نەتەوە بچووکەکانی دەڤەرەکە هەڵچنی، دیمۆگرافیای ناوچەی قەفقازیان گۆڕی و نەخشەی سیاسی و ئەتنیکی و زمانیشیان گۆڕی.

دوای ئەوە تورکی ئازەری وەک نەتەوەیەکی زاڵ و زمانێکی زاڵ لەم هەرێمە سەریانهەڵدا، نەتەوەکانی دی لە بۆتەی تورکدا تووانەوە.

میرنشینە کوردییەکانی ئاران و ئازەربایجان، دوای هێرشی سەلجووقییەکان، ئەو سەربەخۆیییەی کە هەیانبوو، نەما و دەسەڵاتیان بەرەو کزی و بێهێزی چوو، تا ئەوەبوو لە سەردەمی سوڵتان مەلەکشاهی سەلجووقیدا، کە سیاسەتی حوکمڕانییەکی ناوەندیی پێڕەوکرد و دەسەڵاتی میرنشینەکانی کەمکردەوە؛ بۆیە دوای ئەوە بەرەبەرە میرنشینی شەدادی لە ١٠٧٥م دا و میرنشینی ڕەوادیش ١٠٧٦ دەسەڵاتیان نەما و ڕووخان.[١٤] دوای ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان، قۆناغی میرنشینی و دەسەڵاتی کوردی لە قەفقاز کۆتاییهات. سەدەکانی دوایی، لە پاش سەدەی پازدەم و شازدەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، کورد بە کۆچبەری و ئاوارەیی ڕووی لە قەفقاز کرد و تێیدا نیشتەجێبوو.

دوای سەرهەڵدانی هەردوو ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی و سەفەوی، ناوچەی قەفقاز بوو بە جێگەی چاوتێبڕینی هەردوو زلهێزی ڕکابەر، شەڕ و ململانێیان لەسەر ئەم ناوچەیە بوو. لەم مێژووە بەدواوە، هەندێک هۆزی کورد بە کۆچبەری ڕووی لە قەفقاز کرد. دوای سەرکەوتنی عوسمانی بەسەر ئێراندا لە شەڕی چاڵدێران ساڵی ١٥١٤، سوڵتان سەلیم عەشیرەتی حەیدەرانلوو و تیرەکانی دیکەی ڕاگواست بۆ باکوور و بۆ ئەرمەنستان، بەدرێژیی سنووەرکانی ئێران و گورجستان نیشتەجێیکردن، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سنووری عوسمانی بکەن دژ بە ئێران. ئەم عەشیرەتانە لەبەر ئەم خزمەتەیان بە دەوڵەتی عوسمانی، لە پێدانی باج بەخشران.[١٥] ساڵی ١٥٨٩ لە ماوەی شەڕەکانی سەفەوی و عوسمانیدا، ئەو کوردانەی کە لەگەڵ سوپای عوسمانی بوون، ڕوویان لە ئازەربایجان کرد و لەوێ نیشتەجێبوون.[١٦]

---

[١٢] د. ابراهيم محمد علي مرجونه، تاريخ الأكراد، دراسة تاريخية حضارية في ظل الخلافة العباسية، مؤسسة شباب الجامعة، أسكندرية، ٢٠١٠. ص١٨٨-١٩٥.

[١٣] د. نیشتمان بەشیر محەمەد، کورد و سەلجووقییەکان، لێکۆڵینەوەیەک لە پەیوەندییە سیاسییەکان، وەرگێرانی: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٣. ل٩٦.

[١٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٢٧٥-٢٨٠.

[١٥] واسيلى نيكيتين، كرد و كردستان، ترجمه: محمد قاضى، انتشارات نيلوفر، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٦، ص٣٤٨-٣٤٩.

[16] Howell , Wilson Nathaniel , Jr. The Soviet Union and the Kurds, A Study of National Minority Problems in Soviet Policy. Ph.D., University of Virginia, 1965 P.240.

کوردە ئێزدییەکانی باکووری کوردستان کە لەبەر جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی، لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا چەوساوەبوون، چاویان لە وڵاتێک بوو لەم دەوروبەرە داڵدەیان بدا. بۆ ئەمە، نزیکترین وڵاتانی مەسیحی هاوسێیان، گورجستان و ئەرمەنستان بوو. ماوەی سەدەی هەژدەم تا سەدەی بیستەم، کوردە ئێزدییەکان لە باکوورەوە کۆچیانکردووە بۆ ئەم دوو وڵاتە مەسیحییە. بەپێی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، ساڵی ١٧٦٠ کوردی ئێزیدی و ئاشووریی مەسیحی لەگەڵ ئیراکیلی دووەمی شای گورجی لە پەیوەندیدا بوون. دواتر ساڵی ١٧٦٨ دەوڵەتی عوسمانی لەدژی ڕووسیا شەڕی هەڵگیرساند. ڕووسیا ئیراکلی دووەمی ڕازیکرد بچێتە شەڕەوە لەدژی عوسمانییەکان. شای ناوبراو پێی باشبوو لەم شەڕەدا پشتگیریی ئەم دوو پێکهاتە دینییە بکا دژ بە دەوڵەتی عوسمانی. بۆیە دوای ئەوە، ڕێگەی دا ئەم دوو پێکهاتەیە کۆچبکەن بۆ گورجستان؛ بۆ ئەم مەبەستە نامەیەکی نارد بۆ گەورەی ئێزدییەکان، چۆبانئاغا و گەورەی ئاشوورییەکان، سیمۆن، کە ئەگەر پشتگیریی عەسکەرییان بکەن لە دژی تورکیای دوژمنی هاوبەشیان، لە بەرانبەردا دەسەڵاتێکی ناوچەییيان پێدەدەن لە گورجستان. دوای ئەم ڕێککەوتنە، زانیاری هەیە کە نزیک بە چوار هەزار ماڵباتی ئێزیدی کۆچیانکردووە بۆ گورجستان و لە هەرێمی کاخێتیی ڕۆژهەڵاتی گورجستان جێوارکراون.[17]

ڕووسیای قەیسەری و ئێرانیش لە سەدەکانی هەژدەم و نۆزدەمدا بۆ داگیرکردنی قەفقاز بەردەوام شەڕ و پێکدادانیان هەبووە. ماوەی ئەم دوو سەدەیە، هەر یەکێک لەم دوو ئیمپراتۆرێتییە بەشێکی قەفقازیان لەژێر دەستدا بووە.

لە ماوەی شەڕەکانی ڕووسی و ئێرانیدا، ساڵانی ١٨٠٤-١٨١٣ و ١٨٢٦-١٨٢٨، ژمارەیەکی زۆری کوردی ئێران لە قەفقاز نیشتەجێبوون، ساڵی ١٨٠٧، ٦٠٠ ماڵباتی کورد لە قەرەباغ نیشتەجێبوو.[18] دواتر لەبەر بەستنی پەیمانەکانی گوڵستان ساڵی ١٨١٣ و تورکەمەنچای ساڵی ١٨٢٨، ئێران و ڕووسیا کۆتاییيان بەو شەڕانە هێنا. ئێران، ناوچەی قەفقازی بۆ ڕووسیای قەیسەری بەجێهێشت و ئەو کوردانەش لەوێ مانەوە و بوون بە هاووڵاتیی ڕووسیای قەیسەری.[19]

هەر ئەم سەردەمە تا برانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، کورد و بەتایبەت کوردە ئێزدییەکان بە شەپۆل بۆ ناوچەکانی قەفقاز کۆچیانکردووە. ئەو کوردانەی ئەرمەنستان، زۆربەیان دوای شەڕی قرم (١٨٥٣-١٨٥٦) و شەڕی ڕووسی و عوسمانی (١٨٧٧-١٨٧٨)، لە لە شارەکانی عەینتاب و قارس و وانی باکووری کوردستانەوە هاتوون و لە ئەرمەنستان جێواربوون.[20]

کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، شەپۆلێکی دیکەی کورد لە باکووری کوردستانەوە بە ئاوارەیی ڕووی لە قەفقاز و بەتایبەت ئەرمەنستان و گورجستان کرد. ئەمجارەیان بەهۆی شەڕی هەردوو ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی و ڕووسییەوە بوو لەسەر ناوچەی قارس و ئەردەهان.

قارس بەر لەوەی لە لایەن ڕووسیاوە داگیربکرێ، لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بووە و بەپێی پەیمانی سان ستیڤانۆ لە ساڵی ١٨٧٨دا، بە ڕەسمی خراوەتە سەر خاکی ڕووسیا و مانگی مایسی ١٩١٨ پاش ٥٩ ساڵ، ئەم شارە لە لایەن هێزەکانی تورکەوە داگیرکرایەوە. پاش شکستی تورکیا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، داشناکەکانی ئەرمەنستان داگیریانکرد و سەرەنجام بەپێی پەیمانی قارس لە ١٩٢١دا، درایەوە بە تورکیا.[21] ئەم شارەی کوردستان، بوو بە گۆڕەپانی شەڕی هەردوو زلهێزی ئیقلیمی، کە کوشتار و تاڵان و ئاوارەبوونی دانیشتووانەکەی لێکەوتەوە. لە ئەنجامی ئەم شەڕە سەختەدا، کوردێکی زۆری ئێزیدی کە لە قارس دوازدە گوندیان هەبوو، لە زێدی خۆیان ئاوارەبوون و

---

17 Iraklii Chikhladze, The Yezidi Kurds and Assyrians of Georgia, The Problem of Diasporas and Integration into Contemporary Society, Journal of the Central Asia & the Caucasus (3 /21) 2003. p. 3

١٨ د. تۆسنی ڕەشید، کوردی یەکەتیی سۆڤیەت: پێشتر و ئێستا. گۆڤاری واتە، ژمارە (٦)، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١. ل٣٤.

19 Howell , Wilson Nathaniel , Jr. The Soviet Union and the Kurds : p. 240

20 Ibid. p.241.

٢١ د. ئەفراسیاو هەورامی، کوردستانی پشت قەفقاس، (لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥. ل٥٨.

ڕوویان لە ناوچەی قەفقاز کرد و لە ئەرمەنستان و گورجستان گیرسانەوە.

دوای بەرقەراربوونی حوکمڕانیی یەکێتیی سۆڤیەتیش، هاتوچۆی هۆزە کوردەکان بۆ ناوچەی قەفقاز هەبووە. چەند عەشیرەتێکی کورد، لە ناوچەی سنووری نێوان ڕووسیا و عوسمانی و ئێراندا، نیشتەجێن، وەک بروکی، جەلالی، میلان... ئەم عەشیرەتە کوردانە، ڕەوەند و نیمچەڕەوەند بوون، بۆ گەرمێن و کوێستان بەردەوام هاتوچۆی نێوان ئەم سنوورانەیان کردووە، بەتایبەت پێش ئەوەی سنوور دابنرێ و هاتوچۆ قەدەغەبکرێ. لە ڕاپۆرتێکی باڵیۆزخانەی سۆڤیەتدا لە ماکۆ ساڵی ١٩٢٢ دا هاتووە: عەشیرەتی بروکی کە لە ناوچەی ویلایەتی وان نیشتەجێبووە، هاوینەهەواری لە ناوچەی سورمالنسکی قەفقاز هەبووە. ساڵی ١٩٢٢ دووسەد بنەماڵەی ئەم عەشیرەتە لە نەخچیوان نیشتەجێبوون، چونکە ناوچەی نەخچیوان و ئیرەوان لەوەڕگەکانی باش و بەپیتن، وەک لەوەڕگەی ناوچەی وان نین. هەروەها ئەم عەشیرەتە لە ڕیزی ئەو کوردانەدا نووسرابوون کە دەبوو بچن بۆ سەربازی، بۆیە ئەندامانی ئەم عەشیرەتە پێیان باشبوو لە تورکیا دوورکەونەوە و کۆچبکەن بۆ نەخچیوان.[٢٢]

دوای نسکۆی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥، کوردێکی زۆر لە باکووری کوردستان ئاوارەبوو، هەندێک لەو ئاوارانە پەڕیوەی سنووری یەکێتیی سۆڤیەت بوون و لە چەمی ئاراس پەڕینەوە و گوندیان لە بەری نەخچیوان بەدرێژیی چەمەکە ئاوەدانکردەوە، ئەو شوێنەیان کرد بە هەواری نوێی خۆیان. ئەو کوردانە لەم ماوەیەدا بەردەوام هاتوچۆیانکردووە بۆ باکووری کوردستان، بەڵام کاتێک یەکێتیی سۆڤیەت لە سییەکاندا سنووریی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری داخست، ئەوان لە نەخچیوان مانەوە، دواتر ساڵی ١٩٣٧ دانیشتووانی هەموو ئەو گوندانە لە لایەن ستالینەوە دوورخرانەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست.[٢٣]

لەم کورتە مێژووەوە ڕووندەبێتەوە کە کورد لە باشووری قەفقاز زیاتر لە هەزار ساڵ مێژووی هەیە و هەر لە زووەوە بەر لە هاتنی عەرەب و تورکی ئۆغوز، نەتەوەیەکی نیشتەجێی قەفقاز بووە، بەڵام ئەم ماوە درێژە، کورد دانیشتووانێکی بە ژمارە زۆر و هەمیشەیی ئەم هەرێمە نەبووە، زیاتر بە ئاوارەیی لێی نیشتەجێبووە، یا بۆ لەوەڕگەی مەڕوماڵات چەند عەشیرەتێکی کورد ڕوویان تێکردووە و دواتر گەڕاونەتەوە بۆ باکووری کوردستان. سەبارەت بە کوردە شەددادییەکان کە حوکمڕانی ناوچەی ئاران بوون، و ئەمڕۆ چەند بەشێکی ئازەربایجان و ئەرمەنستان دەگرێتەوە، ئەوانیش زیاتر وەک دەستەی حوکمڕان بەسەر ئەو ناوچەیەی قەفقازدا فەرمانڕەوا بوون، بەڵام دانیشتووانی ئەم میرنشینە هەمووی کورد نەبووە، ئەرمەن و گورج و لاز و تات و تاڵش و لەزگین-یش لەوێ ژیاون، هەروەها لەپاڵ میرنشینی کورددا، میرنشینی عەرەبیش هەبووە، ئەوانیش دەستەی حوکمڕان بوون، بەڵام دانیشتووان عەرەب نەبووە. بۆ ئەوەی باشتر لەم دەسەڵاتە کوردییەی قەفقاز تێبگەین، دەکرێ ئاماژە بە حوکمڕانیی بنەماڵەی ئەیووبی لە میسر و شام بدەین کە کورد لەوێ دەستەی حوکمڕان بووە بەسەر

[٢٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٣١٥-٣١٦.

[٢٣] لە سەفەرێکمدا بۆ ئاسیای ناوەڕاست مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩، سەرم لەو کوردە دوورخراوانە دا کە لە قەرغیزستان و قازاغستان دەژین، چاوم بە سێ کەسێتیی کوردی ئەم وڵاتانە کەوت و چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردن: نادر نادرۆڤ، کنیاز ئیبراهیم میرزۆیڤ، ڕەمەزان سەیدۆڤ. پرسیارم لێکردن سەبارەت بە سەرەتای نیشتەجێبوونیان لە نەخچیوان و دواتریش دوورخستنەوەیان بۆ ئاسیای ناوەڕاست، هەموویان جەختیان لەوە کردەوە کە باوک و باپیرانیان لەدوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە کۆچبەر بوون بۆ نەخچیوان و هەتا پێش دوورخستەوەیان لەم بەینەدا بۆ باکووری کوردستان، هاتوچۆیانکردووە بۆ بینینی خزم و کەسوکاریان. کاتێک سنوور داخراوە، لە نەخچیوان ماونەتەوە، ئەوجا دواتر ساڵی ١٩٣٧ لە سەردەمی ستالیندا، بە زۆرەملێ کۆچیان پێکراوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست. نادر نادرۆف لە تەمەنی تەنیا پێنجساڵیدا بووە شاهێدی ئەم دوورخستنەوەیە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی و خەڵکی گوندەکەی کە لە نەخچیوانەوە کۆچیان پێکراوە بۆ قازاغستان.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ نادر نادرۆڤ لە ئالماتی - قازاغستان، ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٠.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ دوکتۆر کنیاز ئیبراهیم میرزۆیڤ، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی قازاغستان - بەربانگ- لە ئالماتی، قازاغستان، ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٥.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەمەزان سەیدۆڤ سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی قەرغیزستان -مەدیا- لە بێشکیک پایتەختی قەرغیزستان، ڕیککەوتی ٢٠١٩/١٠/١٠.

دانیشتووانی غەیرەکورددا کە زۆربەیان عەرەب بوون. دەکرێ بڵێین حوکمڕانیی کورد لە ناوچەی قەفقازش، هەمان شێوەی حوکمڕانی بووە. ئەو ماوەیەش کە میرنشینی شەدادی لەوێ دەسەڵاتدار بووە، کورد بە ژمارەی زۆر کۆچی‌نەکردووە بۆ ئەوێ، تا قورساییەکی دانیشتووان لەوێ پێکبێنێ و شاری گەورە و مەڵبەندی فەرهەنگی و شارستانیی تێدا دامەزرێنێ، ئەوەی هەبووە کۆمەڵە گوندێکی پەرش‌وبڵاو بووە لەناو زۆرینەی ئەرمەنی و گورجی و ئەوانی‌دی‌دا. دواتریش کە تورکی ئۆغوز ناوچەکەی داگیرکردووە و دانیشتووانی ئازەربایجان کراون بە تورک، کورد لەژێر شەپۆلی هێرشی تورکی سەلجووقی‌دا، بووە بە کەمینەیەکی لاواز و ژێردەستە و لە چەند گوندێک خۆی گرتووەتەوە. سەدەکانی دواتریش بە هۆی هاودینی و هاومەزهەبی لەگەڵ تورکی ئازەری، بەخێرایی لەناو تورکدا تواوەتەوە.

سەبارەت بە ناوچەی قەرەباغ، کورد بە بەراورد لەگەڵ ئەرمەنستان مێژوویەکی کۆنتری لەم ناوچەیەدا هەیە. بەپێی ڕەوتی مێژووی ناوچەکە، ئەو کوردانەی ئەوێش زیاتر بە ئاوارەیی و کۆچپێکردن لە قەرەباغ نیشتەجێ‌بوون، لە لایەن دەسەڵاتدارانی سەفەوییەوە کۆچیان پێ‌کراوە بۆ ئەوێ، وەک کۆچپێکردنی کورد لە سەردەمی شاعەباسی سەفەوی‌دا لە سەدەی شازدەم بۆ خوراسان. لە ڕووی جوگرافییەوەش ئەگەر سەرنجی ناوچەی قەرەباغ بدەین، خاکی قەرەباغ درێژبوونەوەیەکی سروشتیی خاکی کوردستان نییە. ئەگەر سەرنجی نەخشەش بدەین، نێوان ناوچە کوردنشینەکانی ئێران لە ماکۆ و خۆی بەدرێژیی دووسەد کیلۆمەتر تا دەگا بە قەرەباغ، تورکی ئازەریی تێدا نیشتەجێیە. ئەم مەسافەیە لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە خاکی کوردستان نییە. بۆیە لە بەر تیشکی ئەم ڕاستییانەدا، ناتوانین بڵێین خاکی کوردستان درێژدەبێتەوە بۆ ناو قەفقاز و پارچەی پێنجەمی کوردستان لەناو خاکی ئازەربایجان و ئەرمەنستانە، وەک هەندێک لە نووسەرانی کورد بانگەشەی بۆ دەکەن. بەڵام هیچ گومان لەوەدانییە کە کورد بۆ ماوەیەکی درێژ، نەتەوەیەکی چالاکی باشووری قەفقاز بووە و لە سەردەمێکدا بەشدارییەکی گرنگی لە مێژووی حوکمڕانیی هەرێمەکەدا کردووە، هەروەها زمانی کورد یەکێک بووە لە زمانە هەمەچەشنەکانی ئەم هەرێمە، کە لە ماوەی حوکمڕانی سۆڤیەت‌دا گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و لە گەلێک بواری فەرهەنگیش‌دا ڕۆڵی پێشەنگی هەبووە. لە بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیەدا بەوردی تیشک دەخەینە سەر ئەم بابەتە.

### سەرهەڵدانی یەکێتیی سۆڤیەت و سیاسەتێکی نوێی زمانی

پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و حوکمڕانیی سۆشیالیستیی سۆڤیەت، زمانی ڕووسی لە ڕووسیای قەیسەری تاکە زمانی باڵادەستی ئەو ئیمپراتۆرییە بووە بۆ هەموو کاروبارێک، بەتایبەت بۆ خوێندنی باڵا و کاروباری ڕەسمیی ئیمپراتۆری.[٢٤] سەدەی نۆزدەم کە ناسیۆنالیزمی ڕووسی لە گەشەکردن‌دا بوو، ڕووسیا زیاتر ئامانجی زاڵکردنی زمانی ڕووسی و فەرامۆشکردنی زمانی نەتەوەکانی‌دی بوو، بەتایبەت نەتەوە بچووکەکانی وەک کورد، تات، تاڵش، لەزگین، .. تاد. ئەم نەتەوانە هیچ مافێکیان بۆ بەکارهێنانی زمانەکەیان لە سیستەمی پەروەردەی ڕووسیادا نەبووە، هەوڵیش‌نەدراوە نەخوێندەواری لەنێو ئەم گەلانەدا بنبڕبکرێ. سەرەتای سەدەی بیستەم، لەژێر دەسەڵاتداریی ڕووسیادا، قوتابخانە لە سێ گوندی کوردیی ئێزیدیی ئەلەگەز و و سورمەلی و باجورلوو لە قارس، بە زمانی ڕووسی بۆ منداڵانی کورد کرایەوە، بەڵام زۆر درێژەی‌نەکێشا و ڕۆڵێکی گەورەشی نەبوو لە بنبڕکردنی نەخوێندەواریی ناو کوردان‌دا.[٢٥]

بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٩١٧ و هاتنە سەر کاری بۆلشەفییەکان لە ڕووسیا، کۆتاییی بە دەسەڵاتی ڕووسیای قەیسەری هێنا، هاوکات گۆڕانێکی گەورەی سیاسی هێنایەکایەوە و هەموو هەرێمەکە جارێکی‌دی نەخشەیەکی نوێی سیاسیی بە بەردا کرایەوە، دەسەڵاتێکی نوێ بە ئایدیۆلۆجیایەکی نوێوە حوکمڕانیی ڕووسیا و قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاستی کرد. ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە، کۆمەڵێک

---

[24] Alex Krouglov, Language planning and policies in Russia through a historical perspective, Current Issues in Language Planning, Taylor & Francis, UK , 2021. p.6

[25] Eskerê Boyîk, Çanda kurdên Sovêtê, Weşanên peywend, Çapa duyem, Îstanbul, 2019. R 14.

گۆڕانکاریی کولتووریشی لەگەڵ خۆی هێنا و لە هەمان کاتدا پلانێکی نوێی زمانی دارشت بۆ زمانی نەتەوەکانی ناو سۆڤیەت، بەتایبەت بۆ نەتەوە بچووکەکان کە مافیان هەبوو وەک نەتەوە گەورەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن و مافی کولتوورییان هەبێ.

یەکێتیی سۆڤیەت بە ڕەسمی لە ١٩٢٢/١٢/٣٠دا دامەزرا. نەتەوە گەورەکانی نێو ئەم یەکێتییە ڕێگەیان پێدرا کۆمارێکی نەتەوەییان هەبێ و نەتەوە بچووکەکانیش مافی ئۆتۆنۆمی یا یەکەیەکی ئیداریی نەتەوەییان هەبوو، کە لە چوارچێوەی ئەو کۆمارە نەتەوەییەدا لێی نیشتەجێبوون.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دەسەڵاتی ڕووسیای قەیسەری لە قەفقاز نەما و هەر سێ نەتەوەی سەرەکیی قەفقاز، ئەرمەن و ئازەری و گورجی، سێ کۆماری نەتەوەییی دیموکراتیی سەربەخۆیان ڕاگەیاند و ماوەی سێ ساڵ (١٩١٨-١٩٢١) بەردەوامبوو، دواتر ساڵی ١٩٢٢ بەهۆی بارودۆخی سیاسی و جیۆپۆلیتیکیی هەرێمەکە و هەروەها بەهێزبوونی بزاڤی بۆلشەفیزم لەنێو چینی ڕۆشنبیرانی هەر سێ نەتەوەدا، هەر سێ کۆماری باشووری قەفقاز، خۆویستانە دایانەپاڵ سۆڤیەت و بوون بە سێ کۆماری سۆشیالیستیی یەکێتیی سۆڤیەت.[٢٦] بەم پێیە، هەرێمی قەفقاز جارێکیدی کەوتەوە ژێر حوکمڕانیی ڕووسیا، بەڵام ئەمجارە بە حوکمڕانیی سۆڤیەت و سیاسەتێکی نوێی کولتووری و بە بیری سۆشیالیسم بەڕێوەچوو.

دوای دامەزرانی حوکمڕانیی سۆڤیەت لە باشووری قەفقاز، گەلی کوردیش بوو بە یەکێک لە نەتەوەکانی سۆڤیەت، کە ئەوسا زۆرینەی دانیشتووانی کورد بە پەرشوبڵاوی لە هەر سێ کۆماری باشووری قەفقاز نیشتەجێبوون. کۆمەڵگەیەکی کوردیش لە کۆماری تورکەمەنستان نیشتەجێبوو.[٢٧] کورد لە قەفقاز بەگەرمی پێشوازیی لە دەسەڵاتی نوێی سۆڤیەت کرد و چالاکانە بەشداری لە جێگیرکردنی ئەم دەسەڵاتە کرد. هاوینی ١٩٢١ چەند هەزار کوردێک لە دەڤەری کوتورلینی ئازەربایجان کۆبوونەوە و برووسکەیەکیان بۆ ئەنجومەنی کۆمیسارانی گەل لە کۆماری ئازەربایجان نارد؛ لە بروسکەکەدا جەختیانکردەوە کە ئەوان بە سروشت لەگەڵ دەسەڵاتی سۆڤیەتدان کە دەسەڵاتی کرێکاران و جووتیارانە.[٢٨]

یەکێتیی سۆڤیەت دوای دامەزرانی وەک دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆجی، کۆمەڵێک چەمک و تێگەیشتنی نوێی هەبوو بۆ نەتەوە و مەسەلەی نەتەوایەتی. سیاسەتی حکوومەتی بۆلشەفی بۆ مافی نەتەوەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیی مارکسی - لینینی بەڕێوەدەچوو. لەم ڕووەوە ستالین ساڵی ١٩١٣ کتێبێکی سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە نووسی، ئەم کتێبە شرۆڤەیەکی گرنگی هزری مارکسییە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی. ستالین لەم کتێبەدا، نەتەوە بەم شێوەیە پێناسەدەکا: "نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکی چەسپاو و دامەزراوە، لە مێژوودا پەرەیسەندووە و بەرهەمهاتووە، لەسەر بنچینەی زمانێکی هاوبەش، ناوچەیەکی هاوبەش، ژیانێکی ئابووریی هاوبەش، هەروەها پێکهاتەی دەروونیی تاکەکانیشی لە کولتوورێکی هاوبەشدا کۆدەبنەوە".[٢٩] لە هەمان کاتدا جەختی لەسەر ئەوەش

---

[٢٦] سرژ آفاناسیان، ارمنستان، آذربایجان، گرجستان: ١٣٧٠. ص٢٧٨.

[٢٧] بوونی کورد لە تورکەمەنستان، دەگەڕێتەوە بۆ کۆچپێکردنی بە کۆمەڵی کورد بۆ خوراسان لە کۆتایی سەدەی شازدەم لە سەردەمی شاعەباسدا. دەوڵەتی سەفەوی لە سەردەمی ئیسماعیلی سەفەوی (١٥٠١-١٥٢٤م)دا، ڕووبەڕووی هێرشی تورکمان و ئۆزبەک دەبووەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران. ئۆزبەکەکان دوای عوسمانییەکان دووەم نەیاری سەفەوییەکان بوون، چەندین جار هێرشیانکرد و ئەو ناوچانەی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانیان داگیرکرد. لەپێناوی پاراستنی ئەم سنوورانەدا، دەوڵەتی سەفەوی لە سەردەمی شاعەباس (١٥٨٨-١٦٢٩)دا بە هەزاران خێزانی کوردی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و قەفقاز و ئازەربایجانەوە، کە ئەوسا ئەم ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا بوون، کۆچ پێکرد بۆ خوراسان و لە شارەکانی قۆچان و شێروان و بوجنورد و سەبزەوار جێواریکردن. دواتر هەندێک لەم هۆزە کوردانە چوون بۆ تورکمەنستانی ئێستا و لە شاری عیشقاباد نیشتەجێبوون و کۆمەڵگەیەکی کوردییا لە وڵاتەکە پێکهێنا. دوای دامەزرانی دەسەڵاتی سۆڤیەت، ئەوانیش بوون بە پێکهێنەرێکی نەتەوەیی لە تورکمەنستان و یەکێتیی سۆڤیەت. بڕوانە:
کلیم الله توحدی، حرکت تاریخی کرد به خراسان، چاپ دوم، سازمان چاپ مشهد، مشهد، ١٣٧١، ص٣٤.

[٢٨] م. ئە. هەسراتیان، کوردی یەکێتیی سۆڤیەت، وەرگێڕانی بۆ کوردی: د. جەبار قادر، لە کتێبی: کوردستان و کورد، کۆوتاری کوردناسانی سۆڤیەت و ڕووسیا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢١، ل٤٢١-٤٢٢.

[29] Joseph Stalin, Marxism and the National Question, International publisher co., New York, 1942. p. 12

کردووەتەوە کە ئەگەر هەر یەکێک لەم تایبەتمەندییانە لە نەتەوەدا کەم بوو، ئەوا بە نەتەوە دانانرێ. هەروەها پێی وابوو ناسنامەی نەتەوە بۆ هەمیشە بە چەسپاوی نامێنێتەوە، بەپێی بارودۆخەکان گۆڕانی بەسەردادێ.[30]

سۆڤیەت بەم بنەما ئایدیۆلۆجییە، بەپێی بارودۆخی سیاسی و بەرژەوەندیی یەکێتیی سۆڤیەت و دەسەڵاتی لەنێو یەکێتییەکە و کۆمارەکانی سۆڤیەتدا، مامەڵەی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی دەگۆڕا. کورد لە سەرەتای بیستەکاندا لە لایەن دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتەوە وەک نەتەوە ناسرا، کە بە ڕووسی پێیدەڵێن نارۆد (*Narod*). بەڵام ئەم ناسنامە نەتەوەییە وەک پێویست مامەڵەی لەگەڵ نەکرا. بۆ نموونە، مافی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی کە بە ڕووسی پێیدەگوترێ (ئۆبلاست *oblast'* یا ئۆکروگ *okrug*) بە کورد نەدرا، ئەوەی کە سۆڤیەت لە کوردستانی سوریش لە ناگۆرنۆ – قەرەباغی ئازەربایجان ساڵی ١٩٢٣ بۆ کوردی دامەزراند، تەنیا یەکەیەکی ئیداری بوو، کە بەڕووسی پێیدەگوترێ (ئویەزد *Uezd*)؛ کە دواتر لە ١٩٣٠دا هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام بۆ مافی خوێندن بە زمانی کوردی لە قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندیدا، ڕێگەپێدراو بوو.[31]

سیاسەت و پلانی نوێی زمان لە سۆڤیەت، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پێشکەوتنی زمانی نەتەوە بچووکەکان لە سۆڤیەت هەبوو، هەر بۆیە زمانی کوردیش دوای ئەم گۆڕانە سیاسییە بەخێرایی بووژایەوە و گەشەی سەند. جێبەجێکردنی ئەم پلانە زمانییە، لە هەموو سەردەمێکدا وەک یەک نەبووە، بەپێی سەردەمی حوکمڕانیی سۆڤیەت گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە خوارەوە بەکورتی ئاماژە بە سێ سەردەمی حوکمڕانیی سۆڤیەت دەدەین، وەک بەرچاوڕوونییەک بۆ تێگەیشتن لە ڕەوشی زمانی کوردی لە سۆڤیت و ئەو سیاسەت و پلانە زمانییەی کە بۆ مافی نەتەوەکان جێبەجێدەکران.

**حوکمڕانیی لێنین:**

**مافی زمان بۆ هەموو نەتەوەکانی سۆڤیەت**

ڤیلادیمێر لێنین (١٨٧٠-١٩٢٤) یەکەم سەرۆکی حکوومەتی ڕووسیای سۆڤیەت بووە لە نێوان ١٩١٧ تا ١٩٢٤دا، ماوەی ١٩٢٢ تا ١٩٢٤ش سەرۆکی حکوومەتی هەموو یەکێتیی سۆڤیەت بووە. کۆمەڵێک بەرنامە و پلانی کولتووریی هەبوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی سۆڤیەت بە بیری سۆشیالیزم و ئامانجەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر پەروەردەبکا، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، دەبووایە نەخوێندەواری بنبڕبکا، کە سۆڤیەت ئەو کاتە ٦٠٪ی دانیشتووانەکەی نەخوێندەوار بووە.[32] سۆڤیەت لە سەردەمی لێنیندا پلانێکی ئابووری نوێی هەبوو، دەیویست کۆمەڵگەی سۆڤیەت بەرەو سۆشیالیزم ببا. بۆ ئەمە دەبووایە کۆمەڵگەیەکی خوێندەواری مۆدێرن بەرهەمبێنێ، هەر نەتەوەیەکیش بە زمانی خۆی. بۆ ئەم مەبەستە، پلانێکی زمانی و کولتووریی بۆ نەتەوەکانی نێو سۆڤیەت هەبوو، پێیدەگوترا کۆرێنیزاتاسیا korenizatsiia، واتە بەنەتەوەییکردن و بەخۆماڵیکردن. ئەم پلانە بەڕەسمی لە ١٩٢٣ دەستی پێکرد، ئامانجی ئەوە بوو نەتەوە غەیرەڕووسەکانی نێو یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی سۆڤیەتییان هەبێ، لە هەر کۆمارێک کەسانی ئیداری و تەکنیکی و ئەکادیمی لە ناوچەکەی خۆیان پێبگەیەنێ و بە زمانی خۆیان، هەموو کاروبارێکیش لە کۆمارەکاندا بە زمانی نەتەوەی کۆمارەکە و زمانە ناوچەییەکانی دیکەی ناو ئەو کۆمارە بێ. سیاسەت و پلانی زمان لە سۆڤیەت لەو سەردەمەدا ئەوەبوو نەتەوە بچووکەکان وەک نەتەوە گەورەکان مافی کولتووری و خوێندن بە زمانی خۆیان بۆ دابینبکرێ. ئەم بەرنامەیە بە گەرمی لە لایەن نەتەوەکانی سۆڤیەتەوە پێشوازیی لێکرا.

نێوان ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠، ١٣٠ زمان لە سۆڤیەت ئاخاوتنی پێدەکرا، لەم زمانانە، تەنیا ٢٠ زمان لە سەردەمی قەیسەرەکاندا ئەلفبێی نووسینیان هەبوو، ئەوانیدی تەنیا زمانی زارەکی بوون و خەت و ئەلفبێ و ئەدەبی نووسراویان نەبوو.[33] ئەم پلانە زمانییەی سۆڤیەت ڕێگەی خۆشکرد، زۆر لە زمانە بچووکەکان کە ئاخێوەرانیان بە ژمارە کەم بوون یا زمانی کەمینە نەتەوەکان بوون، لە لەناوچوون ڕزگاریانبوو، لە زمانی زارەکییەوە بوون بە زمانی نووسین و خوێندن. کوردیش یەکێک بوو لە نەتەوەکانی باشووری قەفقاز، ماوەی نێوان ١٩٢٨ تا ١٩٣٨ هەتا ڕادەیەکی زۆر لەم

30 Ibid. p.12.

31 Michiel Leezenberg, Soviet Kurdology and Kurdish Orientalism, in " The Heritage of Soviet Oriental Studies" 1st Edition, Routledge, 2011.. P. 89.

32 Alex Krouglov, Language planning and policies in Russia through a historical perspective. P. 8.

33 Jacob M. Landau, Barbara Kellner-Heinkele, Politics of language in the ex-Soviet Muslim states, Hurst and Company, London, 2001, P.51.

پلانە زمانییەی سۆڤیەت سوودمەندبوو، زمانی کوردی بووژانەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، کە لە بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیەدا بەدرێژی باسی‌دەکەین.

سیاسەتی سۆڤیەت لە بیستەکان‌دا بۆ کۆرێنیزاتسیا ئەوەبوو تا لە ڕێی پێدانی مافی زمانی و کولتوورییەوە بە نەتەوەکان، پشتگیریی نەتەوە غەیرەڕووسەکان بۆ حوکمڕانیی سۆڤیەت بەدەست بێنێ، بەتایبەت پشتگیریی چینە ڕۆشنبیرەکانیان. ئەم سیاسەتە پێی وابوو بە پێدانی مافی نەتەوەییی کولتووری، دەکرێ نەتەوەکانی سۆڤیەت لە نەتەوایەتیی سیاسی دوورکەونەوە. ئەم سیاسەتە لە بیستەکان‌دا جەختی لەسەر دەکرایەوە بۆ مافی نەتەوەکان، سەرەتا هەموو نەتەوەکان پێکەوە گەشەبکەن و دواتر تێکەڵبن و پێکەوە گرێدراوبن، ئەوجا لە کۆتایی‌دا هەموویان خۆ بە سۆڤیەتی بزانن و دوورکەونەوە لە نەتەوایەتیی بۆرجوازی[34]، کە لە دیدی مارکس‌دا، بەرهەمی قۆناغی سەرمایەدارییە و چینی بۆرجوازی پشتی دەگرێ. ئەم چینەش لە ڕێی نەتەوایەتییەوە جیاکاری و ڕەگەزپەرستی لە نێوان نەتەوە و ئەتنیک و ڕەگەز و نەژاد و دینەکان‌دا دروست‌دەکا و لە یەکیان دووردەخاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگە لە ململانێی چینایەتی و کۆسپ لە بەردەم یەکگرتنی چینی پرۆلیتاریای جیهانی‌دا دروست‌دەکا. هەروەها مارکس پێی‌وایە نەتەوایەتی بە تێپەڕبوونی کات لەبەین‌دەچێ و نامێنێ، چونکە ئایدیۆلۆجیای چینی بۆرجوازییە، کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی لە بەردەستە و چینی کرێکار دەچەوسێنێتەوە، دواتر لە ئەنجامی شۆڕشی چینی پرۆلیتاریادا، چینی بۆرجوازی لەناودەچێ و نەتەوایەتیش لەگەڵی کاڵ‌دەبێتەوە، بە تێپەڕبوونی کات لە پاشەڕۆژدا نەتەوە نامێنێ.[35]

لەم ڕوانگە ئایدیۆلۆجییە، سۆڤیەت مامەڵەی لەگەڵ نەتەوە و زمانی نەتەوەکان کردووە. وەک ئاشکرایە ئەم پلانە زمانییە، هەرچەندە سەرەتا کاریگەر بوو بۆ بووژاندنەوەی زمانی نەتەوەکان، بەڵام دەبووایە زمان ئامرازێک بێ بۆ خزمەت بە ئایدیۆلۆجیای حزب و دەوڵەت کە لەسەر بیری سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم بەڕێوەدەچوو. لەم ڕووەوە ستالین پێی وابوو پێویستە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەکان بە ڕواڵەت نەتەوەیی بێ، بەڵام پێویستە لە ناوەڕۆک‌دا سۆشیالیستی بێ.[36] ئەم بۆچوونە ئایدیۆلۆجییە، بەڕوونی دیارە کە پێشکەوتنی فەرهەنگی کوردی لە سۆڤیەت ئامانج نەبووە، بەڵکوو ئامانج بەکارهێنانی زمانەکە بووە وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی بیری سۆشیالیزم بە کورد و گەلانی سۆڤیەت.

لە لایەکی دیکەوە، پشتگیریی سۆڤیەت لە مافە کولتوورییەکانی کورد لەو سەردەمەدا، سیاسەتێکی دیکەی دەرەکیی هەبوو، دەیویست لەم ڕێگەیەوە پشتگیریی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ خۆی بەدەست‌بێنێ و دژایەتیی هێزە کۆلۆنیالییە ئەورووپییەکان بکا، دەیویست نیشانی‌بدا سۆڤیەت وەک هێزە کۆلۆنیالییە ئینگلیز و فەڕەنسییەکان نییە، کە کورد دەکەن بە ئامرازێک بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی سیاسەتی کۆلۆنیالیی خۆیان لە هەرێمەکە، هەروەها وەک ئەو دەوڵەت – نەتەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش نییە کە ئێران و عێراق و تورکیان، مافی نەتەوەی کورد زەوت‌دەکەن و هەوڵی تواندنەوەیان دەدەن.[37] ئەم ئامانجە سیاسی و ئایدیۆلۆجییانە هاندەر بوون بۆ سۆڤیەت بەو شێوەیەی کە خۆیان مەبەستیانە، پشتگیریی مافی زمان و کولتووری کورد بکەن، بۆیە هەر کاتێک ئەم مافانە ڕێگر بوون بۆ سیاسەت و ستراتیجیی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە ئاسانی و بێ هیچ دوودڵییەک هەموو مافەکانیان دەکێشایەوە یا قەدەغەیان‌دەکرد.

### حوکمڕانیی ستالین:
### سەردەمی تۆقاندن و سەرکوتکردن

بەرنامەی بەخۆماڵیکردن korenizatsiia لە سۆڤیەت هەتا ساڵی ١٩٣٧ بەردەوامبوو و هەنگاوێکی گەورە چووە پێشەوە، هەموو گەلانی سۆڤیەت بە کوردەوە لەم پلانە زمانییە سوودمەندبوون.

دوای مردنی لێنین ساڵی ١٩٢٤، جۆزێف ستالین بوو بە جێنیشینی لە یەکێتیی سۆڤیەت. ماوەی حوکمڕانیی ستالین هەتا ساڵی ١٩٣٦یش لەسەر ئەم پلانە بەردەوامبوو کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لێنین

[34] E.A. Rees, ‘Stalin and Russian Nationalism’, in Geoffrey, Hosking, and Robert, Service, (eds), Russian Nationalism, Past and Present (London, 1997) p.82

[35] Khiterer, V. (2004) 'Nationalism in the Soviet Union', in "Encyclopedia of Russian History", Macmillan Reference USA

[36] واسیلی نیکیتین، کرد و کردستان. ص٥٩٣.

[37] Harun Yilmaz, The Rise of Red Kurdistan, Iranian Studies, 47:5 Routledge, London, 2014. P.801.

بەرنامەیان بۆ داڕشتبوو. بەڵام دوای ئەوە گۆڕانێکی گەورە لە دەسەڵاتی ستالین دەستی پێکرد، کە بەرەو دیکتاتۆری و حوکمی تاکڕەوی چوو. ماوەی نێوان ١٩٣٧ تا ١٩٣٨، ئەم ساڵە لە سۆڤیەت بە سەردەمی تۆقاندن و تیرۆر دادەنرێ. ستالین بە دەستێکی ئاسنین حوکمی سۆڤیەتی کرد، سەرەتا پاکسازییەکی بەرفراوانی لە حیزبی کۆمۆنیست و دەسەڵاتدا کرد، ئازادیی سیاسی نەما و هەموو دەنگێکی ئازاد و ناڕەزایی کپکرا، بە هەزاران بەرهەڵست و ڕۆشنبیر تیرۆرکران یا خرانە کونجی زیندانەوە.

ستالین بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی، ناوچە سنوورییەکانی سۆڤیەتی لە دانیشتووان چۆڵکرد، بە بیانووی ئەوەی جاسووسی بۆ وڵاتە هاوسێکانیان دەکەن، دوورخرانەوە بۆ سیبریا و ئاسیای ناوەڕاست. نێوان ساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٤٤، بە زۆرەملێ خەڵکی کۆچ پێکرد و دوورخستەوە. ئەو گەلانەی کە بوون بە قوربانیی ئەم دوورخستنەوە و کۆچپێکردنە: فینلاندی، کۆری، یۆنانی، چیچانی، ئەنگۆشی، تورکی مەسخەتی (واتە تورکی گورجستان)، ئەڵمانی، پۆڵەندی، ئەرمەنی، بولگاری، تاتاری، کورد، مۆڵداڤی، بالکار.. تاد. ئامارەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە نزیک بە یەک ملیۆن و نیو لە گەلانی یەکێتیی سۆڤیەت بەزۆر کۆچیان پێکرا و لە زێدی خۆیان دوورخرانەوە بۆ هەرێمە جیاوازەکانی نێو یەکێتیی سۆڤیەت.[38] ئەم سەردەمە، کورد قوربانییەکی گەورەی ئەم سیاسەتی کۆچپێکردنە زۆرەملێیەی ستالین بوو، کە کوردی بە دوو جار ڕاگوێزاوە: جاری یەکەم ساڵی ١٩٣٧ کوردەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان، جاری دووەم ساڵی ١٩٤٤ کوردەکانی گورجستان بوون، بەزۆر کۆچیان پێکرا بۆ ئاسیای ناوەڕاست و لە قازاغستان و ئۆزبێکستان و قەرغیزستان جێگیرکران. هەر ئەو سەردەمە، ستالین ناوچە ئۆتۆنۆمییەکان هەڵوەشاندەوە، لەوانە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی (کوردستانی سۆر)یش لە قەرەباغ ساڵی ١٩٢٩ هەڵوەشایەوە. چالاکییە کولتوورییەکان و خوێندن بە زمانی نەتەوە بە ژمارە کەمەکانی وەک کورد، وەستێندرا، هەوڵدرا سۆڤیەت بەرەو بەڕووسیکردن ببرێ، زمانی ڕووسی وەک زمانی هاوبەشی سۆڤیەت بەسەر هەموو نەتەوەکانی سۆڤیەتدا سەپێندرا، ناسیۆنالیزمی ڕووسی کرا بە بەرنامە و ڕابەر بۆ هەموو گەلانی سۆڤیەت. حوکمڕانیی ستالین بوو بە حوکمڕانییەکی تۆتالیتێری پڕ لە زۆرداری و چەوسانەوە، ستالینیش سەرۆکێکی دیکتاتۆر. ڕاگەیاندنی وڵات خزمەتی بە ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیزم و سەرۆکەکەی کرد، گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی قوتابخانەکان بەئایدیۆلۆجیکران و پڕکران لە وێنەی ستالین و لینین، پرۆگرامی خوێندن، بابەتەکانی هەمووی ڕێکلام بوو بۆ بیری سۆشیالیزم و کۆڵخۆزات و چینی پرۆلیتاریا و سوپای سوور. هەر بە ئامانجی بەڕووسیکردن، ئەلفبێی کریلیی ڕووسی بەزۆر بەسەر نەتەوە غەیرەڕووسەکاندا سەپێندرا. نەتەوە تورکەکانی وەک ئازەری، ئۆزبێکی، قازاغی، قەرغیزی کە تازە هاتبوونە ناو یەکێتیی سۆڤیەت، دە ساڵێک بوو ئەلفبێیان گۆڕیبوو بۆ لاتینی. ئەمجارە ستالین بە بیانووی ئەوەی کە ئەم ئەلفبێ لاتینییە، ئەلفبێی ئیمپریالیزمە، بەزۆر ناچاریکردن ئەلفبێ بگۆڕن بۆ کریلی، بۆ ئەوەی بە ئەلفبێ لە زمانی ڕووسی نزیکببنەوە و تواندنەوەیان ئاسانبێ.[39] کوردیش هەر لەم کاتەدا بە هەمان شێوە، ناچارکرا ئەلفبێ لە لاتینییەوە بگۆڕێ بۆ کریلی.

ئەم سیاسەتەی ستالین لە سۆڤیەت کاریگەریی بۆ پلانی زمانەکەش هەبوو، ئەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هێنابووی بۆ مافی گەل و نەتەوەکان، هەمووی پێچرایەوە. چالاکییە کولتوورییەکانی کوردیش هەموو بەستران و قەدەغەکران. ئەم سیاسەتە پڕ لە توندوتیژی و تۆقاندن و پاکسازییە، هەتا مردنی ستالین ساڵی ١٩٥٣ و هاتنی خرۆچێڤ بۆ حوکمڕانیی یەکێتیی سۆڤیەت، بەردەوامبوو.

**حوکمڕانیی خرۆچێڤ: گەڕانەوە بۆ مافی کولتووری**

نیکیتا خرۆچێڤ لە ماوەی نێوان ١٩٥٣ تا ١٩٦٤دا سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت بوو. حوکمڕانیی خرۆچێڤ بۆ سۆڤیەت سەردەمێکی نوێ بوو، هەوڵی دا سەردەمی ترس و تۆقاندنی ستالین کۆتایی

38 Isabelle Kreindler, The soviet deported nationalities: A summary and an update, Soviet Studies, 38:3, (1986) p.387-405.

39 Peter Kenez, A History of the Soviet Union from the Beginning to the End, second edition, Cambridge University Press, UK. Pp. 119 -122.

پێبێنێ، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بە ئاشکرا ئیدانەی تاوانەکانی ستالینی کرد. چاکسازیی لە گەلێک بواردا کرد: زیندانە سیاسییەکانی بەردا کە ملیۆنێک خەڵکی سیاسی و ڕۆشنبیر لە زینداندا بوون، ئەو زوڵم و ناهەقییەی کە ستالین دژ بە نەتەوەکانی نێو سۆڤیەت ئەنجامیدابوون، هەوڵی دا ڕاستیبکاتەوە، یا قەرەبووی بکاتەوە. بڕیاری دا ئەوانەی کە دوورخراونەوە و لە تاراوگە دەژین، بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان. ئەوەبوو زۆرێک لەو نەتەوانە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، ئەوانەی ناوچەی ئۆتۆنۆمیشیان هەبوو، هەڵوەشاوە بوو، جارێکیدی بۆی گەڕاندنەوە، مافی خوێندن بە زمانی نەتەوە بە ژمارە کەمەکانیشی گەڕاندەوە، بۆ کوردیش ئەم مافە گەڕایەوە و دوای ١٩٥٥ جارێکیدی خوێندن بە کوردی دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەمجارە هەر بە ئەلفبێی کریلی بەردەوامبوو و تەنیا بۆ دەرسێکی زمان و ئەدەب بوو، چالاکیی کولتووریی وەک شانۆ و پەخشی ڕادیۆش گەڕایەوە، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و کتێبیش دەستی پێکردەوە. واتە جارێکیدی نەتەوەکانی سۆڤیەت بووژانەوە، بەڵام هەرگیز وەک سەردەمی پێشوو نەبوو کە مافەکان بە شێوەیەکی فراوان دەستەبەرکرابوون. ئەم سەردەمە بەم شێوەیە لە حکوومەتەکانی دواتری سۆڤیەتیشدا، هەتا ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، ئەو چەند مافە کولتوورییە بۆ نەتەوەکان بەردەوامبوو.


**کورد لە ئەرمەنستان**

وەک لەپێشدا ئاماژەی پێدرا، کوردانی ئەرمەنستان زۆربەیان ئەو هەزاران کوردە ئێزدییانەن کە لەبەر شەڕی ڕووسی - عوسمانی لە دوادوای سەدەی نۆزدەمدا و دواتریش لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لە زێدی خۆیان لە ناوچەی قارسی باکووری کوردستانەوە ئاوارەی ئەرمەنستان و گورجستان بوون. بۆیە لە ئەنجامی ئەم شەڕانەدا بە هەزاران کوردی ئێزدی لەسەر سنووری تورکیا و ڕووسیا کوژران و بە هەزاران منداڵی کوردیش بێ دایک و باوک بوون. هەتیوخانە لە چەند شارێکی ئەرمەنستان بۆ ئەم منداڵە هەتیوانە کرایەوە، یەکێک لەوانە لە شاری ئاشتاراک بوو، ٦٠ منداڵی هەتیوی ئێزدی لەو هەتیوخانەیەدا هەبوو. دوو لەم منداڵانە حەجییێ جندی (١٩٠٨-١٩٩٢) و ئەمینێ عەڤدال (١٩٠٦-١٩٦٤) بوون کە لەم هەتیوخانەیە گەورە بوون. جەردۆیێ گەنجۆ (١٩٠٤-١٩٤٥) و جاسمێ جەلیل (١٩٠٨-١٩٩٨) و ئوسڤێ بەکۆ (١٩٠٩-١٩٦٩) و چەندانیدی، ئەوانیش لە ئەنجامی شەڕ و ئاوارەییدا هەتیوکەوتن و لە هەتیوخانە گەورەبوون. دواتر ئەمانە کە گەورەبوون، چەند نووسەرێکی توانا و پڕبەرهەمیان لێ پەیدابوو و پێشخستنی زمان و ئەدەبی کوردییان لەم وڵاتە لەئەستۆگرت. بۆیە ئەو ئەدەبە کوردییەی کە ساڵانی سیی سەدەی بیستەم لە ئەرمەنستان هاتە بەرهەم، بە ئەدەبی سێوی یا ئەدەبی هەتیوان ناودەبرێ.[٤٠]

کۆمەڵگەی کورد لە ئەرمەنستان، سەرەتای سەدەی بیستەم کۆمەڵگەیەکی تەواو عەشایەری و نیمچەڕەوەند بوو، بەگشتی نەخوێندەوار بوو، چینی ڕۆشنبیری نەبوو، وەک ئەو چینە ڕۆشنبیرەی کە لە باکوور و باشووری کوردستان هەبوو. زمانی کوردی تەنیا زارێکی زارەکی بووە، خەت و نووسینی نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی سۆڤیەت و حکوومەتی ئەرمەنستان پشتگیریی مافە کولتوورییەکانی کوردیان کرد، ئەم کۆمەڵگە کۆچەرییە، کۆمەڵگەیەکی خوێندەواری لێ بەرهەمهات و کۆمەڵێک نووسەر و ئەدیب و شاعیر و پیاوی زانا سەری لێهەڵدا کە توانیویە بزاڤێکی فەرهەنگیی کوردی لە ئەرمەنستان بەرپابکا، لە زۆر ڕووەوە پێشەنگ بێ.

ئەو سەردەمە لە ناوەڕاستی بیستەکاندا لە کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەت، ژمارەی کورد ١٥ هەزار کەسێک بووە. ئەوانە زۆرینەیان کوردی ئێزیدی بوون، لە بیست گوندێکی سێ پارێزگای وڵاتی ئەرمەنستان نیشتەجێبوون، کە ئەم گوندانە هەتا ئێستاش وەک خۆیان ماون. لە پارێزگای ئاراگاتس، لەم گوندانە نیشتەجێن: ئەلەگەز، ڕیاتازە (قونداغساز)، ئاڤشێن، جاموشڤان، سیپان، دێرک (جەرجەریس)، میرەک، کارڤانسەرای، ئۆرتا چیا، سانگیار (کانیا شیر). لە پارێزگای تالین، لەم گوندانە نیشتەجێن: گەلتۆ، سۆریک، بایسز، حەکۆ، بەرۆژ، ئاڤ تۆنە، تیلک، قەبەخ تەپە. لە پارێزگای ئاشتاراک،

[٤٠] د. تۆسنێ ڕەشید، ئەدەبی کوردی لە یەکیەتی سۆڤیەت، گۆڤاری واتە، ژمارە (٣)، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٠٤.




نەخشەی ناوچە کوردنشینەکان لە باشووری قەفقاز

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەتا پێش شەڕی ناگۆرنۆ قەرەباغ لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا

سەرچاوە: Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan 1918 – 1985, Mellen Research University Press, San Francisco, 1992.

لەم دوو گوندە نیشتەجێن: شامیران، فێریک. بەڵام کوردانی موسڵمان لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئەرمەنستان کە هاوسنوورە لەگەڵ تورکیا، نیشتەجێبوون و ساڵی ١٩٣٧ زۆربەیان دوورخرانەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست. ئەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی کورد لە ماوەی سەدەیەکدا لە ئەرمەنستان نیشاندەدا[٤١]:

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئەرمەنستان |
|---|---|
| ١٩٢٢ | ٨٥٠٠ |
| ١٩٢٦ | ١٥٢٢٦ |
| ١٩٥٩ | ٢٦٠٠٠ |
| ١٩٨٩ | ٦٠٠٠٠ |
| ٢٠٢٠ | ٤٥٠٠٠ |

ئەم ئامارە نیشانی دەدا کە کورد لە ئەرمەنستان هەتا کۆتایی هەشتاکان، کە ژمارەیان ٦٠ هەزار کەس بووە، بە شێوەیەکی سروشتی زیادیکردووە، لە هەموو کوردی کۆمارەکانیدی باشتر بە زمان و فەرهەنگ و دانیشتووان خۆیان پاراستووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جوگرافیایەی کە لێی نیشتەجێن، لە سێ کۆمەڵە گوند کۆبوونەتەوە، پەرشوبڵاو نەبوونەوە وەک کوردی ئازەربایجان و گورجستان، پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان لەنێواندا بەهێزە و ژن و ژنخوازی لەناو خۆیاندا دەکەن و تێکەڵ بە بێگانە نابن، هەر بە زمانی خۆشیان قسەدەکەن و ئامادەنین بە هیچ هۆکارێک دەستبەرداری زمانەکەیان بن.

دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و شەڕی قەرەباغ، ژمارەیەکی زۆری نزیک بە یازدە هەزار کوردی موسڵمان ناچارکران ئەرمەنستان بەجێبهێڵن. ژمارەیەکی زۆری کوردی ئێزیدیش بەهۆی خراپیی باری ئابوورییەوە، ئەرمەنستانیان بەجێهێشت و ئاوارەی ڕووسیا بوون، بۆیە ئاماری

[٤١] بۆ ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئەرمەنستان سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:
Eskerê Boyîk, Çanda kurdên Sovêtê, Weşanên peywend, Çapa duyem, Îstanbul, 2019. R.43.
Garnik Asatryan, Victoria Arakelova, The ethnic minorties in Armenia, Yerevan, 2002. P.11.

کورد لەم وڵاتە لە دوای نەوەدەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو هاتووەتە خوارەوە بۆ ٤٠ هەزار کەسێک. لەم ئامارەی ئێستادا، تەنیا ١٥٠٠ کوردی موسڵمان ماوە، ئەوانی‌دی هەموویان کوردی ئێزیدین.

**ڕەوشی زمانی کوردی لە ئەرمەنستان**

لەنێو هەر سێ کۆماری باشووری قەفقازدا، کۆماری ئەرمەنستان مەڵبەندێکی گرنگی بووژانەوەی زمانی کوردی بووە. کورد لەم کۆمارە ڕۆڵێکی پێشەنگ و بەرچاوی لە بەکارهێنان و گەشەپێدانی زمانی کوردی‌دا هەبووە لە بواری جیاوازدا، وەک بەکارهێنانی لە بواری پەروەردەدا بە کوردی لە قوتابخانەکان، ڕۆژنامەگەری، بڵاوکردنەوەی کتێب، پەخشی ڕادیۆیی، هەروەها بەکارهێنانی لە بواری شانۆ و سینەماشدا. زمانی کوردی لەم وڵاتە، لە زمانێکی زارەکییەوە بوو بە زمانێکی خاوەن پلەوپایە و بەرهەمی ئەدەبیی نووسراو.

کوردی ئەم وڵاتە لە باکووری کوردستانەوە ئاوارەبوون، واتە لە وڵاتێک کە کوردستان نەبووە ئەوان تێیدا پەنابەر و کۆچبەر بوون، نیشتمانیان تەنیا کۆمەڵە گوندێک بووە لە ئەرمەنستان. ئەم ژمارە کەمە لە کورد، دەستەیەک لە ڕۆشنبیریان تێدا هەڵکەوتووە، بزاڤێکی گەورەی بووژانەوەی زمان و فەرهەنگی کوردییان لەم وڵاتە بەرپاکردووە، هەر بۆیە زۆربەی ڕۆشنبیرانی کوردی سۆڤیەت لە ئەرمەنستان پەیدابوون. هۆکاری ئەم گەشەکردنەش، دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزبوونی هەستی نەتەوەیی لەنێو کوردانی ئەم وڵاتە، هەروەها زۆرینەی کوردی ئەرمەنستان ئێزیدی بوون و دۆستایەتییەکی مێژوویی لە نێوان ئێزیدی و ئەرمەنی‌دا هەبووە.[٤٢]

نووسەری کوردی ئەرمەنستان، تۆسنێ ڕەشید، گەشەکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ئەرمەنستان و هەموو یەکێتیی سۆڤیەت بۆ سێ قۆناغ دابەش‌دەکا:

قۆناغی یەکەم: کرانەوەی قوتابخانە بە زمانی کوردی لە گوندی کوردان، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "ڕیا تازە" و پشتگیریی حکوومەت بۆ زمان و ئەدەبی کوردی. ئەم قۆناغە هەتا ساڵی ١٩٣٨ بەردەوامبوو.

قۆناغی دووەم: لە ساڵی ١٩٣٨ەوە دەستی پێ‌کردووە هەتا مردنی ستالین، ئەویش هەتا ساڵی ١٩٥٥ درێژەی‌کێشا. لەم قۆناغەدا زمان و ئەدەبی کوردی لە سەرانسەری یەکێتیی سۆڤیەت‌دا دامرکاوە بووە، هەموو چالاکییەکان قەدەغەکرابوون.

قۆناغی سێیەم: لە ساڵی ١٩٥٥ەوە دەستی پێ‌کردووە تا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت ساڵی ١٩٩١ بەردەوامبووە، کە قۆناغی ژیانەوەی زمان و فەرهەنگی کوردییە.[٤٣]

لەم باسەدا هەوڵ‌دەدەین تیشک بخەینە سەر قۆناغەکانی دەستپێک و گەشەکردنی زمانی کوردی لە ئەرمەنستان، لە بواری خوێندنی قوتابخانەکان، چاپەمەنی، ڕۆژنامەگەری، پەخشی ڕادیۆ، هونەری شانۆدا.

**گەشەکردنی زمانی کوردی لە بواری پەروەردەدا**

زمانی کوردی لە باشووری قەفقاز هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا سێ ئەلفبێی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە: ئەرمەنی، لاتینی، کریلی، دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت جارێکی‌دی گەڕانەوە بۆ لاتینی، واتە لە هەر قۆناغێکی گەشەکردنی زمان‌دا بە ئەلفبێیەک بووە. لە خوارەوە بەپێی قۆناغەکانی گۆڕینی ئەلفبێ، باسی پێشکەوتنی زمانی کوردی دەکەین.

**دەستپێکی خوێندن بە زمانی کوردی**
**بە ئەلفبێی ئەرمەنی ١٩٢١–١٩٢٩**

٢٣ی نیسانی ١٩٢١ کۆمیساریی ئەرمەنستان بڕیاری دا خوێندن لە هەموو قوتابخانەکانی کۆماری ئەرمەنستان بە زمانی دایک بێ.[٤٤] لە سەرەتای خوێندن‌دا بە زمانی کوردی لە ئەرمەنستان، کورد هیچ بنکەیەکی فەرهەنگیی لەم وڵاتە نەبووە، زمانەکەشی ئەلفبێی نەبووە، ئەو ئەلفبێیە عەرەبییە کە لە باکووری کوردستان بۆ نووسراوی ئەدەبی کلاسیکی بەکارهاتووە، لای کوردە ئێزدییەکان بەکارنەهاتووە. بۆیە ئەو زمانە کوردییە کە ئەوان قسەیان پێ‌کردووە، زمانێکی تەنیا زارەکی بووە و ئەلفبێی نەبووە، هەروەها خوێندەواری لەناویان‌دا نەبووە و مامۆستای زمانی کوردیشیان نەبووە بۆ ئەوەی

[٤٢] د. تۆسنێ ڕەشید، کوردی یەکەتیی سۆڤیەت، پێشتر و ئێستا. ل٤١.

[٤٣] د. تۆسنێ ڕەشید، ئەدەبی کوردی لە یەکەتیی سۆڤیەت. ل١٠١.

[44] Eskerê Boyîk, Çanda kurdên Sovêtê, Weşanên peywend, Çapa duyem, Îstanbul, 2019. R.44.

شاگردانی کورد لە قوتابخانە فێری زمانی کوردی بکەن. ئەم ئەرکە سەرەتا لە ئەستۆی چەند ئەرمەنییەکی خوێندەواردا بووە کە زمانی کوردییان باش زانیوە و لەم بوارەدا کارێکی پێشەنگیان ئەنجامداوە.

یەکەم ئەلفبێی کوردی لە ئەرمەنستان لەسەر بنەڕەتی پیتی ئەرمەنی بوو کە ساڵی ١٩٢١ لە لایەن ئەرمەنییەکی هاکۆب غازەریان (١٨٦٩-١٩٢٦) ناوەوە کە بە لازۆ ناسراوبوو، سازکرا. لازۆ، ئەرمەنییەکی خەڵکی بایەزید بوو و کوردی باش زانیوە و لەناو کوردان‌دا ژیابوو، شارەزای ژیان و فۆلکلۆری کوردان بوو، کتێبە ئەلفبێیەکەی بە ناوی "شەمس"ەوە ناسراوە. ساڵی ١٩٢٢ لە هەتیوخانەی ئاشتاراکی ئەرمەنستان ،یەکەم قوتابخانەی کوردی کرایەوە، بەم ئەلفبێیە زمانی کوردی خوێندراوە. دواتر قوتابخانە لە گوندە کوردنشینەکانی ئەرمەنستان کرایەوە، مامۆستاکانیش زۆربەیان ئەو ئەرمەنییانە بوون کە لە باکووری کوردستانەوە ئاوارەبوون و زمانی کوردییان باش زانیوە، بوون بە مامۆستا و دەرسی زمانی کوردییان داوەتەوە. لە ساڵی ١٩٢١ لە گوندی کوردان لە ئەرمەنستان ٥ مەکتەب (قوتابخانە)ی کوردی کرانەوە، ٢٦٧ شاگرد(قوتابی) هەبوو، بۆ ساڵی فێربوونی ١٩٢٥ – ١٩٢٦ ژمارەی مەکتەب گەیشتە ١٠ مەکتەب و ٥٢٠ شاگرد، هەتا ساڵی ١٩٢٧ بوو بە ١٣ مەکتەب.[٤٥] هەر لەم ماوەیە ئەلفبێی ئەرمەنی لە گورجستانیش بۆ خوێندنی کوردی کاری پێ دەکرێت، کە دواتر لە بەشی زمانی کوردی لە گورجستان باسی لێوە دەکەین.

ئەم ئەلفبێیە هەتا ساڵی ١٩٢٩بەردەوام بووە، لە چەند قوتابخانەیەک بەم ئەلفبێیە دەرسی زمانی کوردی دەدرایەوە، بەڵام کتێبی چاپکراو بەم ئەلفبێیە نەبووە، تەنیا کتێبێکی فێربوونی ئەلفبێ بووە، بە ناوی (شەمس) کە تەنیا ڕێبەرێک بووە بۆ فێربوونی خەت و نووسینی کوردی. ئەم قۆناغە لە ئەرمەنستان بۆ خوێندن بە ئەلفبێی ئەرمەنی، قۆناغێکی سەرەتایی و بنچینەیی بووە بۆ گواستنەوەی زمان لە زارەکییەوە بۆ نووسین و پێشخستنی زمان و خوێندەوارکردنی کورد، کە ئەو کاتە ڕۆڵێکی پێشەنگ و بنچینەیی هەبووە.

45 Çavkanî berî. R.44.

**گۆڕینی ئەلفبێ لە ئەرمەنییەوە بۆ لاتینی ١٩٢٨–١٩٤١**


بەردەوامبوونی خوێندن بە ئەلفبێی ئەرمەنی سەخت بوو، چونکە ئەم ئەلفبێ ئەرمەنییە تەواو پڕاوپڕی هەموو فۆنێمەکانی زمانی کوردی نەبوو، کەموکووڕیی هەبوو، هەروەها ئەم ئەلفبێیە تەنیا کوردانی ئەرمەنستان قبووڵیان‌دەکرد، بەڵام بۆ کوردی هەرێمەکانی دیکەی ناو یەکێتیی سۆڤیەت وەک ئازەربایجان و گورجستان و تورکەمەنستان، کە پێی ئاشنانەبوون، قبووڵنەدەکرا.[٤٦] بۆیە هەوڵدرا ئەلفبێی ئەرمەنی واز لێبێنن و لاتینی بەکاربێنن، کە ئەو سەردەمە، لاتینی ئەلفبێیەکی جیهانی و ڕەمزی پێشکەوتن بوو. ساڵی ١٩٢٥ لە کۆبوونەوەیەکی کوردانی نەپارتیڤانی ناحیەی حاجی خەلیلێ، داوا لە حکوومەتی ئەرمەنستان کرا، ڕێگەبدا بە سازکردنی ئەلفبێ لەسەر پیتی لاتینی بۆ نووسینی کوردی.[٤٧]

ئەوەی زیاتر هانی کوردی دا بۆ گۆڕینی ئەلفبێ بۆ لاتینی، ئەو شەپۆلی بەلاتینیکردنە بوو کە ئەو کاتە هەموو دنیای تورکی گرتبووەوە، هەر لە ئاسیای ناوەڕاستەوە تا قەفقاز و تورکیای نوێ. سەرەتای ئەم گۆڕینە لە ئازەربایجان دەستی پێ‌کرد، کە کۆنگرەی تورکناسی ساڵی ١٩٢٦ لە باکۆ بەسترا. سەرجەمی نەتەوە تورکی‌زمانەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لەم کۆنگرەیەدا بڕیاریان دا واز لە ئەلفبێی عەرەبی بێنن و ئەلفبێی لاتینی بەکاربێنن.[٤٨]

ئەم شەپۆلە، کوردیشی گرتەوە. ساڵی ١٩٢٨ ئیسحاق مارۆگولۆڤ Isahak Marogulov (١٨٦٨-١٩٣٣) (کە مەسیحییەکی ئاشووری بوو) و عەرەب شەمۆ (١٨٩٨-١٩٧٨)، ئەلفبێیەکی نوێیان لەسەر بنەڕەتی ئەلفبێی لاتینی دانا. ئەم ئەلفبێیە هەموو کوردانی قەفقاز و تەنانەت کوردانی تورکەمەنستانیش قبووڵیان‌کرد و هەتا ساڵی ١٩٣٨ پێی‌خوێندرا و کتێبی پێ چاپکرا.

ئەم ئەلفبێ لاتینییە، پێش ئەلفبێ لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخانە، ئەوەی بەدرخان ساڵی ١٩٣٢ بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری "هاوار"دا بڵاوکرایەوە، واتە ئەلفبێی لاتینیی کوردانی قەفقاز چوار ساڵ پێش ئەلفبێی لاتینیی بەدرخان کەوتووە.

46 Eskerê Boyîk, Çanda kurdên Sovêtê. R.45.
47 Çavkanî berî. R.45.
48 Ayca Ergun, Politics of Romanisation in Azerbaijan (1921–1992), Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain & Ireland ( Third Series), Cambridge University Press, 2010. pp.37-38.











کتێبی (شەمس) بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بە ئەلفبێی ئەرمەنی سالی ١٩٢١ لە لایەن لازۆوە دانراوە










ئیسحاق مارۆگولۆڤ، خۆ- خۆ هینبوونا خۆندنا نڤیسارا کورمانجی، ڕەوان، ١٩٢٩

لە بەراوردێکی ئەم دوو ئەلفبێ لاتینییەدا، بە ڕوونی دیارە کە چەندین پیتی جیاوازی هەبووە و لە ئەلفبێی لاتینیی "هاوار"دا نەبووە، ئەم پیتانەش هەندێکیان لە ئەلفبێی کریلی وەرگیراون و لەگەڵ لاتینییەکە گونجێندراون. ئەو پیتانەی کە لە ئەلفبێی "هاوار"دا نین و لە ئەلفبێی

مارۆگولۆڤدا هەبوون یا پیتەکانیان جیاوازبوون، ئەمانەن: پیتی Ƶ بۆ فۆنێمی (ژ)، دانراوە وەک ژن ƶƅn، پیتی ə بۆ (ە) وەک کەو kəw، ئەز əz، پیتیy بۆ (و یان وو) وەک گوند gynd، پیتی c بۆ (چ)، وەک چەڤ cəv ، چەوا cəwa، پیتی ç بۆ (ج) وەک کورمانج kyrmanç، پیتی j بۆ (ی) وەک هەیە heje، یەک jek، پیتی e بۆ (ێ) وەک ڕێ re، پیتی ə́ بۆ (ع)، وەک جماعەت çƅmaə́t، عەرد ə́rd، پیتی ɑ بۆ (غ) وەک کاغەز kaɑəz، پیتی ħ بۆ (ح) وەک حکوومەت ħykymət، پیتی ƅ بۆ بزرۆکەی (i) وەک چاندن candƅn، هرچ hƅrc.


ئەم ئەلفبێیە، بێجگە لە پیتە لاتینییەکان، ئەو پیتانەی کە هەموارکراون بۆ فۆنێمەکانی دەنگسازیی کوردی تەنیا سێ پیتی لەگەڵ ئەلفبێی "هاوار" هاوبەشبووە، کە ئەمانەن: پیتی q بۆ (ق)، x بۆ (خ)، ş بۆ (ش). بەڵام هەرسێ فۆنێمی (ح) و (ع) و (غ) کە لە ئەلفبێی "هاوار"دا پیتی بۆ نییە، لە لاتینیی ماروگولۆڤدا پیتی بۆ هەبووە. بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم ئەلفبێ لاتینییە باشتر خۆی گونجاندووە لەگەڵ سیستەمی دەنگسازیی لەهجەی کوردیی باکوور تا ئەو ئەلفبێ لاتینییەی کە ئێستا لە باکوور و ڕۆژئاوا بەکاری‌دێنن و ئەم سێ پیتەی کەمە.

ئەلفبێی نوێ زەمینەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە قاڵبی ئەم ئەلفبێیەدا گەشەبکا و کتێبی قوتابخانەکانی پێ بڵاوبکرێتەوە و لە هەمان کاتدا نەخوێندەواریش لەنێو کۆمەڵگەی کوردی‌دا بنبڕبکرێ، کە پلانی دەسەڵاتی سۆڤیەت بوو نەخوێندەواری لە سەرانسەری یەکێتیی سۆڤیەتدا نەهێڵێ، خەڵکەکەش بە بیری مارکسیزم – لێنینزم و کۆمۆنیزم پەروەردەبکا. هەر بۆیە لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا، خوێندەواری بە خێرایی لەنێو کورددا بڵاوبووەوە.



لاپەڕەیەک لە کتێبی (خۆ– خۆ هینبوونا خۆندنا نڤیسارا کورمانجی) بە ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینی.

ئەم ماوەیە هەتا ساڵی ١٩٣٨، کورد، مافی هەبوو هەموو بابەتە دەرسییەکانی قوتابخانە لە هەموو قۆناغەکاندا بە کوردی بخوێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش دەبووایە کتێبەکانی قوتابخانە تەرجەمەی کوردی بکرێن یا بنووسرێن. هەر بۆیە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک کتێبی دەرسی بۆ هەردوو بابەتی زانستی و مرۆیی تەرجەمەی کوردی کراون، کە دواتر لەم توێژینەوەیەدا، لە بەشی گەشەکردنی زمان لە بواری چاپەمەنیی کتێبدا، بەدرێژی باسی‌دەکەین. زاراوەی ئەم بابەتە زانستییانەش بە کوردی دانراون، کە بێگومان ئەمە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئەم زارە کوردییە پرۆسەی بەستانداردکردنی دەستپێبکا و کتێبی خوێندن و



9. MOZ U HЬRC

Dь kuraja meşəda, nav qəfa dareda. moze zь xwəra helunək cekьrьbu, dь hyndyrda çuçək dərxьstьbu u bь hьngьve şirьn govək hunabu.

Əz nьzam rozəke cəwa, hьrce bin hьlani, bina hьngьve təzə.

Kьrə hьrьmə—hьrьm, kьrə pьnta—pьnt, lь bər dare səkьni u ləped xwə be təwşə lь sty helune dani.

Moze kьrə vьngə—vьng, çuçьke we zi pera, le hьrce ləpe xwə bь gьnçi zь helune hьlnəkьşand. Əwe zь həv vəzənd təmamija helune u çuçke moze təv hьnçьrrandьn, hьngьve şirьn dь sər dьle xwəda kьr.

Gava ky moze çuçke xwə dь bьn ləpe ve hьrea zalьmda dit, we kьrə vьngin u bь cəve hьreeva ysa vəni, wəki çibьçi hьre zi lь bьn dare vələzija be dəng u be sədə.

10. SƏ U PЬŞIK

Wəxtəke pьşik tərzi bu,
Səre sə zi kym tynəbu.
Le nьzanьm zь kedəre,
Dəst xьstьbu postəki bərxe;
U rozəkə zьvьstane,
Bьr çəm pьşike poste bərxe.
— Roza tə bь xer, hosta pəşo,
Səre mьn sərma kьr, bo xwəde bə,
Hane əvi posti u zь mьnra,
Kyməki bьdьru səre mьnra.

12

Bona pəra ty arxajin bə,
Həma, həma zəf dərəng nəexi.
— Sər cəve mьn, xale kueьk,
Kyməkə, xwə kyrkək ninə?
Bona xatьre təji dəlal
Roza inije wərə bьbə.

Bona pəra cь lajiqə,
Xəbərdan zi nav məda, şərmə,
Cь təştəki məzьnə, lo malava,
Hər təne həqe kyməki.
Inije, xale kueьk
Peşija hoste xwə dьhəzinə
Gьrmina wijə gьran u məzьn,
Sər şemika hostə səkьnijə:

— Kane hostə? kane papaxe mьn...?
Hьnəki bьsəkьnə we nьha be".
Hosta we hat kyrki lejə,
Sə dit. bьn şamele xwəva,

13

Hatijə qəbulkьrьne zь alije Komisariata Ronkaja ÇЬM ÇŞSE.

KЬTEBA

ZЬMANE KYRMANÇI

Bona dərsxana dyda

Hazьr kьrьn: H. ÇЬNDI U Ç. GENÇO

NƏŞRA HYKYMƏTA ÇŞS ERMƏNIE
EREVAN 1937

کتێبا زمانێ کورمانجی، بۆنا دەرسخانە دودا، حازر کرن: حەجییێ جندی و جەردۆیێ گەنجۆ، ڕەوان، ١٩٣٤.

پەروەردە بە زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو ئامادەبکرێ.

ئەم ماوەیە هەتا ساڵی ١٩٣٨، کورد، مافی هەبوو هەموو بابەتە دەرسییەکانی قوتابخانە لە هەموو قۆناغەکاندا بە کوردی بخوێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش دەبووایە کتێبەکانی قوتابخانە تەرجەمەی کوردی بکرێن یا بنووسرێن. هەر بۆیە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک کتێبی دەرسی بۆ هەردوو بابەتی زانستی و مرۆیی تەرجەمەی کوردی کراون، کە دواتر لەم توێژینەوەیەدا، لە بەشی گەشەکردنی زمان لە بواری چاپەمەنیی کتێبدا، بەدرێژی باسیدەکەین. زاراوەی ئەم بابەتە زانستییانەش بە کوردی دانراون، کە بێگومان ئەمە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئەم زارە کوردییە پرۆسەی بەستانداردکردنی دەستپێبکا و کتێبی خوێندن و پەروەردە بە زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو ئامادەبکرێ.

هەر ئەم ئەلفبێ نوێیە ئاسانکاریی کرد بۆ بڵاوبوونەوەی کتێبی پرۆگرامی خوێندن لە ئازەربایجان و تورکەمەنستانیش، کە لەوێش بۆ یەکەمجار بە زمانی کوردی دەستکرا بە خوێندن. ساڵی ١٩٣٠ هەتا ساڵی ١٩٣٨، لە ئازەربایجان بە زمانی کوردی ٢٦ کتێبی پرۆگرامی خوێندن و ئەدەبیات، لە تورکمەنستانیش ٨ کتێب چاپبوون.[49]


هەر ئەم ماوەیە ژمارەیەکی بەرچاوی قوتابخانە لە گوندە کوردنشینەکان کرایەوە. ساڵی ١٩٣٢ ژمارەی قوتابخانەی کوردی لە ئەرمەنستان گەیشتە ٣٥ قوتابخانە و ٢٠٥١ قوتابی.[50] لە وتارێکی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی "ڕیا تازە"دا ساڵی ١٩٣٥ ئاماژە بەوە دراوە کە قوتابخانە لە هەموو گوندە کوردنشینەکان کراوەتەوە.[51] کرانەوەی قوتابخانە لە هەموو گوندێک، بەڵگەی ئەوەیە کە هەڵمەتێکی چڕ لەئارادابووە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لەنێو خەڵکی شار و گوندنشیندا، هەر نەتەوەیەکیش بە زمانی خۆی. ئەگەر بەراوردێک بکەین لەگەڵ بارودۆخی گوندەکانی باشووری کوردستان لەم ساڵانەدا، کە قوتابخانە بەدەگمەن نەبێ لە گوندەکاندا نەبووە، تەنانەت لە شار و شارۆچکەکانیش قوتابخانە کەمبووە، ئەوجا دەتوانین لەو هەڵمەتە تێبگەین کە سۆڤیەت دەستی پێکردبوو بۆ بنبڕکردنی نەخوێندەواری. هەروەها ئەوەش دەردەخا کە حکوومەتی ئەرمەنستان هیچ بەربەستێکی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی دروستنەکردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێک مامۆستا و نووسەری ئەرمەنیش لەم

[49] Eskerê Boyîk, Ji dîroka elfebên kurdî li Ermenistanê, kovara Dilop, Hejman 15, Tirmeh-Tebax (Temmuz-Ağustos) 2020. R.42

[50] Çavkanî berî. R.42.

[51] Metin Yüksel, Dengbej, Mullah, intelligentsia: The survival and revival of the Kurdish-Kurmanji language in the Middle East, 1925—1960, Ann Arbor, United States. 2011. P.322.

پرۆسەی خوێندندا بە کوردی بەشدار و هاوکار بوون. ئەمەش بەڵگەیە کە حکوومەتی ئەرمەنستان هیچ هەوڵی‌نەداوە کورد لە ئەرمەنستان ئەسمیلەبکا، وەک ئەوەی لە ئازەربایجان ئەسمیلەکردنی کورد هەبووە.



S. SALIBEGJAN u H. XACATRJAN.


ĶŢEBA MAŢEMATIKAJE

SALA PENÇA XYƏNDЬNE

Hazьr kьr K. ERISJAN.

Nəşra Hykmata Şewra Ermənistane
Sektora nəşra hin bun u pedagozije.

RƏWAN 1932



GOVƏK, NIVE GOVƏKE

Sьhət— govəkə, Təkərə govəkə.

1. Van şьkьla bьnerə idi cь tьştira əm dьkarьn govək bezьn.

2. Şьkьle ləmpe, tьramve mişine, gylə agьr kьrьne bьkşinə.

3. Bь çəqiza cənd gьvəka dora stəkane bьkşinьn. formэkə we bьdə wan govəka.

4. Zь kaqьze rəng rəngi dy govəke wəkə həv bьbьrə. Wan govəka nivikə. Kərie govəke rəng rəngi jək bьkə, wəki bьstini jək təmam.

5. Van rəqəma bьnvisə

2—817 15

کتێبا ماتەماتیکایێ، سالا پەنجا خوەندنێ، حازر کر: ک. ئێریسیان، ڕەوان، ١٩٣٢

هەنگاوێکی گرنگی پێشکەوتنی زمانەکە، زاراوەسازیی زانستی بووە، کە دانانی ئەم زاراوانە ڕێگەی خۆش‌کردووە کتێبی جیاوازی زانستیی پێ تەرجەمەبکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک دانراوە بۆ زاراوەسازیی زانستی و تەکنەلۆجی. ئەم لیژنەیە ئەرکی تەرجەمەکردنی زاراوە بووە لە زمانی ئەرمەنی و ڕووسییەوە بۆ کوردی. ساڵی ١٩٣٦ ئەم لیژنەیە نامیلکەیەکی دەرکردووە، ١٥٠٠ زاراوەی زانستیی وەک زاراوەی فیزیایی، کیمیایی، ئەلەکتریکی، میکانیکیی لەخۆگرتووە. ئەوانەی کە ئەرکیان دانانی زاراوەی نوێ بووە لەم لیژنەیەدا، ئەمانە بوون: جەردۆیێ گەنجۆ، حەجییێ جندی، ئەمینێ عەڤدال، جاسمێ جەلیل، وەزیرێ نادر، ڤ. پەتۆیان.[52]

ساڵی ١٩٣١ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان (پێداگۆگی) کە ناوی (تێخنیکوما کورمانجا) بوو لە یەریڤان کرایەوە. لەماوەی نێوان ١٩٣١–١٩٣٢ ژمارەی قوتابییانی بەشداربوو ٦٠ قوتابی بوو، لە ساڵانی دواتر هەتا ساڵی ١٩٣٦ هەر ساڵەی١٠٠–١٦٠ قوتابی بەشدار بوون. حەجییێ جندی، نووری، وەزیرێ نادر، کیراکۆس یەریتسیان، لەو مامۆستایانە بوون کە لەم پەیمانگایە دەرسیان داوەتەوە. لە نێو ئەم قوتابییانە ژمارەیەک ئافرەتیش بەشدار بوون بەڵام ژمارەیان کەم بووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٣٤ تەنیا سێ ئافرەت هەبووە. لە یەک لە ژمارەکانی "ڕیا تازە"دا ئافرەتێک بە ناوی گۆهارا حاجۆوە، وتارێکی سەبارەت بەم پرسە نووسیوە. ژمارەیەک لەم دەرچووانە وەک مامۆستای زمانی کوردی نێردراون بۆ ناوچەی‌دی لە باشووری قەفقاز، کە دانیشتووانی کوردی لێ نیشتەجێ‌بوون. بۆ نموونە، هەر ئەو ساڵە ١٩٣٤، ١٦ کادر نێردراون بۆ نەخچیوان و ٨ کادر بۆ ئاجارستانی ئازەربایجان.[53] ئەم ژمارەیە نیشانی‌دەدا کە لە ماوەی شەش ساڵدا نزیک بە ٤٠٠ مامۆستا لەم پەیمانگایە ئامادەکراون بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکان بە کوردی دەرس‌بڵێنەوە.

ئەم زارە کوردییە لە کاتێکدا لە باکووری کوردستان بەتوندی قەدەغەکراوە و ڕێگەنەدراوە گەشەبکا، بەڵام لە ئەرمەنستان زۆر بەخێرایی گەشەی‌کردووە. هۆکاری گەشەکردنی وەک دیارە

[52] Ibid. P.305.
[53] Metin Yüksel, Dengbej, Mullah, intelligentsia. P.319 -320.

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە سیاسییە یا ئەو پلانە زمانییە کە سۆڤیەت هەیبوو بۆ زمانی نەتەوە بچووکەکان لە چوارچێوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا.

لە لایەکی دیکەوە، داتاکانی قوتابی و قوتابخانەکان و ناونیشانی کتێبە چاپکراوەکانیش، نیشانیدەدەن کە کۆمەڵگەیەکی عەشایەری و کۆچەری، چەندە بەخێرایی بە زمانی خۆیان خوێندەوارکراون، پاشان کۆمەڵێک نووسەری توانا و خوێندەواریش لەم قوتابخانانە بە زمانی کوردی پەروەردەبوون، درێژەیان بە کاروانی گەشەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی داوە لە ئەرمەنستان و هەموو سۆڤیەت.





کۆڵخۆزڤانێ دەربدار، ئەلیفبا، بۆنا مەزنا، حەجیێ جندی، رەوان، ١٩٣٣.

**کۆنفرانسی زمانی کوردی لە یەریڤان ساڵی ١٩٣٤**

گەشەکردنی زمانی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان و فراوانبوونی ئەرکەکانی لە ئەرمەنستان و کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەت کە کوردی لێنیشتەجێن، پێویستی بە پلان و نەخشەی زمان هەبووە، بۆ ئەوەی زمانەکە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانە هەنگاوهەڵگرێ و پلانێک هەبێ بۆ یەکخستن و پێشخستنی، هەروەها ئەو کێشە و گرفتە زمانییانەی کە هاتوونە بەردەم پێشکەوتنی زمانەکە وەک کێشەی بەستانداردکردن و زاراوەسازی و رێنووس، پێویستیان بە بەستنی کۆنفرانسێکی زمان بووە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسانە و سازکردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی بۆ هەموو کورد لە سۆڤیەت.

مانگی ئەیلولی ١٩٣٤ کۆنفرانسی زمانی کوردی لە یەریڤان بەسترا و شەش رۆژی خایاند و ٩٠ نوێنەری کورد لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان و تورکەمەنستانیشی تێدا بەشداربوون، وێڕای بەشداریی چەند کوردناسێک لە لێنینگراد و مۆسکۆ. لەم کۆنفرانسەدا لەسەر چەند پرسێکی زمانەوانی وتوێژکراوە، وەک زمانی ستاندارد، رێزمان، ئەلفبێ، رێنووس، زاراوەسازی.[54]




برۆشوری (کۆنفەرانسا زمانزانێ کورمانجا)، رەوان (یەریڤان)، ١٩٣٤.

ئەوانەی کە بە وتار و توێژینەوە بەشداری کۆنفرانسەکە بوون، وەک پرۆفیسۆر خاچاتریان، قسەی لەبارەی زارە کوردییەکانەوە کردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە کورد پێویستی بە زمانێکی یەکگرتوو هەیە بۆ کۆمەڵانی کرێکار و رەنجدەری خۆی بە ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی. ئۆهانسانیان ئاماژەی بەوە داوە کە نابێ کۆکردنەوەی فۆلکلۆر بە تەنیا لە ئەستۆی ئینستیتوتێکدا بێ، بەڵکوو پێویستە رۆشنبیران و مامۆستایانیش فۆلکلۆر کۆبکەنەوە. لە وتارێکیدیدا ئاماژە بە هەردوو سەرچاوەکانی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی دراوە، هەروەها باسی ئەلفبێ لاتینیی "هاوار" و بڵاوکراوەکانی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەتیش کراوە کە پێویستە سوودیان لێوەربگیرێ،

[54] Eskerê Boyîk, Çanda kurdên Sovêtê. R.48–49.

بەڵام بە ئاگایییەوە و نەک بۆ هەموو شتێک. هەروەها ئاماژەی پێدراوە کە زمانەکە پەتیبکرێ و وشەکانی ئەرمەنی و فارسی و گورجی و ڕووسی و عەرەبی و تورکی لابدرێن. وتارێکی ئەمینێ عەڤدال ئاماژەی بەوە داوە کە نووسینی زمانی کوردی پێویستە لەسەر بنەڕەتی قسەکردن بێ. حەجییێ جندی وتارێکیداوە سەبارەت بە کۆکردنەوەی فۆلکلۆر. جەردۆیێ گەنجۆی سەرنووسەری "ڕیا تازە"، زانیاریی داوە لەبارەی کارەکانی "ڕیا تازە"وە. جاسمێ جەلیل وەک نووسەری کتێبی کوردی لە سییەکاندا، زانیاریی لەبارەی چاپ و بڵاوکردنەوە و تیراژی کتێبی کوردی داوە. ڕوبێن درامبیان وتارێکی سەبارەت بە ڕێنووسی کوردی پێشکەشکردووە. لە کۆتاییشدا بڕیاریانداوە ساڵی داهاتوو (١٩٣٥) کۆنفرانس لە ئازەربایجان ببەسترێتەوە.[55]

لەم کۆنفرانسەدا چەند بڕیارێک دراوە، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون، یەکەم- لەمەڕ یەکلاکردنەوەی زمانی ستاندارد، هەموو نوێنەران بە یەکدەنگ بڕیاریان داوە شێوەزاری کوردیی کوردانی ئەرمەنستان بکرێ بە بناغە بۆ زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی، کە ئەمە گرنگترین بڕیار بووە بۆ ئەوەی هەموو کورد لە سۆڤیەت یەک زمانی نووسینی هەبێ بە بنزار و شێوەزارە ناوچەییەکان نەنووسرێ؛ دووەم- دامەزراندنی ناوەندێکی کوردناسی لە سەرتاسەری یەکێتیی سۆڤیەت بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی زمان و ئەدەبی کوردی؛ سێیەم- کردنەوەی بەشێکی کوردناسی لە پەیمانگای دەوڵەتی لە یەریڤان؛ چوارەم- دانانی چەند لیژنەیەک بۆ زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی و ڕێنووس و زاراوەسازیی زمانی کوردی؛ پێنجەم- سوودوەرگرتن لە وشە و زاراوەی زمانی کوردیی کوردانی ئازەربایجان و گورجستان و تورکمەنستان؛ شەشەم- بەستنی کۆنفرانسێکی دیکەی زمان لە ساڵی داهاتوو (١٩٣٥)دا لە ئازەربایجان.[56]

ئەم کۆنفرانسە ڕووداوێکی گرنگی زمانی کوردییە و بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە یەکەم کۆنفرانسی زمانی کوردییە، لەسەر ئاستی هەموو کوردستان، کە بۆ پرسی زمان و یەکخستنی بەسترابێ و هەنگاوێکی گرنگیش بووە بۆ یەکخستن و پێشخستنی زمان؛ بە یەکەم کۆنفرانسی زمانیش دادەنرێ لە مێژووی زمانی کوردیدا، کە باسی کێشەکانی زمانی کوردیی تێدا کراوە و هەموو نوێنەرانیش یەکدەنگ بوون بۆ چارەسەری پرسە زمانییەکان، بەتایبەت لە یەکلاکردنەوەی زمانی ستانداردی نووسیندا کە لەسەر بنچینەی کام شێوەزار بێ. سەرەتای نووسین و پێشکەوتنی زمانی کوردی لەناو کوردانی ئەرمەنستان دەستی پێکردبوو، هەر بۆیە هەموو نوێنەران پێیان باشبووە ئەم شێوەزارە بکرێ بە بنچینە بۆ ئەم زمانە ستانداردە کوردییە. کوردانی سۆڤیەت هەرچەندە هەموو ئاخێوەرانی سەر بە یەک زاری سەرەکیی کوردین کە کوردیی باکوورە، بەڵام شێوەزاری جیاوازی ناوچەییان هەبووە، بەتایبەت شێوەزاری کوردیی کوردانی قەرەباغ کە زۆربەیان لە ئێرانەوە هاتوون و کوردانی تورکەمەنستان کە لە سەدەی شازدەمەوە لە باکووری کوردستانەوە کۆچیان پێکراوە بۆ خوراسان و شێوەزارێکی تایبەتیان هەیە و جیاوازە لەگەڵ شێوەزاری کوردانی قەفقاز. کوردانی ئەرمەنستانیش زۆربەیان لە ناوچەی قارسەوە هاتوون، ئەوانیش خاوەنی شێوەزارێکی دیکەی کوردیی باکوورن، بەڵام لەم کۆنفرانسەدا هەموو کۆکبوون کە زمانی ستانداردی خوێندن بۆ هەموو کوردانی یەکێتیی سۆڤیەت بە شێوەزاری کوردیی کوردانی ئەرمەنستان بێ.

ئەم کۆنفرانسە لە ڕووی سیاسییەوە تورکیای نیگەرانکردووە و ناڕەزایییان دەربڕیوە لە بەرانبەر سۆڤیەتدا کە ئەوسا پەیوەندیی کۆماری نوێی تورکیا لەگەڵ سۆڤیەت دۆستانە بووە. تورکیا، ترسی ئەوەی هەبووە ئەم کۆنفرانسە مەسەلەی کورد زیاتر بەرەوپێش ببا و کاریگەریی بۆ کوردانی تورکیا هەبێ، کە تورکیا لەم سەروبەندە لە وڵاتەکەی لە هەوڵی ڕیشەکێشکردنی زمان و فەرهەنگی کورددا بووە، پێی خۆشنەبووە مەسەلەی کورد و زمانی کوردی لە هیچ شوێنێک سەردەربێنێ و باسبکرێ.

دوای ئەم کۆنفرانسە، چەند بەڵگەنامە و نامەیەکی نهێنیی سەفیری یەکێتیی سۆڤیەت کە لە تورکیا نێردراوە بۆ سۆڤیەت، ئاماژەی تێدا داوە بەوە کە ئەم کۆنفرانسە بووە بە مایەی ئەوپەڕی بێزاریی دەسەڵاتدارانی تورکیا و پێیان وایە ئەم جۆرە کۆنفرانسانە دەبنە مایەی هۆشیاربوونەوەی کورد لە تورکیا. ئەمەش دەبێتە ڕێگری ئەو سیاسەتی سڕینەوەی ناسنامەی کوردە کە تورکیا هەوڵی بۆ دەدا. یەکێتیی سۆڤیەتیش ڕوونیکردووەتەوە

---

[55] Metin Yüksel, Dengbej, Mullah, intelligentsia.p. 306–308.

[56] د. ئەفراسیاو هەورامی، کوردستانی پشت قەفقاس. ل١١٤–١١٦.

که ئەم کۆنفرانسە تەنیا بۆ مەبەستی زمان و ڕێنووسە، هیچ بابەتێکی سیاسیی تێدا تاوتوێ نەکراوە.[٥٧]

نیگەرانیی تورکیا لە هەموو چالاکییەکانی کورد لە ئەرمەنستان، جارێکی دی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە تورکیا دژی هەموو مافێکی کورد بووە، نەک هەر لە تورکیا، بەڵکوو بۆ دەرەوەی تورکیاش. یەکێتیی سۆڤیەت هەر لەپێناوی ڕازیکردنی تورکیادا، هەمیشە مەرجی ئەوەی هەبووە کە پێویستە چالاکییەکانی کوردی سۆڤیەت تەنیا لە چوارچێوەی زمان و ئەدەبدا بن و هەرگیز خۆ لە قەرەی سیاسەت و مێژووی کورد نەدەن.

ئەمجارە بۆ دڵنیاکردنەوەی تورکیا سەبارەت بە چالاکییەکانی کوردی سۆڤیەت کە هیچ کاریگەریی بۆ سەر کوردی تورکیا نابێ، لە نامەیەکی نهێنی نوێنەری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا کە م. سکوبیلۆڤ نووسیویە و کۆپییەکی بۆ لیڤ میخائیلۆڤیچ قەرەخانی سەفیری یەکێتیی سۆڤیەت لە تورکیا نێردراوە، ئەم خاڵانەی تێدا هاتوون: ١- ئەو کۆنفرانسەی کە وا بڕیارە مانگی حەوتی ئەمساڵ لە باکۆ ببەسترێ، بەڕێوەناچێ؛ ٢- ناوەندی کوردناسی دەگوێزرێتەوە بۆ تبلیس، واتە بۆ بەشی کۆڕی زانیاریی پشت قەفقاز کە سەر بە کۆڕی زانیاریی یەکێتیی سۆڤیەتە و کاروباری ئەم مەڵبەندە کوردناسییەش مەرجە بەتوندی لە چوارچێوەی زانیاریی زمان و ئەدەبیاتدا بێ؛ ٣- ڕۆژنامەی "ڕیا تازە" دەبێ ببێتە ڕۆژنامەیەکی ئاسایی ناوخۆ و میللی، جگە لەوە ئەم ڕۆژنامەیە بۆی نییە و نابێ باسی کوردانی دەرەوە بکا؛ ٤- ئاڵوگۆڕی پەیوەندیی کوردناسانی سۆڤیەت لەگەڵ زانایانی دەرەوە، بە چاودێریی کۆمیتەی ناوەندیی سەرتاسەری سۆڤیەت دەبێ بۆ دانانی ئەلفبێی نوێ و هەروەها لە لایەن کۆمیتەی حیزبیی پشت قەفقازی سۆڤیەتەوە دەبێ؛ ٥- بردنە دەرەوەی ڕۆژنامە و کتێبی خوێندن و هەر چەشنە نووسراوێکی کوردی قەدەغەیە؛ ٦- پەیمانگای پەروەردەیی (پید تیخنیکوم)ی کوردی لە یەریڤان هەڵبوەشێنرێتەوە و بکرێ بە قوتابخانەیەکی حیزبی بۆ ئامادەکردنی فەرمانبەرانی حیزبی و سۆڤێتی، بۆ ئەو شوێنانەی کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن.[٥٨]

ئەم بەڵگەنامە نهێنییانە کە بەم دواییە دەرکەوتوون و ئاشکرابوون، سیاسەت و پلانی سۆڤیەت ڕووندەکەنەوە، کە ئەو سەردەمەی سییەکان چۆن مامەڵەی لەگەڵ پرسی زمان و فەرهەنگی کوردی کردووە، هەر بۆ ئەوەی تورکیا لە خۆی ڕازیبکا و پەیوەندییان تێکنەچێ.

### گۆڕینی ئەلفبێ
### لە لاتینییەوە بۆ ئەلفبێی کریلی ١٩٤١

ئەم بزاڤە فەرهەنگییە لەنێو کوردانی قەفقازدا هەتا ساڵی ١٩٣٨ بە ئەلفبێی لاتینی بەردەوامبوو. دوای ئەوە ستالین لە نێوان ١٩٣٧-١٩٣٨دا سیاسەتی تۆقاندن و سەرکوتکردنی لە حوکمڕانیی سۆڤیەتدا گرتەبەر، هەموو مافە کولتوورییەکانی کە بە کەمینە نەتەوەکانی ناو یەکێتیی سۆڤیەت درابوون، وەستاند و زۆربەی هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکانی کەمە نەتەوەکانیشی هەڵوەشاندەوە. لە هەمان کاتدا هەوڵی دا سیاسەتی بەڕووسیکردن لەنێو نەتەوەکانی غەیری ڕووسدا پەیڕەوبکا، بۆ ئەم مەبەستە ناچاریکردن ئەلفبێ بگۆڕن بۆ کریلی، کە ئەلفبێی زمانی ڕووسییە. ئەم ماوەیە هەموو نەتەوە تورکەکانی نێو یەکێتیی سۆڤیەت کە لە ساڵی ١٩٢٦ەوە ئەلفبێیان گۆڕیبوو بۆ لاتینی، ناچارکران ئەمجارە ئەلفبێ بگۆڕن بۆ کریلی. ستالین پێی وابوو ئەلفبێی لاتینی، ئەلفبێی ئیمپریالیزمە، نابێ لە سۆڤیەت بەکاربێ. نەتەوەی کوردیش لە سۆڤیەت ناچارکرا، ئەو ئەلفبێ لاتینییەی کە هەمواریکردبوو بۆ نووسینی کوردی، وازی لێبێنێ و کریلی بەکاربێنێ. گۆڕینی ئەمجارەی ئەلفبێ لە سەرەوە سەپێندرا و ئارەزوومەندانە نەبوو، واتە سیاسەت و پلانێکی زمانیی سۆڤیەت بوو بۆ بەڕووسیکردنی نەتەوەکانی سۆڤیەت.

ئەم سەردەمە، قۆناغی دووەمی زمانی کوردی دەستی پێکرد کە قۆناغی دامرکاندنەوە و قەدەغەکردنی هەموو چالاکییە فەرهەنگی و ئەدەبی و پەروەردەیی و هونەرییەکانە. ئەم ماوەیە تەنیا شانۆی ئەلەگەز مایەوە بە کوردی شانۆگەری پێشکەشبکا، ساڵی ١٩٤٧ ئەویش داخرا.[٥٩]

هەر ئەم ماوەیە چەندین نووسەر و ڕۆشنبیری کورد زیندانیکران یا دوورخرانەوە. عەرەبی شەمۆ بۆ سیبریا دوورخرایەوە، جەردۆیێ گەنجۆ و ئەحمەدێ مرازی و

[٥٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.
[٥٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢-١٤٣.
[٥٩] د. تۆسنی ڕەشید، کوردی یەکەتیی سۆڤیەت، ل٤٣.

حەجییێ جندیش زیندانی کران.[٦٠] حەجییێ جندی، دوای ساڵێک مانەوە لە زیندان، ئازادکراوە و ساڵی ١٩٤١ کۆمیتەی تێرمینۆلۆگیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەتی ئەرمەنستان، کاری ئەلفبێی نوێی بە پیتی کریلی پێسپێردرا، ئەویش ئەم ئەلفبێ کریلییەی بە زیادکردنی هەندێک پیتی لاتینی و ئەرمەنی ئامادەکرد، بەڵام بەهۆی شەڕی دووەمی جیهانەوە، بەتایبەت شەڕی سۆڤیەت و ئەڵمانیا، کارکردن بەم ئەلفبێ نوێیە وەستا، تا ساڵی ١٩٤٤ جارێکیدی مەسەلەی ئەلفبێ بێتەوەگۆڕێ. ئەمجارە کۆمسیۆنی نوێ، زیادکردنی پیتی ئەرمەنی بۆ ئەم ئەلفبێیە بە ڕاست دانەنا و جارێکیدی هەموارکرایەوە، تا دواجار ساڵی ١٩٤٦ کتێبی ئەلفبێی نوێی حەجییێ جندی بۆ قوتابخانەی کوردانی گوندی کوردان بڵاوکرایەوە.[٦١]

ئەم ئەلفبێ کریلییە لە چلەکانەوە هەتا دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەتیش چاپکراوی کوردیی بە ڕۆژنامەی ڕیا تازەوە پێنووسراوە. دواتر دوای ساڵی ٢٠٠٠ جارێکیدی گەڕانەوە بۆ سەر ئەلفبێی لاتینی، بەڵام ئەمجارە ئەلفبێی لاتینیی "هاوار" یا جەلادەت بەدرخان بەکارهێنرا، نەک ئەوەی مارۆگولۆڤ.

لەم قۆناغەدا، ئەگەر سەرنج بدرێ، هەتا ساڵی ١٩٥٥ هیچ کارێکی جیددی لە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا ئەنجامنەدراوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەلفبێی نوێ دابڕانێکی لەگەڵ ئەو ڕابردووە دروستکرد کە پێشتر هەر بە ئەلفبێی لاتینی بووە.

دوای مردنی ستالین ساڵی ١٩٥٣، خرۆچێڤ بوو بە سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت. سەرۆکی نوێی سۆڤیەت هەوڵی دا ئەو ستەمەی کە ماوەی حوکمی ستالین لە نەتەوەکانی ناو سۆڤیەت کراوە، قەرەبووی‌بکاتەوە. ئەم قۆناغە دوای ساڵی ١٩٥٥ دەستی پێکرد، کە سەردەمێکی نوێیە لە سۆڤیەت و قۆناغی سێیەمی گەشەکردنی زمان و فەرهەنگی کوردییە و لە ساڵی ١٩٥٥ەوە هەتا ساڵی ١٩٩١ بەردەوامبوو، دیسان زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ئەرمەنستان بووژایەوە، ئەمجارە بە ئەلفبێی کریلی، بەڵام هەرگیز وەک ئەو سەردەمە نەبوو کە بۆ ماوەی دە ساڵی نێوان ١٩٢٨-١٩٣٨ بەردەوامبوو. لەم قۆناغە نوێیەدا بە ئەلفبێی کریلی، خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکان بوو بە دوو سەعات، ئەویش تەرخانبووە تەنیا بۆ زمان و ئەدەبی کوردی، بابەتە زانستییەکانی وەک فیزیا و زانستی سروشتی و جەبر و ئەندازە و جوگرافیا چیدی بە کوردی نەخوێندران.

ئەم قۆناغە چەندین کادر و مامۆستا و نووسەری نەتەوەییی کورد پەیدابوون، ئەرکی بەردەوامبوونی ئەم قۆناغەیان گرتەئەستۆ. ئەوانەی کە لە زیندانبوون، ئازادکران، جەردۆیێ گەنجۆ و ئەحمەدێ مرازیش لە زیندان دەرچوون، عەرەبی شەمۆ لە مەنفا گەڕایەوە، لەگەڵ قاچاخی مراد، ئوسفێ بەکۆ، عەلی عەبدوڕەحمان، میرۆیێ ئەسەد، ئەمینی عەڤدال، جاسمێ جەلیل، خەلیل مورادۆڤ، شاکرۆی خدۆ، میکائیل ڕەشید، پێکەوە هاوکار بوون بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی کوردی لە ئەرمەنستان. لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک داستان و کورتەچیرۆک و دیوانی شیعر بڵاوکرانەوە.[٦٢]

ئەم قۆناغەش کە دەسەڵاتی ستالین نەما، گەشەکردنی زمان و فەرهەنگی کوردی لە ئەرمەنستان زیاتر لە بواری زمان و فۆلکلۆر و بابەتی کولتووریدا بووە، هەرگیز بەلای سیاسەت و مێژوودا نەچوون. سۆڤیەت لەسەر هەمان بەرنامەی ناسیۆنالیزمی کولتووری ڕۆیشتووە، ڕێگەی‌نەداوە کورد بەلای بابەتی مێژووی کورد و بزووتنەوەی سیاسیدا بچێ. لە لایەکی دیکەوە، سیاسەتی سۆڤیەت لە بەرانبەر تورکیای کەمالیدا، سیاسەتێکی دۆستانە بووە و هەوڵیداوە تورکیا ڕازیبکا، کە ئەوسا پێی خۆشنەبوو کورد لە ئەرمەنستان هۆشیاریی نەتەوەییی هەبێ و کار بکاتە سەر کوردانی تورکیا.

بەڵام هیچ گومانی تێدانییە کە کوردانی ئەرمەنستان، بەهۆی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ ئەو ماوە درێژە و هەتا ئێستاش، هەر بە کوردییەکی ڕەوان دەدوێن و

[٦٠] سەردەمی ڕژێمی ستالین، تۆقاندن و سەرکوتکردن بەڕادەیەک بوون، ئەوەی کەمێک گومانی لێبکرایە پەیوەندی بە دەرەوەی سۆڤیەتەوە دەکا، دەستگیردەکرا. حەجییێ جندی دوای بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "هاوار" لە دیمەشق، ڕۆژنامەی "ڕیا تازە" و چەند کتێبێکی کوردیی کە لە ئەرمەنستان چاپبوون، بۆ جەلادەت بەدرخان ناردووە، ئەویش وەک هەواڵێک ئەم ڕۆژنامە و کتێبانەی لە گۆڤاری "هاوار"دا بڵاوکردووەتەوە کە ئەم بڵاوکراوە کوردییانەی لە یەریڤانەوە بۆ هاتوون. سەرانی سۆڤیەت بەم کارەیان زانیوە و حەجییێ جندی لەسەر ئەم کارە تۆمەتبار و دەستگیر کراوە و بۆ ماوەی ساڵێک خراوەتە زیندان.

[61] Eskerê Boyîk, Ji dîroka elfebên kurdî li Ermenistanê, kovara Dilop, Hejman 15, Tirmeh-Tebax (Temmuz-Ağustos) 2020. R.43.

[62] Sedat Ulugana, Kurdolojya Sovyetê û kronolojya edebyate wê ya kurdê (1922 -1991), kovara Wêje û Rexne, hejmar: 9/10, sal 2017. Ru. 48 - 49

بەهۆی زمانەوە هەست بە ناسنامەی کوردبوونی خۆیان دەکەن، ئەگەر بەراوردبکرێ لەگەڵ کوردانی ئازەربایجان و تورکەمەنستان کە بە کوردییان نەخوێندووە، ئەوان زۆربەیان ئەسمیلەبوون.


لە لایەکی دیکەوە، کوردانی ئەرمەنستان زۆرینەیان کوردی ئێزیدین، کۆمەڵگەی ئێزیدیش زمانی کوردیی لا زمانێکی پیرۆزە و زمانی دوعا و نوێژەکانیانە، هەموو ڕێورەسمە دینییەکانیان بە کوردی ئەنجامدەدەن. ئەمە وێڕای ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئێزیدی، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کۆمەڵگەیەکی داخراوی دینییە، ژن و ژنخوازی لە دەرەوەی کۆمەڵگەی خۆیان ناکەن، واتە ڕێگەنادەن کەسێکی غەیری ئێزیدی ژنیان لێبخوازێ، لە غەیری ئێزیدیش ژنناهێنن، لەناو خۆشیاندا تەنیا بە کوردی دەدوێن، هەرگیز زمانێکیدی بە کارناهێنن. ئەگەر کەسێکی دیکەش بێتە ناویان وەک مێوان، ئەرمەنی بێ و یا ئازەری، ئەوان ئامادەنین زمانیان بگۆڕن بۆ ئەو کەسە، هەر بە کوردیی خۆیان قسەدەکەن. واتە زمانی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردیی ئێزیدیدا زمانێکە پلەوپایەی هەیە، چونکە زمانی پیرۆزی دین و زمانی کۆمەڵگەی ئێزیدییە. ئەمانەش هەموو هۆکارن کە زمانی کوردی لە ئەرمەنستان لەنێو دانیشتووانی کوردی ئێزیدیدا بە باشی ماوە و هەتا ئێستا بە کوردییەکی پاراو قسەدەکەن. بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا کوردانی ئازەربایجان بەهۆی هاوئایینییەوە تێکەڵی ئازەرییەکان بوون و ژن و ژنخوازییان لەگەڵ کردوون، لەنێو کۆمەڵگەی ئازەریدا تواونەتەوە. لەم ڕوانگە زمانەوانییە کۆمەڵایەتییەوە، دەتوانین لە ڕەوشی زمانی کوردی تێبگەین کە بۆچی لە ئەرمەنستان بە باشی ماوەتەوە و لە ئازەربایجانیش زۆربەیان ئەسمیلەبوون.

دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەتیش، پرۆگرامی خوێندن بە زمانی کوردی لە گوندە کوردنشینە ئێزدییەکانی ئەرمەنستان، هەر هەفتەی دوو سەعات بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی، هەتا ئێستا بەردەوامە.

### گەشەکردنی زمانی کوردی لە بواری چاپەمەنیدا

بوارێکی دیکەی گرنگی گەشەکردنی زمانی کوردی لە ئەرمەنستان، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردییە. ژمارەی کتێبی کوردی و ئەو بابەتانەی کە لەوبارەوە





ئەمینێ عەڤدال، زمانێ کورمانجی، گراماتیکا، راستنڤیساندن، راستگۆتن و پێشدابرنا خەڤەرێ،
ڕەوان (یەریڤان)، ١٩٥٢، ( ئەلفبێی کریلی)

نووسراون بە نووسین یا تەرجەمە، فرەچەشن و بە ژمارە زۆرن. لە قۆناغی یەکەمی گەشەکردنی زمانی کوردیدا، پێشکەوتنێکی بەرچاو لە چاپکردنی کتێبی کوردیدا هەیە، بەتایبەت چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی پرۆگرامی خوێندن و کتێبی گشتی. بۆ نموونە، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨–١٩٣٨دا، ماوەی ئەم دە ساڵە کە ماوەی چاپکردنی کتێب بوو بە ئەلفبێی لاتینی، ژمارەی کتێبی

چاپکراو بەخێرایی بەرزبووەتەوە، ئەو ماوەیە ١٨٢ ناونیشان کتێبی کوردی بە ئەلفبێی لاتینی دەرچوون. بەشی زۆری ئەم کتێبانەش کتێبی پرۆگرامی خوێندن بوون، وەک کتێبی ڕووەکناسی، فیزیا، زانستی سروشتی، ماتماتیک، جەبر، ئەندازە، پزیشک، دەرمان، جوگرافیا، مێژوو، ئابووریی کشتوکاڵی. ئەوانی‌دی کتێبی فێربوونی زمان و پەروەردە و ڕێبازەکانی فێربوون و بابەتی ئایدیۆلۆجی بوون. هەر لەم ماوەیەدا ١٠ ناونیشان کتێبی ئایدیۆلۆجی دەرچوون: ٤ کتێب سەبارەت بە مارکسیزم – لێنینزم، ٥ کتێبیش سەبارەت بە دامەزرێنەرانی مارکسیزم – لێنینزم، وەک مارکس، ئەنگلس، لێنین، ستالین، کتێبێکیش لەبارەی ئیلحادەوە.[٦٣]




کتێبا خەباتا فیزیکێ، بۆنا مەکتەبا ٧ سالی، تەخنیکوما کورمانجا، سەمەسەتەرا ئەولین، تەرتیب کر: ڤ. پەتۆیان، ڕەوان، ١٩٣٢.

لەبارەی ژمارەی ناونیشانی ئەم کتێبانەوە، کە ١٨٢ ناونیشانی کتێبە، ئەم ژمارەیە بۆ ماوەی دە ساڵ ژمارەیەکی یەکجار بەرزە، چونکە هەتا ساڵی ١٩٣٨ ئەوەندە کتێبە لە هەموو بەشەکانی کوردستان چاپنەبووە.

بەپێی "ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی" کە لە ساڵی ١٩٧٧ مستەفا نەریمان بڵاوی‌کردووەتەوە، هەتا کۆتایی ١٩٣٨ ژمارەی کتێبی چاپکراوی کوردی ١٨٨ کتێب بووە، لەوانە ٦٩ کتێب چاپکراوەکانی کوردی ئەرمەنستانە، ئەگەر ئەمەی لێ‌دەرکەین، ئەو کتێبە کوردییانەی کە دەمێنەوە و لە دەرەوەی یەریڤان چاپبوون، ١١٩ کتێبن. واتە هەتا ساڵی ١٩٣٨، ٦٣ کتێب زیاتر لە هەموو بەشەکانی کوردستان کتێبی کوردییان لە یەریڤان چاپ و بڵاو کردووەتەوە. شایانی گوتنە، ببلیۆگرافیاکەی نەریمان کتێبی پرۆگرامی خوێندنی باشووری کوردستانی تێدانییە، تەنیا کتێبی گشتییە، بەڵام ئەگەر ئەویش حیسابکەین لەم ماوەیەدا هەر ٢٠ کتێبێکی پرۆگرامی خوێندن لە باشووری کوردستان دەرچوون، هێشتا هەر کوردی ئەرمەنستان لە وەرگێران و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبدا لە باشوور چالاکتربوون. ئەم داتایانەی کتێب، نیشانی‌دەدەن کە نووسین و تەرجەمە و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی لە ئەرمەنستان، چەندە پێشکەوتوو بووە، لە کاتێکدا کورد هێشتا لە ئەرمەنستان نووسەری پێنەگەیاندووە و هەندێک لە نووسەرانی ئەرمەنیی کوردیزان کاریان بۆ زمانی کوردی کردووە. هەروەها لە وڵاتێک کە کوردستان نییە و دەسەڵاتێکی کوردی لەوێ نەبووە، ئەو هەموو وزە و توانایە بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی کوردی هەبووە.

لە بابەتەکانی ئەم کتێبە چاپکراوانە، زانستییەکانی لێ‌دەرچێ، مرۆییەکان تەواو ئایدیۆلۆجین و خزمەتی هزری مارکسیزم و کۆمۆنیزمیان کردووە، هەر بۆیە هیچ کتێبێکی تێدانییە باسێکی مێژووی کورد و نەتەوایەتیی کوردی بێ، تەنانەت بۆ لایەنی دینیش هیچ کتێبێکی تێدانییە باسی دینی ئێزیدی بکا بۆ کوردە ئێزدییەکان، بەڵام کتێب چاپکراوە بۆ برەودان بە ئیلحاد و بێ‌باوەڕی، کە ئەمانەش دەری‌دەخەن هەتا چ ڕادەیەک خوێندن و چاپکراوی سۆڤیەت بۆ خزمەتی ئایدیۆلۆجیای مارکسی – لێنینی و حکومەتی سۆڤیەت بووە و ڕێگە بە بواری ناسیۆنالیزمی سیاسی و پەروەردەی دینی نەدراوە. ئەم جۆرە سیاسەتە پەروەردەییەش، ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئایدیۆلۆجییانەی سۆڤیەت بووە بۆ خوێندن بە زمانی نەتەوەکان.

بەدەر لەم ڕەهەندە ئایدیۆلۆجییە، دەرکردنی ئەم کتێبانە لەم ماوە کورتەدا، پێشکەوتنێکی گرنگی زمان بووە،

---

[63] Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan 1918 – 1985, Mellen Research University Press, San Francisco, 1992. Pp. 214- 215.

بەتایبەت کتێبە زانستییەکان، بۆ زمانی کوردی بە زاری کوردیی باکوور هەنگاوێکی گەورە بووە بۆ بەستانداردکردنی زارەکە و فراوانبوونی ئەرکەکانی کە بابەتی زانستی هەمەچەشنی پێنووسراوە و پێخوێندراوە. لەم قۆناغەدا، زمانەکە لە زمانی زارەکییەوە بووە بە زمانی زانست و بابەتی زانستی لە قوتابخانە پێخوێندراوە.




کتێبا ئەلگێبرایێ، پارا ئەولین، بۆنا دەرسخانێد ٦ و ٧، ڕەوان، ١٩٣٧.

ئەگەر سەرنجی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن بدرێ، بەتایبەت ئەوانەی کە لە بواری زانستیدا زۆربەیان لە ئەرمەنی و ڕووسیەوە تەرجەمەکراون، هەندێک لە کتێبەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندن. سەرنجکێشە کە ساڵانی سیی سەدەی بیستەم ئەم کارە زانستییانە تەرجەمەی کوردی کراون، وەک کتێبی عەرد پێڤاندن و ئەلجێبرا و ماتماتیک و فیزیک، زانبوونا دنیایێ... ئەمە لە کاتێکدا ساڵانی سیی سەدەی بیستەم لە باشووری کوردستان، شتێکی وامان بە کوردی بۆ ئەم بابەتانە نەبووە، ئەگەر هەشبووبێ چەند نامیلکەیەکی سەرەتایی و ئەوەندە پێشکەوتوو نەبووە، بەڵام ئەوەی لەوێ کراوە بۆ ئەم چەند هەزار کوردە، مایەی سەرنجدان و وردبوونەوەیە. ئەمە نیشانیدەدا کە لەم ماوەیەدا ئەو کوردانەی ئەرمەنستان کە هەندێک نووسەر و ڕۆشنبیری ئەرمەنیشیان لەگەڵ بووە، زۆر بە چالاکی و دڵسۆزی کاریان بۆ زمانی کوردی کردووە و کتێبی کوردییان بۆ ئەم بابەتە زانستییانە بە کوردی ئامادەکردووە.





1. Cma havine işьqa roje gələk gərmə, dşəwьtinə, le zьvьstane kem gərmaji ddə?
2. Cma bər cove mə hiv zi mina roje məzьnə?
3. Cma hiv mohe çarəki tə gyhasьn?

**Kopernikos.** — Qyrne 16-da Kopernikos əjan kьr ŋav nvisare xwə, wəki dьnja dzьvrə dor xwə, b cand dьnjaje başqəva həvra dgərьn dora roje. Kopernikos dgot.—ro çije xwə dgərə, dьnja dora roje dzvьrə, Kopernikos b durbine məzьn dit u əjan kьr, wəki ro u stjərka dьn zi dor xwə dzvьrьn.

Şk. 17 Rozgare sale, wəxte gəre dьnja dora roje.

Kopernikos əjan kьr, wəki dьnja glovərə u bьzmare zo-ri u ja zeri ħnəki tuzьn. Baje hərdy alje bьzmara ten orta dьnjaje.


**Zola klimaje**

Hər jək z wə zanə, wəki wəlate mə havine gərmə, le zvьstane sarə. Havine roz dreзə, şəv kьnə. Zvьstane şəv dreзə roz kьnə, Cqa ro orta əzmanara dərbaz dbə, əwqa təv rьnd gərmaji ddə. Bona weja nivro zəf gərьm dbə, tirençatəve dьnja pak gərьm dkьn.

Şk. Cawa dьnja dor xwə dgərə.

55

زانبوونا دنیایێ، کتێبا خەباتا بۆنا مەکتەبێ دەرەجا کۆما سسێیا و چارا، ڕەوان، ١٩٣٣.



زانبوونا ئەولین دەرهەقا عەرد پیڤاندنێ، کتێبا دەرسێ بۆنا مەکتەبا دەرەجێ ئۆرتە، بۆنا خوەندنا سالا پەنجا، ڕەوان، ١٩٣٤.

کوردانی قەفقاز، زمانە کوردییەکەیان لە ڕووی ئەدەبی زارەکییەوە دەوڵەمەندبووە، نووسەرانی کورد لە ئەرمەنستان زۆر چالاکبوون بۆ ئەم بوارە، چەندین کتێبی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆریان بڵاوکردووەتەوە. بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبانە خزمەتێکی گەورە بووە بۆ کۆکردنەوەی ئەدەبی زارەکی، کە ئەمڕۆ گەنجینەیەکی گرانبەهای داستان و فۆلکلۆری میللیی کوردی لەم کتێبانەدا پارێزراون. سۆڤیەتیش بۆ ئەم جۆرە کتێبانە کێشەی نەبووە و پشتگیریی‌کردووە، چونکە خۆی لە قەرەی ناسیۆنالیزمی سیاسی نەداوە.

ئەم ساڵانە لە لایەن حەجییێ جندی و ئەمینێ عەڤدالەوە، کارێکی مەزن بۆ فۆلکلۆری کوردی بڵاوکرایەوە، ئەویش "فۆلکلۆرا کورمانجا" بوو ساڵی ١٩٣٦ بڵاوبووەوە. ئەم کتێبە ٦٦٣ لاپەڕەیە،ە گەلێک داستان و چیرۆک و گۆرانیی کوردی لەخۆگرتووە.[٦٤]

ساڵی ١٩٣٥ عەرەبی شەمۆ کتێبی "شڤانێ کورمانجا و کوردێ ئەلەگەزێ"ی بڵاوکردەوە، کە بە یەکەمین ڕۆمانی کوردی دادەنرێ. هەر ئەم ڕۆمانە بۆ گەلێک زمان تەرجەمەکراوە.[٦٥]

ئەو کوردانەی کە لەم قۆناغەدا چالاکبوون بۆ خزمەتی زمان، کۆمەڵێک نووسەری کوردی ئێزیدی بوون، وەک عەرەبی شەمۆ، جاسمێ جەلیل، وەزیری نادری، حەجییێ جندی، ئەمینی عەڤدال، مەکسیمی خەمۆ (١٩٣٤-٢٠١١)، جەردۆیێ گەنجۆ، قەناتی کوردۆ (١٩٠٩-١٩٨٥)، کارلێنی چەچان، ئەحمەدێ مرازی، عەتارێ شەرۆ... ئەمانە لە ڕۆشنبیرە پێشەنگەکان بوون کە ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە بۆ خزمەتکردن و گەشەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی لە ئەرمەنستان. هەڵبەت حکوومەتی ئەرمەنستانیش لەم بوارەدا ڕۆڵی هەبووە کە زەمینەی ڕەخساندووە بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبی گشتی و کتێبی دەرسیی کوردی.

ماوەی نێوان ١٩٣٩-١٩٤٥ هیچ کتێبێکی کوردی دەرنەچووە. ئەو تاکە ڕۆژنامەیەش کە هەبوو "ڕیا تازە"، نێوان ساڵانی ١٩٣٨-١٩٥٤ لە بڵاوکردنەوە وەستا، چونکە لەم قۆناغەی سەردەمی ستالین‌دا، چالاکییە فەرهەنگییەکانی کورد قەدەغەکران. دوای ساڵی ١٩٤٦ ڕێگەدراوە کتێبی کوردی چاپبکرێتەوە، بە ئەلفبێی کریلی. ماوەی ساڵانی نێوان ١٩٤١-١٩٦١ تەنیا ٥٦ کتێبی کوردی چاپکراوە. ماوەی ١٩٦١-١٩٨٠ تەنیا ١٣٨ کتێب دەرچووە.[٦٦] ئەم کتێبانەش زیاتر کتێبی پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەیی و هەندێک کتێبی دیکەی بابەتی فۆلکلۆر و شیعر و داستان بوون بۆ کوردانی ناو ئەرمەنستان بوون.

---

[٦٤] ئەم کتێبە لە لایەن تۆسنێ ڕەشیدەوە خراوەتە سەر ڕێنووسی کوردی - لاتینیی جەلادەت بەدرخان و دواتریش خراوەتە سەر ڕێنووسی کوردی - عەرەبی و لە دەزگای ئاراس چاپ و بڵاو کراوەتەوە، بڕوانە: حەجییێ جندی و ئەمنینێ عەڤدال، فۆلکلۆرا کورمانجا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

[٦٥] بەپێی هەندێک لێکدانەوە، ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار بە ڕووسی نووسراوە و ساڵی ١٩٣١یش بە ڕووسی بڵاوبووەتەوە، بەڵام چاپە کوردییەکەی بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٣٥ بڵاوبووەتەوە. ڕایەکی دیکە هەیە کە عەرەبی شەمۆ ئەم ڕۆمانەی سەرەتا بە کوردی و ڕووسی نووسیوە، بەڵام چاپە کوردییەکەی درەنگ کەوتووە و ساڵی ١٩٣٥ بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆمانە لە ڕووسییەوە بۆ کوردیی ناوەندی تەرجەمەکراوە. بڕوانە: عەرەبی شەمۆ، شوانی کورد، وەرگێڕانی: د. کامران ئەمین ئاوە، کۆمەڵگای فەرهەنگیی ئەحمەدێ خانی، ٢٠٢٠، ل١٠-١٢.

[66] Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan 1918–1985, Mellen Research University Press, San Francisco, 1992. Pp. 214–215.

سەرجەمی کتێبی چاپکراوی کوردی لە یەکێتیی سۆڤیەت لە نێوان ساڵانی ١٩٢١–١٩٦٠دا گەیشتووە بە ٢٣٨ کتێب. لەم کتێبانە ٦٧ کتێب، واتە ٢٩٪ی کتێبەکان، تایبەت بوون بە بابەتی پێشخستنی زمانی کوردی وەک کتێبی ئەلفبێ، ڕێزمان، فەرهەنگ، کتێبی خوێندنەوەی دەقەکان. تیراژی کتێبەکانیش بۆ هەر ناونیشانێک لە هەزار دانە کەمتر نەبووە، هەندێک کتێب تیراژی دوو تا سێ هەزار دانە بووە. ئەم ماوەیە ٣٧٠ هەزار کۆپیی کتێبی کوردی چاپبووە.[٦٧]

ئەم ماوە درێژە هەر لە سییەکانەوە هاتە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت ساڵی ١٩٩١، ئەم گەشەکردنەی زاری کوردیی باکوور نەیتوانی کاریگەریی هەبێ بۆ سەر باکوور و باشووری کوردستان، تەنانەت ئەو کتێبانەش کە لەوێ بڵاودەکرانەوە بەدەگمەن نەبێ نەگەیشتوون بە باشووری کوردستان، جگە لە کۆمەڵێک کتێب کە سییەکان هەتا ساڵی ١٩٣٨ لە یەریڤان دەرچوون و گەیشتوون بە باشووری کوردستان و مستەفا نەریمانیش لە بیبلیۆفرافیاکەیدا ئاماژەی پێداوە. بەڵام دواتر کە سەردەمی تیرۆر و تۆقاندنی ستالین دەستی پێکردووە، هەموو شتێک قەدەغەکراوە بچێتە دەرەوە. سۆڤیەت هەر لە سەردەمی ستالینەوە و دواتریش، وڵاتێکی تەواو داخراو بووە بە رووی جیهاندا، ڕێگەنەدراوە ئەم بەرهەمانە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان بچن. تەنیا شتێک کە کاریگەریی هەبوو، پەخشی ڕادیۆی یەریڤان بوو، کە بەرنامەکەی دەگەیشت بە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئەو بەرنامانەش زیاتر بابەتی گۆرانی و هەواڵ بوون. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کتێبە چاپکراوەکان بە ئەلفبێی لاتینی و کریلی بوون، لە باشوور و باکوور خوێنەریان کەم یا هەر نەبووە. بەڵام –لەگەڵ ئەوەشدا– ئەم زارە کوردییە لەو سەردەمەدا بۆ کوردانی ئەرمەنستان بەتایبەت و بۆ ئەو کوردانەش کە لە سەرانسەری یەکێتیی سۆڤیەت ژیاون، ڕۆڵێکی گەورەی لە پاراستن و بووژانەوەی زمان و فەرهەنگ و فۆلکلۆری کوردیدا هەبووە.

### گەشەکردنی زمانی کوردی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا

لایەنێکی دیکەی گەشەکردنی زمانی کوردی لە ئەرمەنستان، ڕۆژنامەگەری بووە. ڕۆژنامە وەک ئامرازێکی گواستنەوە و گەیاندنی هەواڵ، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە پێشخستنی زمان و بەستانداردکردنی، چونکە ڕۆژنامە بابەتی هەمەچەشنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و پەروەردەیی بڵاودەکاتەوە، بۆ هەر یەکێک لەم بابەتانەش، زاراوە و ئیدیۆمی نوێ پێویستە بۆ وەسفکردن و شرۆڤەکردنیان، بۆیە ئەرکەکانی زمان لەم هەواڵنامە ڕۆژنانەیەدا بەخێرایی فراوان دەبێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژنامە، زمان دەپارێزێ و بەردەوامیی پێدەدا. ڕۆژنامە ڕۆڵێکی دیکەی مێژوویی و کولتووریی هەیە کە تۆمارکردنی مێژووی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە ڕۆژنامەکەی تێدا بڵاودەبێتەوە، واتە ڕۆژنامە لە یەک کاتدا زمان دەپارێزێ و گەشەی پێدەدا، لە هەمان کاتدا لەنێو یادگەی ئەو زمانەدا، ڕۆژانە مێژوو تۆماردەکا و دەیگوێزێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. دەرکردنی ڕۆژنامەی "ڕیا تازە" وەک یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ئەرمەنستان و سۆڤیەت بۆ ئەو ماوە درێژە، ئەم ڕۆڵە گرنگانەی بۆ کۆمەڵگەی کورد لە قەفقاز و هەموو سۆڤیەت گێڕاوە.

ڕیا تەزە Riya Teze یا ڕیا تازە، یەکەم ژمارەی لە یەریڤان لە ڕێککەوتی ١٩٣٠/٣/٢٥دا بە ئەلفبێی لاتینی بڵاوبووەتەوە. ڕیا تازە هەر هەفتەی دوو ژمارەی بە چوار لاپەڕە لێبڵاودەکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە هەرچەندە زمانیحاڵی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان بووە، ئامرازێک بووە بۆ گەیاندنی بیری مارکسیزم و کۆمۆنیزم بە کۆمەڵگەی کوردی، لە هەمان کاتدا تاکە ڕۆژنامە بووە کە کورد لە ئەرمەنستان دەریکردووە و هەموو کوردیش لە یەکێتیی سۆڤیەت هەتا ساڵانی هەشتا هەر "ڕیا تازە"ی هەبووە. ئەم ڕۆژنامەیە گەیشتووە بە هەموو کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەت کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە، وەک کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست، قەرغیزستان و قازاغستان و ئۆزبێکستان.

ئەم ڕۆژنامەیە بەپێی قۆناغەکانی حوکمڕانیی سۆڤیەت و گۆڕینی ئەلفبێ، چەند قۆناغێکی بڕیوە و هەتا ئێستاش دەردەچێ. قۆناغی یەکەم لە ماوەی گەشانەوەی زمان و کولتووری کوردیدا بە ئەلفبێی لاتینی، هەتا ساڵی ١٩٣٨ بەردەوامبووە. لەم ماوەیەدا چەند کەسێک ئەرکی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیەیان لەئەستۆگرتووە: هراچیا کۆچەر، هاروتیون مکیرتچیان،

[67] Metin Yüksel, Dengbej, Mullah, intelligentsia. P.328.

کە دوو ئەرمەنیی کوردیزان بوون و لەناو کورددا ژیاون و شارەزای فەرهەنگ و دابونەریتی کورد بوون، دواتر جەردۆیێ گەنجۆ (١٩٠٤–١٩٤٥) کە کوردێکی ئێزیدی بووە لە ١٩٣٤ەوە تا داخستنی لە ١٩٣٨دا سەرنووسەر و بەڕێوەبەری بووە.[68] لەم قۆناغەدا ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد هێشتا دەرنەکەوتوون، ئەرمەنییە کوردیزانەکان ڕۆڵیان لە پێشخستنی زمان و فەرهەنگی کوردیدا هەبووە. دوا ژمارەی "ڕیا تازە" کە ٦١٠ بووە لە ڕێککەوتی ١٩٣٨/٢/٢٧دا دەرچووە، دوای ئەوە بە بڕیاری ڕاستەوخۆی ستالین لە بڵاوکردنەوە وەستاوە. ئەم ڕۆژنامەیە ماوەی ١٧ ساڵ بەهۆی سیاسەتی سەرکوتکاری و قەدەغەکردنی چالاکییەکانەوە، لە سەردەمی ستالیندا ڕاگیراوە. دوای مردنی ستالین، قۆناغی دووەمی دەست پێکردووەتەوە لە ١٩٥٥/٢/١دا، ئەمجارە بە ئەلفبێی کریلی هەر هەفتەی دوو ژمارەی لێ بڵاوبووەتەوە، لە هەمان کاتدا لە ڕووی کولتوورییەوە بووە بە دەنگی هەموو کوردانی سۆڤیەت. لەم قۆناغەدا میرۆیێ ئەسەد (١٩١٩–٢٠٠٨) بۆ ماوەی ٣٤ ساڵ هەتا ساڵی ١٩٨٩ سەروەختی هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت، بەرپرسیاری یەکەم و سەرنووسەری ڕیا تازە بووە. دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت لە ١٩٩١دا، ئیدی ئەرمەنستان بوو بە کۆمارێکی سەربەخۆ، قۆناغی سێیەمی دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیە دەستی پێکرد.[69] لەم قۆناغەدا ڕۆژنامەکە لە ڕووی هزری و ئایدیۆلۆجییەوە سەربەخۆ بووە و چیدی پاشکۆی سیاسەتی سۆڤیەت نەبووە، ئەمجارە بووە بە دەنگی کوردانی ئەرمەنستان. ئەم قۆناغە ئەمەریکێ سەردار (١٩٣٥–٢٠١٨) سەرنووسەر و گریشارێ مەمێ، بەرپرسیاری گشتیی "ڕیا تازە"یان لە ئەستۆگرتووە. بەڵام بەهۆی نەمانی پاڵپشتی سۆڤیەتەوە بۆ مافی نەتەوە بچووکەکانی نێو وڵاتەکە، کەوتووەتە دۆخێکی سەختەوە و هەندێک جار مانگی یەک ژمارەی لێدەچووە یا دوو مانگ ژمارەیەک. بۆیە لەم قۆناغەدا بەردەوام ڕووبەڕووی وەستان بووەتەوە، بەڵام تا ئێستا هەر خۆڕاگر بووە. ڕیا تازە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هێشتا بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردییە و ماوەی زیاتر لە ٩٠ ساڵە بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە.[70] ئەم ڕۆژنامەیە هەتا ساڵی ٢٠٠١یش هەر بە کریلی دەرچووە، دوای ئەوە جارێکی دی ئەلفبێ گۆڕایەوە بە لاتینی، ئەمجارە ئەو پیتە لاتینیە بەکارهات کە ئێستا لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بۆ نووسینی کوردی بەکاریدێنن، کە بە ئەلفبێی "هاوار" یا جەلادەت بەدرخان بەناوبانگە.

ڕیا تازە لە ساڵی ١٩٣٠ەوە تا ئیستا، جگە لەو ناوانەی کە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیری دیکەی کوردی ئەرمەنستان ڕۆڵیان لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەیدا هەبووە، وەک: قەچاخێ مراد (١٩١٤–١٩٩٢)، ئەمینێ عەڤدال (١٩٠٦–١٩٦٤)، کارلێنێ چەچان (١٩٣٠–٢٠١٢)، وەزیرێ ئەشۆ (١٩٣٤–٢٠١٥)، جاسمێ جەلیل (١٩٠٨–١٩٩٨)، شاکرۆیێ خدۆ (١٩٣٠-٢٠٠٧)، عەلیێ عەبدولڕەحمان (١٩٢٠–١٩٩٤)، تیتال مورادۆڤ، عەگیدێ خودۆ (–١٩٩٩)، تەیمورێ خەلیل (١٩٤٩...)، پریسکێ محۆیی (١٩٥٨..)، تیتالێ عەفۆ (١٩٤١–٢٠٠٣)... تاد، ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردی ئەرمەنستان و کۆمارەکانی دیکەی سۆڤیەتی جاران، وتار و بابەتیان تێدا بڵاوکردووەتەوە و بە ئابوونە لە ڕێی پۆستەوە گەیشتووە بە دەستیان.[71]

ئەم ڕۆژنامەیە لەبەرئەوەی زمانیحاڵی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان بووە، زۆربەی ژمارەکانی دو هەتا سێ لاپەڕەی یەکەمی تەرخانبووە بۆ تەرجەمەی قسەکانی بەرپرسێکی پارتەکە لە کۆبوونەوە یا لە دیدارێکدا، بۆیە ڕۆژنامەکە ئایدیۆلۆجیای حزب بەسەریدا زاڵبووە، بەڵام ئەوەی بایەخی ئەم ڕۆژنامەیەی زیادکردووە، ئەو چەند لاپەڕەیە بووە کە تەرخانکرابوو بۆ هەواڵی حاڵ و گوزەرانی گوندە کوردنشینەکان، یا تەرجەمەی چەمک و زاراوە ئایدیۆلۆجییەکانی بڵاودەکرەوە، یان هەندێک جار داوایان لێکراوە گۆرانییە کوردییەکان کۆبکەنەوە و لە ڕۆژنامەکەشدا بڵاودەکرایەوە، ئەمە سەرەڕای باسکردنی کێشە و گرفتی گوندەکان کە ڕۆژنامەکە وەک ناوەندێک بووە بۆ باسکردن و چارەسەری کێشەکان.[72]

---

68 Eskerê Boyîk, Çanda kurdên Sovêtê. R.55.

٦٩ ڕێناس نەورۆزی، ڕۆژنامەڤانی کوردی، لە ڕووسیا و وڵاتانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٥، ل١٩–٢٢.

٧٠ ڕۆژنامەی ڕیا تازە، سەرەڕای هەموو قەیرانە داراییەکان، هەتا ئێستاش مانگانە ژمارەیەکی لێدەردەچێ، تیتالێ کەرەم سەرنووسەر و مرازێ جەمالیش بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەکەیە.

٧١ ڕێناس نەورۆزی، ڕۆژنامەڤانی کوردی، لە ڕووسیا و وڵاتانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، ل٢٤.

72 Metin Yüksel, Dengbej, Mullah, intelligentsia. p. 333–334.


RJA ȚƏZƏ

№ 1

“Əlifbaje təzə l şərqe inglaʙəkə məzьnə„

Inglaʙa oktjaʙre u əlьf-baje təzə

TƏBRIK

Lenin

ڕووپەلی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی
ڕیا تازە، ڕێککەوتی ٢٥ی ئاداری ١٩٣٠.


РЙА ТӘЗӘ

Жь сала 1930-и нәшьр дьбә

ЛЬ СОВЕТА МИНИСТРЕД ТРСС

ЧУНӘ БАЖАРЕД ЖЬ ӘРДҺӘЖАНДЬНЕ ЗИЙАНЕКӘТИ

КОМӘКДАРИЙА УРЬСЕТЕ

ڕۆژنامەی ڕیا تازە بە ئەلفبێی کریلی، ساڵی ١٩٨٨.

لاپەڕەکانی ڕیا تازە، کۆمەڵێک وێنە و ڕووداوی ڕۆژانەی لە بیرەوەریی خۆیدا تۆمارکردووە، ژیننامەی ٩٠ ساڵەی کوردانی پشت قەفقازمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەر بۆیە ئەم ڕۆژنامەیە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، پێگەیەکی یەکجار گرنگ و بایەخداری هەیە.

**گەشەکردنی زمانی کوردی لە بواری پەخشی ڕادیۆدا**

هەموو جۆرەکانی میدیا وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ئینتەرنێت، لە ڕێی زمانەوە دەسەڵاتیان هەیە لە شکڵپێدانی کولتوور و لە هەمان کاتدا ئاوێنەیەکن تا لەم ڕێگەوە کولتوور بە ئێمە بگەیەنەوە. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ئەرمەنستان لە بواری پەخشی ڕادیۆ و دەقی شانۆدا، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئاخێوەرانی زمانەکە هەبووە، کە بتوانن بە چاوی بایەخەوە لە زمانەکەیان بڕوانن، لە هەمان کاتدا ناسنامەیان بۆ زمانەکەشیان بەهێزبێ.

ڕادیۆ وەک میدیایێکی ئەلیکترۆنی، ئامرازێکی گرنگی بڵاوکردنەوەی زانیاری بوو بۆ خەڵک، ئەم ئامرازە گرنگە لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا بۆ یەکەم جار هەواڵ و گۆرانیی کوردی لە هەواوە بۆ گوێگرانی پەخشکردووە. لە ڕێگەی ئەم میدیایەوە، خەڵک توانیویانە زانیاریی هەمەچەشن بەدەستبێنن، وەک هەواڵ و دەنگوباس، پەروەردەکردن، بابەتی دیکەی سەرگەرمیی وەک گۆرانی و مۆسیقا. ئەمە بەتایبەت لەو سەردەمەدا کە ڕادیۆ داهێنانێکی نوێ بووە، ئامرازی هاوشێوەی کەم بووە یا نەبووە، ئەگەر بەراوردیبکەین بە ئەمڕۆ کە میدیای جیاواز و هەمەچەشن دەرکەوتوون بۆ گەیاندنی هەواڵ، ئەو سەردەمە ڕادیۆ ئامرازێکی گرنگی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ بووە.

ڕادیۆی یەریڤان یا وەک کوردی قەفقاز پێیدەڵێن (ڕادیۆیا ڕەوانێ)، ساڵی ١٩٣٠ لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستان دامەزراوە.[٧٣] سەرەتا ڕۆژانە تەنیا ١٠ دەقەقە بابەتەکانی پەخشکردووە. پێش ئەم مێژووە هێشتا ڕادیۆ نەگەیشتووە بە بەشەکانی دیکەی کوردستان. یەکەم ئێزگەی ڕادیۆ لە عێراق لە ساڵی ١٩٣٦ دامەزراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٣٩ ڕۆژانە ١٥ دەقەقە بە زمانی کوردی پەخشی هەبووە. فەرەنسییەکان نیو سەعات بەرنامەیان بە کوردی هەبووە لە بەیروت - لوبنان ساڵی ١٩٤١، هەفتەی دوو جار بۆ پڕۆپاگەندەی شەڕی دووەمی جیهانی و بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بووە، دوای بڕانەوەی جەنگ داخراوە.[٧٤] ڕادیۆ

---

[٧٣] سەبارەت بە مێژووی دامەزرانی ئێزگەی کوردیی ڕادیۆی یەریڤان، چەند مێژوویەکی جیاواز هەیە. ئەمیری حەسەنپوور ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٩ بە ساڵی دامەزرانی ئەم ڕادیۆیە دادەنێ، بەڵام زانیاریی نوێ هەیە لای کوردانی ئەرمەنستان کە ساڵی ١٩٣٠ ئەم ڕادیۆیە دەستی بە پەخش کردووە.

[74] Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan 1918 – 1985,. P. 282.

کوردییەکانیدی لە یافای فەلەستین (١٩٤٢)، لە قاهیرەی میسر (١٩٥٧)، پەخشەکانیدیی ڕادیۆکان لە تەورێز و سنە و کرماشان و مەشهەدی ئێران دواتر کرانەوە. بۆیە بەپێی ڕیزبەندیی مێژووی دەرکەوتنی یەکەم ئێزگەی ڕادیۆی کوردی، ڕادیۆی کوردیی یەریڤان لە ئەرمەنستان لە کۆنیدا پێشەنگە.

کاتێک زمان لە میدیایەکی وەک ڕادیۆدا بەکاردێ، لە چەند ڕوویەکەوە پەرەسەندن بەخۆیەوە دەبینێ: ١- لە ڕووی پلەوپایەوە کە ئەو زمانە لای ئاخێوەرانی ئاستی بەرزدەبێتەوە، کە زمانەکە بووە بە ئامرازێکی گەیاندنی هەواڵ؛ ٢- بەستانداردکردنی زارەکە و زاراوەسازی پەرە پێدەدا و ئەرکەکانی فراوان دەبێ، زمان لە ڕادیۆ ژمارەیەکی زۆر زاراوەی سیاسی و ئابووری و عەسکەری و ئیداری و زانستی پێویستە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، بۆیە ئەم زمانە دەبێ زاراوەی نوێ دروستبکا یا زاراوە بخوازێ، بۆ ئەوەی زمانەکە بتوانێت لەگەڵ ئەم بابەتانە بگونجێ و هەواڵی پێبڵاوبکرێتەوە؛ ٣- زمانەکە پەتیدەکرێ و زمانێکی پاراو بەرهەمدێنێ؛ ٤- لە ڕێی ئەم کەناڵەوە، زمانێکی هاوبەش بەرهەمدێنێ کە زرۆینەی کۆمەڵانی خەڵک لێی تێدەگەن و جیاوازیی شێوەزار و بنزارەکان کەمدەکاتەوە، هەر ئەو زمانەش بۆ کاروباری ڕەسمیی ئەو کۆمەڵگە یا وڵاتە بەکاردێ، بۆیە ئەم زارە یا ئەو زمانە لە کۆمەڵگەی ئاخێوەرانیدا پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتیی بۆ پەیدادەبێ؛ ٥- بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و هاونیشتمانی بەم کەناڵە لە هەواوە بۆ گوێگرانی، چونکە پەخشی ڕادیۆ بەربەستی سنووری سیاسی و سانسۆر دەبڕێ و ڕاستەوخۆ بەخێرایی لە هەواوە دەگا بە گوێگرانی. بەپێچەوانەی بڵاوکراوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەوە، کە گواستنەوە و گەیاندنی ئاسان‌نییە، بەتایبەت ئەگەر قەدەغەکردن و بەربەستی سنووری هەبن.[٧٥]

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری یەکەم ڕادیۆی کوردیی یەریڤان بکەین، دەتوانین بە ڕوونی هەستی پێبکەین کە ئەم ڕادیۆیە لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەدا بۆ گشت کۆمەڵگەی کوردی چوارچێوەی یەکێتیی سۆڤیەت و لە سەرانسەری کوردستانیشدا ئەم ڕۆڵەی بۆ زمان و نەتەوە گێڕاوە، چونکە بەکارهێنانی زمان لە پەخشی ڕادیۆدا بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستە کە زمانەکەی هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنی دراوە، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەگێڕێ، بەتایبەت ڕۆڵی لە گەیاندنی هەستی نەتەوەییدا بە باکووری کوردستان، کە زمانی کوردیی تێدا قەدەغە و سزای لەسەر بووە، ڕادیۆی یەریڤان بۆ ئەوان ئەو ڕۆڵە نەتەوەییەی گێڕاوە کە لە ڕێی ئەم کەناڵەوە گوێیان لە زمانی کوردی و مۆسیقا و گۆرانیی کوردی بووە.

ڕادیۆی کوردیی یەریڤان، ساڵی ١٩٣٧ وەک هەموو چالاکییە فەرهەنگییەکانیدی لە لایەن دەسەڵاتی ستالینەوە داخرا، بەڵام دواتر ساڵی ١٩٥٥ دەستی بە پەخشی ئاساییی خۆی کردەوە و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە. قۆناغی دووەمی پەخشی ڕادیۆی یەریڤان، جاسمێ جەلیل بەڕێوەبەری ڕادیۆکە و بەرپرسی بەشی ئەرشیفی مۆسیقا و ئەدەبیاتیش بووە و هەتا ساڵی ١٩٦٣ لەم ئێزگەیە درێژەی بە کار و چالاکی داوە. ئەم ماوەیە ٧٠٠ گۆرانیی لە ڕادیۆ تۆمار و پەخش کردووە. کۆمەڵێک کوردی ئەرمەنستان لە دەستەی ڕادیۆکەدا کاریانکردووە، وەک: ئەحمەدێ گۆگێ، بارییێ مەحموود، جەمالێ ئوسیڤ، مورادێ خەلیلۆڤ، فەریکێ ئوسیڤ، نوورێ پۆلاتۆڤا... زۆریدی. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەنگی ژنی کوردیش لەم ڕادیۆیەدا تۆمارکراوە، جەمیلە جەلیل بۆ ماوەیەکی درێژ کاریکردووە. توێژەرەوە و نووسەری کوردی وەک قەناتێ کوردۆ، ئەمینێ عەڤدال، حەجییێ جندی، هەروەها کوردناسی ڕووسی مینۆرسکی، بابەت و وتاریان بۆ ناردووە و خوێندراوەتەوە.[٧٦]

لایەنێکی زۆر گرنگی ئەم ڕادیۆیە، تۆمارکردنی گۆرانی و سترانی دەنگبێژانە، کە ئەرشیفێکی یەکجار گەورە و دەوڵەمەندی هەیە. ئەم ڕادیۆیە لە کاتێکدا گۆرانیی بە کوردی بڵاودەکردەوە کە زمان و گۆرانی و ئاوازی کوردی لە باکووری کوردستان بەتوندی قەدەغەبووە، تەنانەت گوێگرتن لە ئێزگەیەکی کوردی بە تاوان دانراوە و سزای لەسەر بووە، بۆیە ئەم ڕادیۆیە دەسکەوتێکی گرنگ و کاریگەر بووە بۆ باکوور. کوردانی باکوور زیاتر گوێیان لە ڕادیۆی کوردیی یەریڤان گرتووە، نەک ڕادیۆکانیدی لە بەغدا و تاران، چونکە ئەم دووەی دوایی بە لەهجەی کوردیی ناوەندی بووە، بەڵام ئەوەی یەریڤان بە کوردیی باکوور (کورمانجی) بووە، کە هەمان لەهجەی کوردیی باکووری کوردستانە.

[75] Ibid. P. 298.

[76] Metin Yüksel, Dengbej, Mullah, intelligentsia.p. 344 – 345.

ئیسماعیل بێشکچی لە شەستەکانی سەدەی بیستەم، خەریکی توێژینەوەیەکی مەیدانی بووە لەنێو هۆزە ڕەوەندەکانی گوندی ئالیکان Alikân، کە گوندێکی نێوان ئەلعەزیز و مەلاتیای باکووری کوردستانە، بۆی ڕوونبووەتەوە خەڵکی ئەو ناوچەیە هەرگیز گوێ لە ڕادیۆیەکانی ئەنقەرە و وان ناگرن کە بە تورکی پەخش دەکرێن، بەڵکوو گوێ لە ڕادیۆ کوردییەکانی یەریڤان و تاران و بەغدا دەگرن. ئەمەش جارێکیدی بایەخی ئەم ڕادیۆیە بۆ باکووری کوردستان ڕووندەکاتەوە کە چەندە کاریگەر بووە لەسەر دانیشتووانی کوردی تورکیا.[٧٧]

ئەو کوردانەی نیشتەجێی نەخچیوان و ئازەربایجان و گورجستان کە ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٤٤ لە سەردەمی ستالیندا دوورخرابوونەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست، ژێردەستە بوون و لە هەموو مافێکی خوێندن بە زمانی خۆیان بێبەشبوون، لەو دووروڵاتییە ڕادیۆی کوردیی یەریڤان ڕۆڵێکی گرنگی بۆ ئەوانیش هەبووە بۆ پاراستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەییان.[٧٨]

ڕادیۆی یەریڤان، دوای تێپەڕبوونی ٩٠ ساڵ بەسەر دامەزرانیدا، لەم ماوە درێژە پڕ لە خزمەتەدا ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی هەیە، نزیکەی دە هەزار بابەتی فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردیی ئەرشیفکردووە، کە بابەتی ناوازە و دەگمەنی تێدایە، جاروبار شانۆگەریشی بڵاوکردووەتەوە. ئەمە جگە لە گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی مێژووی کورد لە قەفقاز.[٧٩]

**گەشەکردنی زمانی کوردی لە بواری شانۆدا**

بوارێکی دیکەی گەشەکردنی زمانی کوردی لە ئەرمەنستان، بواری هونەری شانۆ بووە. پێشکەشکردنی شانۆ بە زمانی ناوچەیی خەڵک ڕۆڵێکی گرنگی لە پاراستن و پێشخستنی زماندا هەبووە. شانۆ و دراما و سینەما ئاوێنەیەکی کولتووریی کۆمەڵگەن و بەکارهێنانی زمانن لە کارە هونەرییەکان و گەیاندنی پەیامدا بە شێوەی هونەری. شانۆ بە زمانی ئەو کۆمەڵگەیە زمان لای ئاخێوەرانی بەهێزدەکا و پلەوپایەی پێدەبەخشێ، لە هەمان کاتدا پرۆسەی فێربوونی ئەو زمانەش لای منداڵ ئاسان و بەهێز دەکا. هەر زمانێک کە هاتە بواری شانۆ و سینەما، ئەو زمانە چیدی زمانێکی زارەکی نییە، ئاستی بەرزدەبێتەوە بۆ زمانی هونەر و فەرهەنگ.

لە ڕووی هونەری شانۆوە، کورد لە ئەرمەنستان پێش بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەم چالاکییە هونەرییەی هەبووە. وەک دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکەوەژیانی کورد و ئەرمەنی لە ئەرمەنستان. نەتەوەی ئەرمەن زۆر بایەخ بە بوارەکانی هونەری وەک مۆسیقا، شانۆ، سینەما، دراما... دەدا و گەلێکی کۆن و خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی نووسین و ئەدەبیاتە، کاریگەریی ئەم نەتەوە خاوەن فەرهەنگە بەڕوونی بەسەر ژیانی کوردانی ئەرمەنستانەوە دیارە، وای لێکردوون ئەوانیش وەک ئەرمەن بایەخ بە بواری هونەری شانۆ و مۆسیقا بدەن. لە هەمان کاتدا، حکوومەتی ئەرمەنستانیش هیچ ڕێگرییەکی نەکردووە بۆ پێشخستنی کولتووری کوردیی کوردانی ئەرمەنستان، لە هەموو بوارێکدا زەمینەخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی کورد لە بواری جیاواز پێشبکەوێ. پێشخستنی هونەری شانۆ لای کوردە ئێزدییەکان کە پاشخانێکی عەشیرەتی و نیمچەڕەوەندییان هەبووە، بێگومان کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵام خوێندەواربوونیان بەخێرایی و ژیانیان لە کۆمەڵگەیەکی ئەرمەنی هونەردۆستدا هاندەر بووە بۆ ئەوەی ئەوانیش هەمان ڕێبازی هونەری بگرنەبەر. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە گەلی ئەرمەنیش زۆر هاوکار و پشتیوانی کوردە ئێزدییەکان بووە، هەوڵیداوە کورد لە ئەرمەنستان لە هەموو ڕوویەکەوە پێشبخا. هەندێک نووسەر و ڕۆشنبیری ئەرمەنی زمانی کوردییان بە باشی زانیوە و کاریان بۆ پێشخستنی زمانی کوردی و کۆمەڵگەی کورد کردووە، باشترین نموونەش لازۆیە کە یەکەم ئەلفبێی کوردیی لەسەر پیتی ئەرمەنی بۆ کوردانی ئەرمەنستان و گورجستان سازکرد، وەک لە سەرەوە باسکرا. لە بواری هونەریشدا، چەندین هونەرمەند و شانۆکار و سینەماکاری ئەرمەنی لەگەڵ کورد هاوکاربوون یا فیلمیان لەسەر ژیان و گوزەرانی کورد دەرهێناوە، ئەمڕۆ ئەم فیلمانە بوون بە فیلمی بەڵگەنامەیی بۆ ژیانی کوردە ئێزدییەکانی قەفقاز.

ساڵی ١٩٣٧ شانۆی کوردی بە بڕیاری حکوومەتی

[77] Metin Yüksel, Dengbej, Mullah, intelligentsia.p.342.

[٧٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەمەزان سەیدۆڤ سەرۆکی کۆمەڵەی کوردیی قەرغیزستان (مەدیا)، لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٠/١٠ لە بیشکیک، پایتەختی قەرغیزستان.

[٧٩] چاوپێکەوتن لەگەڵ تیتالی کەرەم، بەڕێوەبەری بەشی کوردیی ڕادیۆی یەریڤان، لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٧/٢٧ لە یەریڤان، پایتەختی ئەرمەنستان.

کۆماری ئەرمەنستان لە ناحیەی ئەلەگەز، کە پێشتر ناوی جاموشڤانای مەزن بوو، دامەزرا. پێش دامەزرانی شانۆی ئەلەگەز، خوێندکارانی تێخنیکوم لە یەریڤان چەند دەقێکی شانۆییان پێشکەشکردووە، وەک پیەسی وەزیرێ نادری بە ناوی "ڕەڤا ژنێ" کە ئەم دەقە شانۆییە لە لایەن قوتابییانی تێخنیکومەوە کراوە بە شانۆگەری و لە یەریڤان پێشکەشکراوە.[80]

دامەزرانی شانۆ لە گوندی کوردان هەنگاوێکی گرنگ بووە بۆ پێگەیاندنی ئەکتەری باش و پسپۆڕی شانۆیی، کە ڕۆڵێکی گەورەیان لە پێشکەشکردنی شانۆدا نوواندووە. نووسەرانی ئەرمەنیش لە ئەرمەنستان چەندین وتاریان سەبارەت بە شانۆی کوردی نووسیوە و باسی پێشکەوتنی شانۆی کوردییان کردووە. بوونی ئەم شانۆیە لە ئەلەگەز لە ماوەی پێنج شەش ساڵدا، کاریکیکردووە کۆمەڵێک گەنجی ئاسایی کە پێشتر ئەکتەر نەبوون، بتوانن لە شانۆی ئەلەگەزدا داهێنان بکەن و ئەکتەری پسپۆڕیان لێدەرچێ، لە هەمان کاتدا شانۆگەرییەکانیشیان بینەری زۆری بووە، بە ڕادەیەک کە ساڵۆنەکەی پڕ خەڵک بووە و خەڵکێکیش بەپێوە وەستاوە.[81]

یەکێک لەو شانۆگەرییانەی کە پێشکەشکراون و بینەران زۆر حەزیان پێکردووە، شانۆگەریی "مەم و زین" بووە. ئەم شانۆگەرییە نووسەرێکی ئەرمەنی سۆخۆمۆن تارۆنسی ناو بە کوردی نووسیویەتی، چونکە کوردیی باش زانیوە. شانۆگەرییەکە لە داستانی فۆلکلۆریی مەم و زین وەرگیراوە و بە شێوەی پیەسی شانۆیی نووسراوەتەوە، ئەوجا لە شانۆی ئەلەگەز پێشکەشکراوە. ئەم نووسەرە ئەرمەنییە دۆستی کورد بووە و کۆمەڵێک داهێنانی کوردیشی بۆ ئەرمەنی تەرجەمەکردووە. شانۆگەرییەکەش ئەوەندە سەرنجکێش بووە، هەتا ئێستا لە بیرەوەری خەڵکدا ماوەتەوە.[82]

پێش دامەزراندنی شانۆی حکومی لە ئەلەگەز، چەند نووسەرێکی کورد دەقی شانۆیان نووسیوە. لەم ڕووەوە حەجییێ جندی بایەخێکی زۆری بەم دەقە شانۆییانە داوە بە نووسین و تەرجەمەکردن. ناوبراو چەندین پیەسی شانۆییی ئامادەکردووە: "قوتیا دوو دەرمانا" و "ئاوا، یانێ وا"، دوو پیەسی شانۆیین ساڵی ١٩٣٢ لە یەریڤان چاپبوون، دوو پیەسی دیکەشی لە ئەرمەنییەوە تەرجەمەی کوردی کردووە بە ناوەکانی: "ڕیا تەزە"، ١٩٣٤ چاپ بووە، "سەر ڕیا دەولەمەندییێ" ١٩٣٥ چاپبووە.[83] ئەم پیەسانە بە شێوەی دیالۆگی نێوان ئەکتەرەکان نووسراون، بۆ ئەوەی وەک شانۆگەری بە شێوەی هونەری لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەشبکرێن.

بێگومان هاتنی شانۆ بۆ گوندی کوردان، ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە بۆ نووسەرانی کوردی ئەرمەنستان کە دەقی شانۆیی بە کوردی بنووسن یا تەرجەمەبکەن. ئەمەش جارێکی دی هەنگاوێک بووە بۆ پێشخستنی زمانەکە لە بواری دەقی داستان و چیرۆکی شانۆییدا. ئەم جۆرە پەخشانە، لە سییەکانەوە بووە بە جێگەی بایەخی نووسەرانی کوردی ئەرمەنستان.

لە بواری سینەماشدا، یەکەم فیلمی کوردی بە ناوی "زارێ"وە لە ئەرمەنستان دەرهێنراوە، فیلمێکی ٧٢ دەقەیی بێدەنگ بووە، دەرهێنەری بەناوبانگی فیلمی سینەمایی ئەرمەنی، هامۆ بێک - نازاریان ئامادەیکردووە و ساڵی ١٩٢٦ پەخشکراوە. فیلمەکە کورتە چیرۆکێکە نووسەری ئەرمەنی لازۆ (هاکۆب غازەریان) نووسیویەتی و چیرۆکێکی دڵدارییە و هاوکات دابونەریت و ژیانی ڕەوەندیی کوردانی ئێزیدیش نیشاندەدا. زارێ لەم فیلمە، ئەکتەرێکی ئافرەتی ئەرمەنییە، ناوی ماریا تێنازییە.[84] سینەمای ئەرمەنی هەر لە سەرەتاوە زۆر بایەخی بە ژیانی کولتووریی کوردانی ئەرمەنستان داوە، هەر بۆیە ئەم دەرهێنەرە ئەرمەنییە ئەم فیلمەی لەسەر کورد بەرهەمهیناوە، فیلمەکەش لە زۆزانی ئەلەگەز ئامادەکراوە کە هەواری گوندی کوردە ئێزدییەکانە.

ئەم فیلمە هەرچەندە لە ڕووی زمانەوە ڕۆڵی نەبووە، چونکە فیلمێکی بێدەنگ بووە، ئەم دواییە بە دەنگیش دەرهێنرایەوە، بەڵام ئەم فیلمە سەرەتایەکی گرنگ بووە بۆ دەرکەوتنی هونەری سینەما لەناو کورددا و ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی چەندین فیلمی دیکەی کوردی.

---

80 Eskerê Boyîk, Çanda kurdên Sovêtê. R. 116.

81 Çavkanî berî. R. 117.

82 Çavkanî berî. R. 118.

٨٣ فریدا هەجی جەواری، هەجییێ جندی و مالباتا وی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل-٢٢٥.

84 A. Bakhchinyan, Zaré and Kurds-Yezids. The representation of the Kurds in two Soviet Armenian films. Cinergie – Il Cinema E Le Altre Arti, 4(7), 2015. Pp. 105–111.




ڕێکلامی فیلمی کوردیی زارێ، لە ساڵی ١٩٢٦.




پیەسی شانۆگەریی ڕیا تەزە، ١٩٣٤.
حەجییێ جندی لە ئەرمەنییەوە تەرجەمەی کوردی کردووە

**کورد لە ئازەربایجان**

کورد لە ئازەربایجان، بە بەراورد لەگەڵ کۆمارەکانی دیکەی باشووری قەفقاز، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە زۆر زووەوە لە ئازەربایجان و بەتایبەت ناوچەی قەرەباغ نیشتەجێبووە. دوای دامەزرانی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، کورد لەم ناوچانەی کۆمارەکە نیشتەجێبووە: ناوچەی باشوور و ڕۆژئاوای قەرەباغی شاخاوی، ناوچەی زاردابا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئازەربایجان، هەروەها دەوروبەری سێدەرەک و تەیڤاز لە نەخچیوان.[٨٥] هەموو کوردی ئازەربایجان، کوردی موسڵمانن و کوردی ئێزدی لەوێ نیشتەجێنەبووە.

ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئازەربایجان، بەپێی ئامارەکانی سەرژمێریی ساڵی ١٩٢١، لە لادێکانی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت ٣٢٧٨٠ کەس بووە. دواتر ژمارەی کورد، بەپێی یەکەم سەرژمێریی یەکێتیی سۆڤیەت ساڵی ١٩٢٦، لە ئازەربایجان ٤١ هەزار کەس بووە، کە دەیکرد ١٫٨٪ی هەموو دانیشتووانی ئازەربایجان.[٨٦] ئەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئازەربایجان لە ماوەی نزیک سەدەیەکدا نیشاندەدا.

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئازەربایجان |
|---|---|
| ١٩٢١ | ٣٢٧٨٠ |
| ١٩٢٦ | ٤١٠٠٠ |
| ١٩٣٩ | ٦٠٠٠ |
| ١٩٥٩ | ١٥٠٠ |
| ١٩٧٠[٨٧] | ٥٥٠٠ |
| ١٩٧٩ | ٥٧٠٠ |
| ١٩٨٩ | ١٢٢٠٠ |
| ١٩٩٩ | ١٣١٠٠ |
| ٢٠٠٩[٨٨] | ٦١٠٠ |

ئەم ئامارە دەریدەخا کە ژمارەی کورد لە ئازەربایجان، نەک هەر زیادینەکردووە، بەڵکوو بەردەوام لە کەمبوونەوەدا بووە، بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٠ کە بەخێرایی دابەزیوە بۆ ٦١٠٠ کەس. ئەگەر بەراوردێکی ژمارەی ساڵی ١٩٢٦ی دانیشتووانی کورد لە ئەرمەنستان بکەین کە تەنیا ١٥٢٢٦ کەس بووە، لەگەڵ کوردی ئازەربایجان کە ٤١ هەزار کەس بووە، دەردەکەوێ

---

[٨٥] توسنی ڕەشید، کوردی یەکەتیی سۆڤیەت، پێشتر و ئێستا، ل٣٥.

[٨٦] شاکرۆیێ محۆیی، دیسان سەبارەت بە کوردەکانی ئازەربایجان، وەرگێڕانی بۆ کوردی: د. جەبار قادر، لە کتێبی: کوردستان و کورد، کۆوتاری کوردناسانی سۆڤیەت و ڕووسیا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢١، ل٤٥٨.

[٨٧] بۆ ئاماری ساڵانی ١٩٢٦ تا ١٩٧٠ی کورد لە ئازەربایجان، بڕوانە: شاکرۆیێ محۆیی، دیسان سەبارەت بە کوردەکانی ئازەربایجان. ل٤٦٢.

[٨٨] ئاماری نێوان ساڵانی ١٩٧٩ تا ٢٠٠٩ی دانیشتووانی کورد لە ئازەربایجان، لە ئاماری ڕەسمیی ئازەربایجان وەرگیراوە. بڕوانە:
https://web.archive.org/web/20121023024344/http://www.azstat.org/statinfo/demoqraphic/en/AP_/AP_1.shtml accesed 14/12/2021

کوردی ئازەربایجان ئەوسا لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە نزیکەی سێ ئەوەندەی کوردی ئەرمەنستان بووە، بەڵام ئەمڕۆ کوردی ئەرمەنستان ٤٠ هەزار کەس و کوردی ئازەربایجانیش ٦ هەزار کەسێک دەبن. لەم بەراوردەدا دیارە کە کورد لەم وڵاتە زۆر بەخێرایی کەمدەبنە و دەتوێنەوە. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی کۆماری ئازەربایجان کە بەدرێژیی حوکمڕانیی سۆڤیەت نەتەوە بچووکەکانی ئەسمیلەکردووە. هەروەها ستالین ساڵانی سی، هەزاران کوردی لە نەخچیوانی ئازەربایجانەوە کۆچ پێکرد بۆ ئاسیای ناوەڕاست. دواتریش بەرپابوونی شەڕی کۆتایی هەشتاکان لەسەر قەرەباغ، بووە هۆی ئاوارەبوونی دانیشتووانی کورد لە قەرەباغەوە بۆ ناو ئازەربایجان و ڕووسیا، هەروەها پەرتەوازەبوونی کورد لەنێو کۆمەڵگەی ئازەریدا و تووانەوەیان لەنێو ئەم کۆمەڵگەیە.

**ڕەوشی زمانی کوردی لە ئازەربایجان**

ڕەوشی زمانی کوردی و خوێندن بە کوردی لە کۆماری ئازەربایجان، لە دۆخێکی تەواو جیاوازدا بووە، ئەو مافەی کە هەبووە لە چوارچێوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا بۆ خوێندن بە زمانی دایک و لە ئەرمەنستان جێبەجێکراوە، بۆ کوردانی ئەوێ وەک پێویست جێبەجێنەکراوە، هەرچەندە وەک ئەرمەنستان لە ڕووی سیاسی و کارگێرییەوە لە چوارچێوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا بووە، دەبووایە هەمان بەرنامەی مافی نەتەوە بچووکەکان بۆ زمان لەوێش جێبەجێبکرێ. ئەمە وێڕای ئەوەی کە کورد لەم کۆمارە مێژوویەکی کۆنتری هەیە، بە بەراورد بە مێژووی نیشتەجێبوونی کورد لە ئەرمەنستان و گورجستان. هەروەها ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیی ئیداری کوردیش لە ناوچەی ناگۆرنۆ قەرەباغ هەبوو، بە کوردستانی سۆر ناسراو بوو و زۆرینەی دانیشتووانەکەشی کورد بوو. بۆیە بە پێوەرە سیاسی و کارگێری و مێژووییەکان بێ، دەبووایە کوردانی ئازەربایجان لە کوردانی ئەرمەنستان زیاتر مافی خوێندن بە زمانی کوردی بەدەستبێنن، بەڵام سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئەم کۆمارە کارێکیکردووە پێیان خۆشنەبێ کورد لە وڵاتەکە وەک نەتەوەیەکی بچووک هەبێ و پێشبکەوێ. تورکیاش ئەوسا و ئێستا لەگەڵ ئازەربایجان هاوکار و دۆست بووە. بۆیە ئەم مافە وەک پێویست جێبەجێنەکراوە و کوردەکانیش لە ڕووی زمان و نەتەوە ئەسمیلەکراون و لە ئامارەکانیشدا ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەیان کەمبووەتەوە.

لەم بەشەدا باسی ئەو یەکە ئیدارییە دەکەین لە قەرەباغ کە بە کوردستانی سۆر ناسراو بووە و زۆربەی دانیشتووانی کوردیش لە ئازەربایجان لەوێ نیشتەجێبوون. هەروەها تیشک دەخەینە سەر ئەو هەوڵانەی کە دراون بۆ چەسپاندنی خوێندن بە زمانی کوردی لەم ناوچە کوردنشینە.

**کوردستانی سۆر و ڕەوشی خوێندن بە زمانی کوردی**

کوردستانی سۆر ئەو هەرێمە بوو کە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت ٧ی تەمووزی ١٩٢٣ لە ڕۆژئاوای ناوچەی ناگۆرنۆ قەرەباغی کۆماری ئازەربایجان دایانمەزراند و پێیدەگوترا کوردستانی ئویەزد Kurdistan Uezd، واتە ناحیە یا قەزای کوردستان. ئویەزد یەکەیەکی ئیداری بووە لە سۆڤیەت، وەک یەکەی ئیداریی ناحیە و قەزا لە سیستەمی ئیداریی عێراقدا. کوردستانی ئویەزد، هەندێک جار کوردستانی سۆر یا کوردستانی سۆڤیەتیشی پێگوتراوە، تەنیا یەکەکی ئیداری بووە و هیچ ناسنامەیەکی نەتەوەییی نەبووە، چەند ناوچەیەکی گرتووەتەوە: کەڵبەجار، لاچین، کوباتلی، زەنگلان، بەشێکی جبرەئیلیش، پایتەختەکەی شاری لاچین بووە. دانیشتووانەکەی کوردی موسڵمانی شیعە بوون.[89] ئەم یەکە ئیدارییە، هەرچەندە وەک یەکەکی ئۆتۆنۆمی ناوی براوە، بەڵام هیچ دامودەزگایەکی ئۆتۆنۆمیی وەک ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی نەبوون، وەک ئەوەی دوای بەیانی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ لە باشووری کوردستان دامەزرا.

هاوکات هەمان ڕۆژی ٧ی تەمووزی ١٩٢٣ هەر لە قەرەباغ، بەتەنیشت کوردستانی سۆرەوە، هەرێمی ئۆتۆنۆمیی ناگۆرنۆ – قەرەباغیش دامەزرا، کە دانیشتووانەکەی بە زۆرینە ئەرمەنی و پایتەختەکەی شاری ستێپەنەکێرد Stepanakert بوو. بەپێچەوانەی کوردستانی سۆرەوە، ئەم هەرێمە ئۆتۆنۆمییە ئەرمەنییە، دەزگاکانی یاسادانان و بەڕێوەبردنی هەبوو.[90]

[89] Harun Yilmaz, The Rise of Red Kurdistan, Iranian Studies, 47:5 Routledge, London, 2014. P.802 -803.
[90] Ibid. p.803.

٨ی نیسانی ١٩٢٩، کۆنگرەی شەشەمی ئازەربایجانی سۆڤیەت، ڕیفۆرمی لە یەکە ئیدارییەکان‌دا کرد و هەموو ئویەزدەکانی هەڵوەشاندەوە و کوردستانی ئویەزدیش هەڵوەشایەوە. ئەم هەڵوەشاندنەوەیە، بەشێک بوو لە سیاسەتی سۆڤیەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئویەزدەکان لە یەکێتیی سۆڤیەت. دوای ئەوە ناوچەکانی کوردستانی سۆر خرانە سەر هەرێمی (ئۆکروگ)ی ئۆتۆنۆمیی ناگۆرنۆ - قەرەباغ، بوو بە کوردستانی ئۆکروگ Kurdistan Okrug. ئوکروگیش یەکەیەکی ئیدارییە لە سۆڤیەت، لە ئویەزد گەورەترە. ئەم هەرێمە ئیدارییەش چەند مانگێکی خایاند، دواتر ئەنجومەنی کۆمیساری گەل لە سۆڤیەت و کۆمیتەی ناوەندیی جێبەجێکردن لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٣٠ هەموو سیستەمە ئیدارییە ئوکروگەکانیش لە سۆڤیەت هەڵوەشێندرایەوە.[٩١] بەم پێیە هەتا ساڵی ١٩٣٠ لە سۆڤیەت یەکە ئیدارییە ئۆتۆنۆمییەکان، بە ئویەزد و ئوکروگی کوردستانی سۆریشەوە، هەموویان هەڵوەشانەوە.

ئەم یەکە ئیدارییە کوردییە کە شەش هەتا حەوت ساڵ بەردەوامبووە، هیچ دەستکەوتێکی زمان و فەرهەنگی نەبووە و ئەم ماوەیە لە هیچ یەک لە گوندەکانی‌دا بە کوردی نەخوێندراوە. بەڵام دواتر ساڵانی سی، نێوان ١٩٣١ تا ١٩٣٦، چەند هەوڵێکدراوە بۆ ئەوەی خوێندن بە زمانی کوردی لەم هەرێمە جێبەجێبکرێ، ئەمە دوای ئەوەی کە کوردستانی سۆر لە ڕووی ئیدارییەوە لەسەر نەخشەی سیاسی و ئیداریی ئازەربایجان سڕابووەوە.

بەگوێرەی ئامارێکی ساڵی ١٩٢٦، تێکڕای ژمارەی کورد لە کوردستانی سۆر لە ئازەربایجان ٣٧,١٨٢ کەس بووە (٧٢,٢٪ی دانیشتووانی ئویەزد) لەمانە تەنیا ٣,١٢٣ کەس بە کوردی قسەیانکردووە. بەڵام دانیشتووانی کوردی نەخچیوانی ئازەربایجان، ساڵی ١٩٢٥ بە ٣٠٠٠ کەس تۆمارکراوە. لەم ژمارەیە، ساڵی ١٩٢٩ تەنیا ١٧,٨ کورد لە ئازەربایجان توانیویانە بە کوردی قسەبکەن.[٩٢] ئەم ئامارە نیشانی‌دەدا کە دانیشتووانی کورد لە ئازەربایجان، بەتایبەت لە کوردستانی سۆر، پێش‌وەخت بە زۆرینە ئەسمیلەبوون. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ژن و ژنخوازیی نێوان تورکی ئازەری و کورد، کە بە حوکمی ئەوەی سەر بە یەک دین و مەزهەبن، هەردوو لا موسڵمانی شیعە بوون، تێکەڵ بەیەک بوون. لەبەر زاڵبوونی زمانی تورکیی ئازەریش، زمانی کوردی لە خێزانەکەدا نەگوێزراوەتەوە بۆ منداڵان. بۆیە ئەوانەی کە لە شار و شارۆچکەکان بوون، ئەسمیلەبوون. ئەوانەی کە لە شاخ و دوور لە شار ژیاون، فێری زمانی تورکی نەبوون و زمانی کوردییان پاراستووە. ئەم حاڵەتە لەنێو کوردە ئێزدییەکان‌دا نەبووە، کە تێکەڵ بە ئەرمەنی و تورک نەبوون، تەنانەت تێکەڵ بە کوردی موسڵمانیش نەبوون، بۆیە زمانی کوردییان بە چاکی پاراستووە.

ئەمانە و چەندین ئاماری دیکەی دواتریش، دەری‌دەخەن کە ئەو کوردانەی وا توانیویانە بە کوردی قسەبکەن، ڕێژەکەی زۆر کەمبووە، واتە سەردەمی پێش حوکمڕانیی سۆڤیەت لەو ناوچانەی قەفقاز، کوردانی ئازەربایجان بە زۆرینە ئەسمیلە بووبوون.

لە لایەکی دیکەوە، زمانی کوردی لە ئازەربایجان بە کەم سەیرکراوە، چونکە زمانێک بووە هیچ پلەوپایەیەکی نەبووە و زمانی خەڵکی گوندی بووە، بەڵام زمانی ئازەری زمانی باڵادەست و خاوەنی پلەوپایە بووە، کاروباری ئیداری و بازرگانی و ئابووری و خوێندن هەموو بە ئازەری بووە.

کورد لەم هەرێمە چەند هۆزیک بووە، ژیانێکی نیمچە ڕەوەندی هەبووە، لە هاوین چووەتە چیاکانی زەنگەزۆر لە ئەرمەنستان. دەسەڵاتی ئازەربایجانیش ئەم کۆمەڵگە عەشایەریی تەقلیدییەی بە کەم سەیرکردووە، بە کۆمەڵگەیەکی عەشایەریی نیمچەڕەوەندی پاشماوەی دەرەبەگیی داناوە، کە لە پاشخانێکی دواکەوتووەوە هاتووە، دەبێ ئەم سیستەمە دەرەبەگییە عەشایەرییە لە یەکێتیی سۆڤیەت لەبەین‌بچێ و خەڵکەکەی خوێندەوار بکرێ و کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی لێ بەرهەمبێ؛ بۆ ئەمەش، خوێندن بە زمانی خۆیان ئەم پرۆسەیە ئاسانتر جێبەجێ‌دەکا.[٩٣]

---

[91] Ibid. p.799 -822.
[92] Ibid. P. 813.
[93] Ibid. P. 808.

بوکشپان، نووسەری کتێبی "کوردی ئازەربایجان" بە ڕووسی، کە ساڵی ١٩٣٢ لە باکۆ چاپکراوە،[٩٤] باسی ڕەوشی کوردی ئازەربایجانی کردووە کە زوڵم و زۆرداریی دەرەبەگە تورکەکانیان لەسەر بووە و ژێردەستە بوون. لەبارەی زمانی کوردیشەوە باسی ئەوەی کردووە کە کۆمەڵگەی تورکی ئازەری بە کەم ڕوانیویەتە دەوروبەری خۆی و گاڵتەی بە کوردان کردووە کە بە کوردی دوواون، بۆیە ئەوانیش لە نێوان خۆیان سوێندیان خواردووە کە ئیدی بە کوردی قسەنەکەن،[٩٥] بۆ ئەوەی چیدی سووکایەتییان پێنەکرێ. ئەم دۆخە ژێردەستییە، توانەوەی زمانی لەنێو کۆمەڵگەی نەتەوەی سەردەستدا خێراترکردووە.

بوکشپان لەم ڕووەوە ئاماژەی بە گوتەی یەکێک لە بیرمەندەکانی موساوات داوە کە ناوی وەلییێڤ و ناسناوی بەهارلی بووە، بەئاشکرا لەسەر مردنی زمانی کوردی و زمانانی دیکەی ناو ئازەربایجان دوواوە و گوتوویەتی: "زمانی تورکیی ئێستا زیاتر و پتر دەستکەوتی هەیە، تەنگی بە زمانەکانی دیکە هەڵچنیوە، ئەو زمانانەی کە کۆنن و سەردەمیان بەسەرچووە و باویان نەماوە، وەک زمانی تاتی، تاڵشی، لەزگینی و کوردی، و .. تاد."[٩٦] هەڵبەت هەر ئەم جۆرە بووچونەش بووە سەبارەت بە زمانی کوردی کە دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان هەتا ساڵی ١٩٣٠ هیچ کارێکیان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی نەکردووە، هەمیشە دوایانخستووە و کۆسپ و تەگەرەیان بۆ دروستکردووە.

ئەو ماوەیەی کە ئیدارەیەکی کوردی لە ناوچەی ناگۆرنۆ- قەرەباغ دامەزرا، هیچ قوتابخانەیەکی کوردی لەم هەرێمە نەکرایەوە، لە ڕووی خوێندنەوە بە زمانی کوردی هیچ دەستکەوتێکی نەبوو. کاتێک ساڵی ١٩٣٠ ئەو هەرێمەی کوردستانی سوور و هەموو هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکانی دیکەی نەتەوە بچووکەکانیدی هەڵوەشێندرانەوە تا ئەو ساڵەش یەک کتێبی دەرسیی کوردی لە ئازەربایجان نەبوو.[٩٧] ئەمەش چەند هۆیەکی هەبووە: سەرەتا ساڵانی بیست برسیەتی هەبووە لە هەرێمەکە، کە ماوەی چەندین ساڵ بەردەوامبووە، برسیەتی بە ڕادەیەک بووە کە برستی لە خەڵکە هەژارەکە بڕیوە. ساڵی ١٩٢١ سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسارانی گەل لە کۆماری ئازەربایجان، نەریمان نەریمانۆف، لە نامەیەکیدا بۆ لینین داوای یارمەتیی کردووە. لینینش لە وەڵامدا بڕی چل ملیۆن ڕۆبڵی ناردووە و گوتوویە ئەم بڕە پارەیە بۆ "برسییەکانی ڤۆلگا و کوردستانی برا". دیارنییە ئەم بڕە پارەیە هەتا چەند کێشەی هەژاری و برسیەتیی چارەسەرکردووە، چونکە ساڵانی ١٩٢٢ تا ١٩٢٩ ئابووریی کوردستانی ئازەربایجان زۆر سەختبووە.[٩٨] هەر بۆیە ئەم ماوەیە ئیدارەی هەرێمەکە بە کاروباری ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە سەرقاڵبووە، کەمتر پەرژاوەتە سەر جێبەجێکردنی بەرنامەی خوێندن بە زمانی دایک. هەروەها ناوچەکەش شاخاوی و ڕێگاوبانی کەم بووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زمانەکە ئەلفبێیەکی بۆ خوێندن و نووسین و ئەدەبی نووسراو و چاپکراویشی نەبووە، هەروەها جیاوازیی لەهجەیی لە نێوان ئاخێوەرانیدا هەبووە. ئەمە وێڕای ئەوەی کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی کورد ئەسمیلەبووبوو و کوردیی نەدەزانی. لە هەمووی گرنگتر، کورد ئەوسا کۆمەڵگەیەکی عەشایەریی شوانکارەیی و ڕەوەند بووە و ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەش بە ئاسانی نەچووەتە بەر خوێندن لە قوتابخانە. ئەمانە کۆمەڵە کۆسپێک بوون لەبەردەم خوێندن بە زمانی کوردیدا.[٩٩] خاڵێکیدی کە گرنگە ئاماژەی پێبدرێ، دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان وەک ئەرمەنستان نەبوون، زەمینە بۆ خوێندن و گەشەکردنی زمانی کوردی بڕەخسێنن، وەک چۆن حکوومەتی ئەرمەنستان هەموو ئاسانکارییەکی کردووە بۆ پێشخستنی زمانی کوردی، بەڵام حکوومەتی ئازەربایجان بۆ ئەمە بە پێچەوانەوە بووە.

[٩٤] بوکشپان، سەرۆکی ئەو نێردە کولتووری و ئەتنۆگرافییە بووە بۆ ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان، بەتایبەت ناوچەی کورستانی سوور، کە لە لایەن سۆڤیەتەوە ڕەوانەکرابوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ژیان و گوزەرانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو هەرێمەوە.

[95] A. Bukşpan, Kurdên Azirbêcanê, Wergera Ji Rûsî: Têmûrê Xelîl, Weşanên Lîs, Amed, 2018. R.97 – 98.

[96] Çavkanî berî. R.100.

هەروەها بڕوانە: د. ئەفراسیاو هەورامی، کوردستانی پشت قەفقاس، ل٦٩.

[97] Harun Yilmaz, The Rise of Red Kurdistan. P.818.

[٩٨] م. ئە. هەسراتیان، کوردی یەکێتیی سۆڤیەت، وەرگێڕانی بۆ کوردی: د. جەبار قادر، لە کتێبی: کوردستان و کوورد، کۆوتاری کوردناسانی سۆڤیەت و ڕووسیا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢١. ل٤٢٣-٤٢٤.

[99] Harun Yilmaz, The Rise of Red Kurdistan, P. 822.

سێ باڵ لەناو حکوومەت و پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجان هەبوو بۆ مەسەلەی مافی خوێندن بە زمانی کەمە نەتەوەکان: باڵێکیان کە نێونەتەوەیی بوو، لەگەڵ مافی خوێندن بوو بۆ هەموو کەمە نەتەوەکان لەناو ئازەربایجان، باڵێکی‌دی ڕووسیخواز بوو، پێی باش‌بوو کەمە نەتەوەکان بە زمانی ڕووسی بخوێنن باشترە، چونکە خوێندن بە زمانی کەمە نەتەوەکان کێشە بۆ کۆمەڵگە دروست‌دەکا، هەروەها زمانی ڕووسی زمانی هاوبەشی ناو هەموو گەلانی سۆڤیەتە. باڵێکی‌دی تورکخواز بوو، لەنێوان هەردوو باڵدا بوو، دژی خوێندن بوو بە ڕووسی، هەروەها دژی ئەوەش بوو بە زمانی کەمە نەتەوەکان بخوێندرێ؛ پێی وابوو ئەم خوێندنە دەبێتە مایەی دابەشبوون لەناو کۆمەڵگە، کە زۆرینەی بە ناسنامە و کولتوور تورکییە، بۆیە هاندانی خوێندن بە زمانی کەمە نەتەوەکانی بە پیلانێکی دژ بە ناسنامەی تورکی دەزانی. لە نێوان ئەم سێ باڵەدا، هەردوو باڵی ڕووسیخواز و تورکیخواز یەک ئامانجی هاوبەشیان هەبوو، ئەویش دواخستن و جێبەجێنەکردنی پلانی خوێندن بە زمانی کەمە نەتەوەکان بوو.[100] بوونی ئەم دوو باڵە لە دەسەڵاتی ئازەربایجانی سۆڤیەتدا، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە کە زمانی کوردی لە ئازەربایجان و گەشەنەکا و دانیشتووانە کوردەکەشی لە بۆتەی زمانی تورکی‌دا بتوێنەوە، بەڵام ئەم جۆرە ڕەوتە لە ئەرمەنستان لە دەسەڵاتدا نەبووە، بۆیە دەسەڵات لەوێ بەپێچەوانەوە یارمەتیدەر بووە بۆ گەشەپێدانی زمانی کوردی.

سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم لە یەکێتیی سۆڤیەت، جارێکی‌دی هەوڵێکی چڕ هەبوو بۆ هەموو کۆمارەکان بۆ ئەوەی خوێندن بە زمانی کەمینە نەتەوەکان جێبەجێبکرێ. مۆسکۆ لە ڕێی کۆمیتەی مەرکەزیی کۆمارەکانی قەفقازی سۆشیالیستی فیدراسیۆنی سۆڤیەتییەوە، داوای لە هەرسێ کۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان و گورجستان کرد ڕەوشی زمانی کەمینە نەتەوەکان باش‌بکەن، بە ڕووسی یا زمانی ڕەسمیی نەتەوەی سەرەکیی کۆمارەکەی نەبێ، بەڵکوو پێویستە بە زمانی نەتەوەکەی خۆیان بخوێنن.

درەنگ دەرکەوتنی ئەلفبێی کوردی بە لاتینی، ئەویش هۆکارێک بوو کە خوێندن لە ئازەربایجان دوابکەوێ. سەرەتا کوردانی ئازەربایجان هیچ ئەلفبێیەکیان بۆ نووسین نەبوو، لە لایەکی دیکەوە، کوردانی ئازەربایجان لەگەڵ کوردەکانی ئەرمەنستان هەرچەندە سەر بە یەک لەهجەی کوردیی باکوور (کورمانجی) بوون، بەڵام جیاوازیی بنزاریان هەبوو، چونکە لە دوو ناوچەی جیاوازی کوردستانەوە هاتبوون. کوردیی ناوچەی لاچین – کەڵبەجار لەگەڵ ئەوەی کە لە نەخچیوان قسەی پێدەکرا، جیاوازبوو. کوردی ناوچەی قەرەباغ لە بنەڕەتدا لە ئێرانەوە هاتوون و زمانەکەیان زۆر لەژێر کاریگەریی تورکیی ئازەری‌دا بووە، بەڵام کوردی نەخچیوان زۆربەیان لە باکوورەوە (کوردستانی تورکیا) هاتبوون. ئەمانە چەند کۆسپێک بوون، پێویست بوو یەکلابکرێنەوە پێش ئەوەی دەستبکرێ بە خوێندن لە قوتابخانەکان.

ئەو ئەلفبێ لاتینییەی کە لە ئەرمەنستان سازکرابوو، لە ساڵی ١٩٣٠ەوە کاری پێ‌کرا، کوردانی ئازەربایجانیش هەر هەمان ئەلفبێیان بەکارهێنا، ئیدی دەستیان‌کرد بە بڵاوکردنەوەی کتێب و کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی. ساڵی ١٩٣١ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجان و بەشی کولتووری، کۆنفرانسێکی لە باکۆ ڕێکخست، باسی بایەخی خوێندنی بە زمانی کەمە نەتەوەکانی ناو ئازەربایجان و هەروەها چۆنیەتیی جێبەجێ‌کردنی ئەم بەرنامەیەی تێدا کرا. لە شوشا ساڵی ١٩٣١ کۆرسی هاوینە لە قوتابخانەی باڵای پەروەردەیی ڕێکخرا بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ دەرسدانەوەی زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان. بەشێکی کوردی لە هەمان قوتابخانە کرایەوە و سێ کتێبی دەرسی ساڵی ١٩٣٣ بەچاپ گەیەنرا، بۆ ئەوەی قوتابییان لەم قوتابخانە باڵایە فێرە خوێندنی کوردی بن و ببن بە مامۆستای زمانی کوردی. نێوان ساڵانی ١٩٣٣ و ١٩٣٤، کتێبی دەرسی لە ئازەربایجان بڵاوکرایەوە، ساڵی ١٩٣٦ کتێبی دەرسی ئامادەبوو بۆ ساڵی یەکەم و دووەمی خوێندن. تەنیا دەرسێکی کوردی لە قوتابخانەی باڵای پەروەردەیی شوشا دەخوێندرا، ئەویش زمان و ئەدەبی کوردی بوو. ئەدەبی کوردیش نەدەگوترایەوە، چونکە هیچ کتێبێکی دەرسی نەبوو. بۆ دەرسی ئەدەب، هەندێکی ئەدەبی ئازەری و ڕووسی تەرجەمەی کوردی کرابوو (وەک پوشکین، لێرمۆنتۆڤ، سەمەد ڤورگون، سابیر). ئەم تەرجەمەیەش دووربوو لە مەبەستی دەرسەکە کە تەرخان‌کرابوو بۆ ئەدەبی کوردی و دەرسەکانی‌دی هەمووی بە تورکیی ئازەری بوون. ئەم ماوەیە کە دەرسی

[100] Ibid. P.814–817.

کوردیی تێدا دەدرایەوە بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان لە ماوەی سێ ساڵدا، قوتابییان هێشتا بە باشی سوودیان لەم کۆرسە کوردییە نەبینی و خوێندەوارنەبوون، چونکە ئاستی خوێندنەکە نزمبوو. ئەو زمانە کوردییە یا ئەو لەهجەیەی کە کرابوو بە زمانی خوێندن، هەموو کورد لە ناوچە جیاوازەکان و بە عەشیرەتی جیاواز بە چاکی لێی تێنەدەگەیشتن، کێشەی جیاوازیی لەهجەیی هەبوو. هەر بۆیە دەبووایە زیاتر کار بکرێ بۆ یەکخستنی زمانەکە و بەدیهێنانی زمانێکی یەکگرتوو بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان. دوای ئامادەکردنی مامۆستایان، ساڵی ١٩٣٨ خوێندنی کوردی لە قۆناغی سەرەتایی لە چەند قوتابخانەیەک هەبوو، بەڵام زۆر سەرکەوتوو نەبوو. ئەو ساڵە ٨٠٨ قوتابی لە ١٢ قوتابخانە خوێندوویانە، ئەویش بۆ چەند ساڵێکی خوێندن بوو.[101]

لێرەدا روون‌دەبێتەوە کە هەلومەرجی خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستانی سۆر و هەموو کۆماری ئازەربایجان زۆر سەخت و دژوار بوو، پشتگیریی حکوومەت بۆ خوێندن بە کوردی نەبووە و هەوڵێکی جیدی بۆ نەدراوە، ئەوەی جێ‌بەجێش‌کراوە ساڵی ١٩٣٨ زۆر درەنگ بووە، چونکە هەر ئەو ساڵە کە ستالین خوێندنی بە زمانی کەمە نەتەوەکان قەدەغەکرد، کورد یەکێک بوو لەو نەتەوانە کە زمانەکەی بۆ خوێندن قەدەغەکرا. بەم پێیە، زمانی کوردی کە پێشوەخت لە لایەن زۆربەی ئاخێوەرانی کوردەوە قسەی پێ‌نەکراوە، ئەوەی قسەشی پێ‌کردووە، دواتر کە پێی‌نەخوێندووە، بەخێرایی لەنێو کۆمەڵگەی تورکی ئازەری‌دا تواوەتەوە.

تەنانەت ئەو رۆژنامانەش کە لە کوردستانی سۆر دەردەچوون، هیچ بایەخیان بە زمانی کوردی نەداوە، ئەمە هەرچەندە ناوی کوردستانیان هەڵگرتووە. وەک رۆژنامەی "سۆڤیەت کوردستان" کە ساڵی ١٩٣١ یەکەم ژمارەی لە لاچین بڵاوبووەتەوە. رۆژنامەکە هەرچەندە بە ناوی کوردستانەوە بووە، بەڵام هەموو بابەتەکانی بە زمانی ئازەری بووە و رۆژنامەیەکی هەفتانە بووە بە ئەلفبێی لاتینی. ئەم رۆژنامەیە دیارنییە هەتا چ ساڵێک بەردەوامبووە، بەڵام ئەو ژمارانەی کە دۆزراونەتەوە، نیشانی‌دەدەن کە هەتا ساڵی ١٩٤٥ دەرچووە. رۆژنامەکە زیاتر بایەخی بە هەواڵی دەڤەرەکە داوە و زیاتر پروپاگەندە بووە بۆ دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت، ژمارەکانی بە وێنەی لێنین و ستالین رازێنراوەتەوە.[102] دوای ئەوە رۆژنامەیەکی‌دیی شورا کوردستان ناو بە زمانی ئازەری و ئەلفبێی لاتینی – کریلی دەرچووە، سیاسیی گشتی بووە، ئەویش ناوەرۆکەکەی زیاتر هەواڵی دەڤەرەکە و پڕۆپاگەندە بووە بۆ دەسەڵاتی سۆڤیەت.[103]

شایانی گوتنە، ئەم رەوشە زمانی و نەتەوەیییەی کە بەسەر کورددا هاتووە لە کوردستانی سۆر و ناوچەی قەرەباغ، هاوکات بوو لەگەڵ سیاسەتی تورکیای کەمالی بۆ نکوولیکردن لە مافی زمان و نەتەوەی کورد لە تورکیا، کە ئەو سەردەمە زۆر بەتوندی شۆڕش و راپەرینەکانی کوردی سەرکوتدەکرد و هەوڵی سڕینەوەی کوردی دەدا. کۆماری ئازەربایجانیش کە بە نەژاد تورک و هاوزمانی بوو، ئەویش هەمان هەڵوێست و تێروانی بۆ کورد و زمانی کوردی هەبوو و هەوڵی لەناوبردنی دەدا. ئەمە جگە لەوەی کە حکوومەتی سۆڤیەت پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ تورکیای کەمالی‌دا هەبوو، نەیدەویست لەبەر چەند مافێکی کورد لە ئازەربایجان دڵی دۆستەکەی برەنجێنێ. هەر ئەم سیاسەتەش بوو کە حکوومەتی ئازەربایجان دەویست خۆی رزگاربکا لەو یەکە ئیدارییە کە ناوی کورستانی هەڵگرتبوو و تورکیا ئەم ناوەی پێ خۆش‌نەبوو، لە وڵاتەکەشی ناوی کودستانی قەدەغە کردبوو.[104] تەنانەت سەردەمی حوکمرانیی خرۆچێڤیش، ئەو نەتەوە بچووکانەی کە ناوچەی ئۆتۆنۆمییان هەبوو و لە سەردەمی ستالین‌دا هەڵوەشابووەوە، ئەو سەردەمە جارێکی‌دی بۆیان گەڕایەوە، کوردی ئازەربایجان بۆ ئەمەش رێگەی پێ‌نەدرا جارێکی‌دی ئەم ناوچە ئۆتۆنۆمییە زیندووبکاتەوە، چونکە دەسەڵاتی ئازەربایجان رێگەی‌نەدەدا دووبارە یەکەیەکی ئیداری لەسەر خاکەکەی بە ناوی کوردستانەوە دابمەزرێتەوە.

هەر ئەم سەروبەندەش بوو، ستالین بۆ مەحەکەمکردنی سنوورەکانی سۆڤیەت و پاکسازیی ئەوانەی گومانی لێ‌دەکردن، ناوچە سنوورییەکانی لە

101 Ibid. pp. 819 -821.

١٠٢ فەخرەدین تاهیر، رۆژنامەی سۆڤیەت کوردستان، بیبلیۆگرافیا و شرۆڤە، لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن، چاپخانەی شڤان، هەولێر، ٢٠٠٦. ل٩٣.

١٠٣ رێناس نەورۆزی، رۆژنامەڤانی کوردی، لە رووسیا و ولاتانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو. ل١٣.

١٠٤ شاکرۆیێ محۆیی، دیسان سەبارەت بە کوردەکانی ئازەربایجان. ل٤٦١.

دانیشتووان چۆڵکرد و خەڵکەکەی بەزۆر بۆ ئاسیای ناوەڕاست و سیبیریا ڕاگوێزرا. کوردیش لەم ڕاگوێزانەدا بوو بە قوربانی. ساڵی ١٩٣٧ نزیک بە ١٢ هەزار کورد لە کوردانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان کە کوردی موسڵمان بوون، لە گوندی سێدەرەکی ناوچەی نەخچیوانی ئازەربایجان کە هاوسنوور بوو لەگەڵ ئێران، لە گوندی ڤیدی و ماسیستی ئەرمەنستانیش کە هاوسنوورە لەگەڵ تورکیا، بە زۆرەملێ کۆچیان پێکرا بۆ ئاسیای ناوەڕاست، لە قەرغیزستان و قازاغستان و ئۆزبێکستان نیشتەجێکران. بەڵام کوردانی قەرەباغ کۆچیان پێنەکرا، چونکە ئەوان لەسەر سنووری سۆڤیەت نەبوون.[١٠٥]

ئەم ئامارەی ساڵی ١٩٧٩ کە ژمارەی دانیشتووانی کوردی تێدا لە ئازەربایجان دابەزیوە، بە ٥٧٠٠ کەس دانراوە، ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئەسمیلەکردنی کوردە لە ئازەربایجان، لە کاتێکدا بەپێی ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی دانیشتووان، دەبووایە دانیشتووانی کورد ئەم ساڵە کەمتر نەبووایە لە ٣٥٠ تا ٤٠٠ هەزار کەس.

کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئازەربایجان، ڕەنگە بەشێکی بەهۆی تواندنەوەی خۆبەخۆی کوردەوە بێ لەگەڵ ئازەری، کە کورد ئارەزوومەندانە وازی لە زمانەکەی خۆی هێناوە، ئەمانە هەتا ڕادەیەک ڕاستییان تێدایە، بەڵام سیاسەتی کۆمارەکە کە پشتگیریی خوێندن بە زمانی کوردیی نەکردووە و پێی خۆشنەبووە هیچ یەکەیەکی ئیداریش لەسەر خاکەکەی بە ناوی کوردستانەوە هەبێ؛ ئەمانە هۆکاری ڕاستەخۆن کە وایان لە کورد کردووە کە چیدی لەم کۆمارە خۆی بە کورد دانەنێ یا ئەوان بە کوردیان نەنووسیوە، بۆیە ژمارەی کورد ئەو ساڵە هەتا ئەو ڕادەیە دابەزیوە. ئەم جۆرە تواندنەوەیە لە ئەدەبیاتی جینۆسایددا پێیدەگوترێ جینۆسایدی سپی.

بارودۆخی کوردانی قەرەباغ و ئازەربایجان هەر بەم شێوەیە مایەوە و ئەسمیلەکردنیش هەر بەردەوامبوو، چونکە هیچ قوتابخانەیەکی کوردی نەبوو تا زمانی کوردی لە فەوتان ڕزگاربکا یا -هەر هیچ نەبێ- ئەسمیلەکردن ڕاگرێ، تێکەڵیی کورد و ئازەرییش بەهۆی هاوئایینی و هاومەزهەبییەوە هەر بەردەوامبوو. ئەم دۆخە بەم شێوەیە درێژەی کێشا هەتا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان لەسەر ناوچەی قەرەباغ، کە لە ئەنجامی ئەم شەڕە و داگیرکردنی ناوچەی قەرەباغدا لە لایەن سوپای ئەرمەنییەوە، هەموو کوردانی دانیشتووی قەرەباغ ئاوارەبوون و ناوچەکە چۆڵبوو لە دانیشتووانی کورد.

**کورد لە گورجستان**

کورد، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە ماوەی سێ سەدەی ڕابردوودا لە گورجستان نیشتەجێبوو. ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیی سەرەتای سەدەی بیستەمیش، شەپۆلێکی دیکەی کوردی ئێزیدی لەبەر چەوسانەوەی ئایینی و کوشتاری ئەرمەنەکان، ئاوارەی گورجستان بوو. ماوەی دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت، زۆربەی کوردانی گورجستان کۆچیکرد بۆ شاری تبلیسیی پایتەخت و هەندێکیشی لە شارەکانی ڕوستاڤی و باتوومی و تێلاڤی مایەوە.

کوردانی گورجستان بە زۆرینە ئێزیدی بوون، سەرەتا هەندێک کوردی موسڵمانیان تێدابوو. سەرەتای نیشتەجێبوونیشیان وەک کوردی ئەرمەنستان گوندیان ئاوەدانکردووەتەوە، بە پەرشوبڵاوی لە شارەکانی گورجستان نیشتەجێبوون، ئەمەش وای کردووە بەخێرایی لەناو زۆرینەی دانیشتووانی گورجیدا ئەسمیلەبن و هەلومەرجی خوێندنیشیان بە زمانی خۆیان لەم جوگرافییە پەرشوبڵاوە ئاساننەبێ، هەر بۆیە خوێندن بە زمانی کوردی لەنێو کوردانی گورجستان وەک ئەرمەنستان بەردەوامنەبووە و بەرێکوپێکیش ئەنجامنەدراوە، ئەمە هەرچەندە هەندێک سەردەم زمان و کولتووری کوردی لەوێ لە گەشانەوەدا بووە.

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی کورد لەم وڵاتە، ئەویش وەک کوردی ئازەربایجان، زۆر بەخێرایی لە کەمبونەوەدایە. ئەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی دانیشتووانیکوردیگورجستان لە سەدەیەکدا نیشاندەدا:

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووانی کورد لە گورجستان |
|---|---|
| ١٩٢٦ | ٥٤٢٨ |
| ١٩٣٩ | ١٢٩١٥ |
| ١٩٥٩ | ١٦٢٠٠ |

[١٠٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەمەزان سەیدۆڤ، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی قەرغیزستان -مەدیا- لە بێشکیک پایتەختی قەرغیزستان، ڕیککەوتی ٢٠١٩/١٠/١٠.

| | |
|---|---|
| ١٩٧٠ | ٢٠٧٠٠ |
| ١٩٧٩ | ٢٥٧٠٠ |
| ١٩٨٩ | ٣٣٣٠٠ |
| ٢٠٠٢ | ٢٠٨٤٣ |

ئەم ئامارەی سەرەوە دەریدەخا کە بەپێی ئامارەکانی سەرژمێریی ساڵی ١٩٢٦ی یەکێتیی سۆڤیەت لە گورجستان، ژمارەی دانیشتووانی کورد ٥٤٢٨ بووە، ئەم ڕێژەیە تەنیا ٠،٥٪ ی کۆی دانیشتووانی گورجستان بووە.

ساڵی ١٩٤٤ کۆچپێکردنی زۆرەملێ کوردانی گورجستانی گرتەوە. بەپێی بەڵگەنامە ڕەسمییەکان کە ئەم دواییە دەرکەوتوون، ٨٦٩٤ کورد دوورخرانەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست. دوو نەتەوەیدی تورکی مەسخەتی و هێمشین کە ئەوانیش گەلێکی موسڵمانی نیشتەجێی مەسخەت و ئاجاریا بوون لە گورجستان و ناوچەکەیان هاوسنووری تورکیا بوو، لەم کۆچەدا دوورخرانەوە بۆ قەرغیزستان و قازاغستان و ئۆزبێکستان لە ئاسیای ناوەڕاست. ئەم کۆمەڵە خەڵکە دوورخراوەیە پێکەوە لەگەڵ کورد ژمارەیان ٨٦ هەزار کەس بووە، ستالین پێی وابوو ئەم کۆمەڵە خەڵکە موسڵمانەی نزیک بە سنووری تورکیا، جێگەی گومان و مەترسییە بۆ ئاسایشی سۆڤیەت و پەیوەندیی سیاسیی لەگەڵ تورکیا هەیە.[١٠٦] ئەم هەڵمەتەی دوایی ڕاگواستنی ستالین، زیاتر مەبەستی تورکی مەسخەتی بوو کە زۆربەیان لەوان بوون، کورد و هێمشینیش بەر ئەم ڕاگواستنە کەوتن. کوردە ڕاگوێزراوەکان زیاتر کوردی موسڵمان بوون و کوردی ئێزدیشیان لەگەڵ بوو. دوای ئەم دوورخرانەوەیە، کوردی موسڵمان بە یەکجاری لە گورجستان نەما.[١٠٧] پاش مردنی ستالین، کوردە ئێزدییەکان هەموو گەڕانەوە بۆ گورجستان و کوردە موسڵمانەکان نەگەڕانەوە و هەر لەوێ مانەوە.

دوای ئەوە هەتا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، ژمارەی دانیشتووانی کورد لەم وڵاتە بە شێوەیەکی سروشتی لە زیادبووندا بوو کە لە دوا ئاماری سەرژمێریی یەکێتیی سۆڤیەتدا ساڵی ١٩٨٩، ژمارەی دانیشتووانی کورد بەرزبووەوە بۆ ٣٣٣٠٠ کەس، بەڵام ١٣ ساڵ دواتر لە ٢٠٠٢دا، بەپێی ئاماری گورجستان، ژمارەیان دابەزی بۆ ٢٠٨٤٣، واتە ڕێژەی دانیشتووانی کورد بە ڕادەی ٣٧٪ دابەزی، ئەمەش دابەزینێکی گەورەیە.[١٠٨] بەپێی خەمڵاندنێکی ساڵی ٢٠١٩، ژمارەی کورد دابەزیوە بۆ ١٢٥٠٠ کەس.[١٠٩] ئەم ئامارە، ئاماژەیە کە دابەزینەکە هێشتا زۆر خێرایە و ئەگەر وەها بەردەوامبێ، لەوانەیە پاشەڕۆژ ئیدی کورد لە گورجستان نەمێنێ. بێگومان ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سەختەی کە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لەم کۆمارە هاتە پێش، وەک سەختیی باری ئابووری و شەڕ و ململانێی نەتەوەیی و شەڕی ناوخۆ، خراپیی گوزەرانی کورد لەم وڵاتە؛ کە کارێکیکردووە کوردێکی زۆر ڕوو لە دەرەوە بکەن و ئاوارەی ڕووسیا و ئەمەریکا و ئەورووپا بن.[١١٠]

**ڕەوشی خوێندن بە زمانی کوردی لە گورجستان**

هەلومەرجی خوێندن بە زمانی کوردی لە گورجستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەمان ئەو هەلومەرجە بوو کە بۆ کوردانی ئەرمەنستان هاتە پێش، کە سەرەتا بە ئەلفبێی ئەرمەنی دەستی بە خوێندنی کوردی کرد. ساڵی ١٩٢٢ بە هەوڵدانی لازۆ و ئەحمەدی مرازی، لە تبلیسی لە ڕێی "یانەی کارکەرێن کورد"ەوە، قوتابخانەیەکی ئێوارە کرایەوە، شەوانە دەرسی زمانی کوردی دەخوێندرا، بەشێکی ڕۆشنبیر و نووسەری کورد لە سۆڤیەت سەرەتای خوێندەواربوونیان بە کوردی لەم قوتابخانەیە و بەم ئەلفبێ ئەرمەنییە بووە، وەک قەناتێ کوردۆ، چەرکەزێ بەکۆ، جەردۆیێ گەنجۆ، قاچاخێ مراد، سەمەند سیابەندۆڤ، خالید چەتۆییڤ و چەندانیدی.[١١١] ئەم خوێندنە تا ساڵی ١٩٢٩ بەردەوامبوو، دواتر ساڵی ١٩٢٨ ئەلفبێی لاتینی سازکرا و چیدی بە ئەلفبێی ئەرمەنی نەخوێندرا هەتا ساڵی ١٩٣٨، کە ئیتر لەم ساڵە بەدواوە سەردەمی ستالین هەموو چالاکییە کولتوورییەکان وەستا و قەدەغەکرا، خوێندن بە کوردیش لە گورجستان ڕاگیرا.

---

106 J. Otto Pohl, Kurds in the USSR, 1917 -1956, Kurdish Studies Journal, Volume: 5, no. 2. 2017. p.40.

١٠٧ تۆسنێ ڕەشید، کوردی یەکەتیی سۆڤیەت، پێشتر و ئێستا. ل٣٥.

108 Mamuka Komakhia, Yezidi Kurds in Georgia: Ethnic Self-Awareness and Consolidation, Journal Article - Central Asia and the Caucasus (2/32), 2005. Abstract.

١٠٩ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەگیدێ پیر ڕێککەوتی ٢٠١٩/٨/٨ لە زیارەتگای قوبەی سوڵتان، تبلیسی – گورجستان. ناوبراو لەم چاوپێکەوتنەدا ئەم ئامارەی پێبەخشیم.

110 David Szakonyi, Ethnic Mobilization in Post-Soviet Georgia: The Case of the Yezidi-Kurds, JEMIE 6 (2007) 2, 2007. p. 7.

١١١ د. تۆسنێ ڕەشید، کوردی یەکەتیی سۆڤیەت، پێشتر و ئێستا. ل٣٨.

سالانی ١٩٦٠ –١٩٨٠، تبلیسی ناوەندێکی کولتوور و زمانی کوردی بوو؛ ٩ قوتابخانەی کوردی لە شارەکە هەبوو، قوتابیی کورد بە کوردی تێیدا دەیخوێند. شانۆی کوردیش لە تبلیسی چالاک بوو، تیپی فۆلکلۆری کوردی و تیپی هەڵپەڕکێی کوردیش هەبوون. کورد نوێنەری لە پەرلەمانی کۆماری گورجستان هەبوو، لە ڕادیۆی دەوڵەتیش بەرنامەی بە کوردی هەبوو.[١١٢]

ئەم بارودۆخە کولتوورییە بەم شێوەیە بەردەوامبوو هەتا هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت. دوای ئەوە چالاکییە کولتوورییەکان بەرە بەرە پووکانەوە و خوێندن بە زمانی کوردیش نەما، چونکە ئەو هاوکارییەی سۆڤیەت بۆ مافی کولتووریی نەتەوە بچووکەکان بۆ خوێندن بە زمانی خۆیان نەما و دەسەڵاتی کۆماری سەربەخۆی گورجستانیش وەک پێویست پشتگیریی‌نەکرد.

**ڕەوشی کورد و زمانی کوردی لە باشووری قەفقاز دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت**

دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، کێشەی نەتەوایەتی لەپشت قەفقاز لەزیادبووندابوو. ئەم کێشەیەی نێوان ئەرمەنی و ئازەری لە ١٩٨٨دا، شەڕی کارەساتباری ناگۆرنۆ – قەرەباغی لێکەوتەوە، کە کارێکی سەلبیی کردە سەر ڕەوشی سیاسی و ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردانی قەفقاز بەگشتی و ئازەربایجان و ئەرمەنستان بەتایبەتی.

وەک ئاشکرایە مەیدانی ئەم شەڕە ناوجەرگەی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی سوور بوو، گوندەکانی کەڵبەجار، قوبادلی، زەنگلان، شووشە، فزوولی، لاچین، خۆجەڤەندی گرتەوە. کورد هەتا پێش ئەو شەڕە لەم گوندانەی قەرەباغ نیشتەجێبوو، بەڵام دوای شەڕەکە دەربەدەر بوو و وەک ئاردی ناو درکانی لێهات، بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە؛ هەندێکی ئاوارەی ناو ئازەربایجان و هەندێکیشی پەریوەی ڕووسیا بوو. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا ئەو خاکەی کە چوار سەدە زیاتر بوو کورد لێی نیشتەجێبوو، بۆ یەکجاری لە سەر جوگرافیای قەرەباغ سڕایەوە. دوای نەمانی کورد لە قەرەباغ، بوونی کورد لە ئازەربایجان وەک گرووپێکی بچووکی ئەتنیکی و وەک زمانێک لەبەردەم مەترسیی فەوتان و بزربووندایە. ئەوەندە دانیشتووانە کوردەش کە ماوە، لە شوێنێکی دیاریکراوی جوگرافی پێکەوە کۆنەبووەتەوە، وەک کۆبوونەوەی کورد لە ئەرمەنستان لە کۆمەڵە گوندێک، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بە کوردی دەخوێنن. بەڵام کوردی ئازەربایجان، ئەوەی ماوە لە چەند گوندێکی دوورەدەست دەژی، بە دەگمەن نەبێ دەرس و زمانی کوردیی تێدا ناخوێندرێ، تەنیا لە دوو گوند نەبێ: گوندی سەیدلەر کە لە نزیکی گەنجەیە، هەفتەی سێ سەعات دەرسی زمانی کوردی لە قوتابخانە دەگوترێتەوە، لە گوندی دەرەکەندی نەخچیوانیش بۆ ماوەی سێ سەعات بە کوردی دەخوێنن. ئەوانی‌دی کە لە شارە گەورەکانی وەک باکۆ نیشتەجێن، لە خوێندن بە زمانی کوردی بێبەشن، لەناو ئازەری تواونەتەوە، یانیش بە ڕێگەوەن بۆ توانەوەی یەکجاری.[١١٣]

هەر لە ئەنجامی شەڕ و ململانێی ئەرمەن و ئازەری‌دا لەسەر قەرەباغ، کوردانی موسڵمانی ئەرمەنستان جێگەیان پێ لەقبوو، نەیانتوانی چیدی لە ئەرمەنستان بمێننەوە، مەبادا بکەونە بەر ڕقی پاکسازیی دینی و نەتەوەییی ئەرمەنەکان. نزیک بە ١١ هەزار کوردی موسڵمان[١١٤] لە ئەرمەنستانەوە ئاوارەی ئازەربایجان و ناوچەی کراسنۆدار Krasnodarی ڕووسیا بوو.[١١٥] هەر بۆیە ژمارەی کورد لە ئەرمەنستانیش کەمبووەوە.

هەر لە ماوەی ئەم شەڕەدا، دۆخێکی نەخوازراو لە ئەرمەنستان بۆ کورد هاتە پێش، کوردی موسڵمان و ئێزیدی لە ڕووی ئایینی و نەتەوەیییەوە لە نێوان دوو بەرەی شەڕەکەردا دابەشبوون، حکوومەتی ئازەربایجان هەوڵی دا کوردی موسڵمان بۆ خۆی کێشبکا دژ بە ئەرمەنستانی مەسیحی، حکوومەتی ئەرمەنیش هەمان تاکتیکی بەکارهێنا و کوردی ئێزیدیی بۆ خۆی ڕاکێشا دژی ئازەربایجان و لەمەش‌دا سەرکەوتوو بوو کە زۆرێکی ئێزدییەکان وەک سەربازی خۆبەخش چوونە بەرەکانی شەڕ دژ بە سوپای ئازەری جەنگان. بۆیە کوردی موسڵمان و ئێزیدی لە ململانێی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا بەرانبەر یەک وەستان. لەم بەینەدا ناوی کورد لە ئەرمەنستان، واتە موسڵمان. ئەم سەنگەرگرتنە، درزی خستە نێو کوردە ئێزدییەکان و بوون بە دوو بەش:

١١٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٣٩.

١١٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ تاهیر سلێمان سەرنووسەری ڕۆژنامەی دیپلۆماتا کورد، لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٨/١٠ لە باکۆ، ئازەربایجان.

114 Anna Matveeva, The South Caucasus: Nationalism, Conflict and Minorities, Minority Rights Group International, 2002. P. 11.

١١٥ م. ئە. هەسراتیان، کوردی یەکێتیی سۆڤیەت. ل٤٤٣.

ئەوانەی کە بە نەتەوە خۆیان پێ کورد بوو، ئەوانەش کە ئێزیدییان بە گرووپێکی سەربەخۆی نەتەوەیی دادەنا و خۆیان بە کورد حیسابنەدەکرد.[116]

پەیوەندیی دۆستانەی ئێزیدی و ئەرمەنی کۆنە، لە ڕابردووشدا پێکەوە هاوکار و هاوچارەنووس بوون. لە جینۆسایدی ئەرمەنیشدا، ئێزیدی و ئەرمەنی پێکەوە قوربانیی دەستی تورکە عوسمانییەکان بوون، چونکە ئێزدییەکانیش بەر ئەو کوشتار و جینۆسایدە کەوتن کە ئەرمەنییەکان ڕووبەڕووی‌بوونەوە. سوارەی حەمیدیی کوردیش بەشداری ئەم جینۆسایدە بووە و کوردی ئێزدیش بە دەستی ئەوان کوژراوە. ئەم ڕووداوانە لە بیرەوەریی ئەو ئێزدییانەدا کە لەم کوشتارە ڕزگاربوون و ئەرمەنستان ئەوانی داڵدەی‌داون، هەر ماوە.

بەهۆی ئەم پاشخانە مێژوویی و کولتوورییەوە و لە ئەنجامی ئەم ململانێ ئایینییەدا، کۆمەڵێک لە ئێزدییەکان بە سەرۆکایەتیی عەزیز تەمۆیان و جێگرەکەی خدر حاجۆیان ساڵی ١٩٨٩ ڕێکخراوێکی ئێزیدیی "یەکێتیی نەتەوەیی ئێزیدی" ناویان دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە بانگەشەی ئەتنیکێکی سەربەخۆی ئێزیدی دەکا و ئەو کوردیی کورمانجییەش کە قسەی پێدەکەن، ناوەکەی دەکا بە زمانی ئێزیدیکی. دوای ئەم گۆڕانە سیاسییە، ئاماری ڕەسمیی سۆڤیەت لە ١٩٨٩دا، ئێزیدیی وەک گرووپێکی سەربەخۆی ئەتنیکی تێدا هەژمارکراوە و ٥٢٧٠٠ کەس خۆی بە ئێزیدی داناوە. بەپێی ئاماری پێشووتر کە ٦٠ هەزار کورد هەبوو، واتە ٨٨٪ی دانیشتووانی کورد لە ئەرمەنستان خۆی بە ئێزیدی ناساندووە، نەک کورد.[117] هەر ئەم ڕێکخراوە ئێزدییە دوو گۆڤار بە ناوەکانی لالش و ئێزدیخانە بە ئەرمەنی دەردەکا، زۆربەی وتارەکانیش نووسەرانی ئەرمەنی دەینووسن.[118]

ساڵی ٢٠٠٥ پەرلەمانی ئەرمەنی، ئێزیدیکی وەک زمانێکی سەربەخۆ ناساند، هەردوو گرووپی ئێزیدیش هەر یەکە و سەعاتێک مافی پەخشی تەلەفزیۆنیی لە تەلەفزیۆنی نەتەوەییی ئەرمەنستان بە زمانی خۆی هەیە، سەعاتێک بۆ کورمانجی و سەعاتێکیش بۆ ئێزیدیکی. لە ڕووی جوگرافییەوەش، ئەو ئێزدییانەی کە لە دەشت دەژین، زۆربەیان خۆیان بە ئێزیدی دەزانن، بەڵام ئەوانەی کە لە ناوچەی شاخاوی ئەپاران دەژین، زۆربەیان خۆ بە کوردی ئێزیدی دەزانن. کوردە ئێزدییەکان پێیان وایە ئەم ڕەوتە نەتەوەخوازییە ئێزدییە لە لایەن نەتەوەپەرستە ئەرمەنییەکانەوە پشتگیری‌دەکرێ. ئێزدییەکانیش، کوردە ئێزدییەکان بە لایەنگری پەکەکە دادەنێن. ئێزدییەکان پێیان وایە ئەوان هەر لە زووەوە خۆیان بە ئێزیدی زانیوە، بەڵام حوکمڕانیی سۆڤیەت ئەوانی بە کورد نووسیوە و مافی نەتەوەبوونی ئێزیدیی لێ‌زەوتکردوون. لە لایەکی دیکەوە، کوردە ئێزدییەکان پێیان وایە ئەم دابڕان و جودابوونەوەیە لەنێو کوردی ئێزدی‌دا نەبووە، ئەم دیاردەیە نوێیە و بەرهەمی شەڕی قەرەباغە. ئێزیدییەکانی گورجستانیش کە پەیوەندی و خزمایەتییان لەگەڵ ئەوانەی ئەرمەنستان هەیە، هەمان کێشەی ناسنامەیان بۆ پەیدابووە و بە هەمان شێوە بوونەتە دوو گروپ.[119] بەپێی ئاماری ٢٠٠٢ی سەرژمێریی گورجستان، لە کۆی ٢٠٨٤٣ کەسی دانیشتووانی کوردی ئێزیدی، ١٨٣٢٩ کەس خۆیان بە ئێزدی داناوە و ٢٥١٤ کەسیش خۆیان بە کورد داناوە.[120]

پرۆفیسۆر هەسرەتیان، لەبارەی پارچەبوونی ناسنامەی نەتەوەییی کوردە ئێزدییەکانەوە، چەند هۆکارێکی باسکردووە، کە ئەمانەن:

١- نەزانینی ڕاستییە مێژووییەکان سەبارەت بە بنەچەی نەتەوەییی خۆیان و تێکەڵکردنی فاکتەری ئایینی و نەتەوەیی لەگەڵ یەک؛

٢- ترسی ژمارەیەک میر و پیری ئێزیدی کە دەسەڵات و کاریگەری لەسەر کوردە ئێزدییەکان لەدەستبدەن، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەرژەوەندییە داراییە زۆرەکان؛

٣- ترسی هەندێک لە کوردە ئێزدییەکان کە ئەگەر خۆیان بە کورد دابنێن، هەمان چارەنووسی کوردە موسڵمانەکانیان دەبێ و ناچاردەکرێن ئەرمەنستان جێبهێڵن و ئاوارەبن، ٤- یادەوەریی تاڵ و ناخۆشی بەشێکی ئێزدییەکان کە لە پێشینیانەوە گوێیان لە

116 Garnik Asatryan, Victoria Arakelova, The ethnic minorties in Armenia, Yerevan, 2002, p. 12.
117 Ibid. p.11.
١١٨ توسنێ ڕەشید، کوردی یەکەتیی سۆڤیەت، پێشتر و ئێستا، ل٤٦.

119 Estelle amy de la brete` que, The Yezidis in the Soviet Union. In "The Cambridge History of Kurds", Edited by Hamit Bozarslan, Cengiz Gunes, Veli Yadirg, Cambridge University Press, 2021. pp.467 – 469.
120 David Szakonyi, Ethnic Mobilization in Post-Soviet Georgia. p. 7.

چەوسانەوەی ئێزدییەکان بە دەستی موسڵمانان بووە و کوردی موسڵمانیش بەشداری چەوساندنەوەکە بوون.[١٢١]

تۆسنی ڕەشید پێی وایە کاربەدەستە ئەرمەنییەکان پشتگیریی ئەم بزاڤە نەتەوەخوازییە ئێزدییە دەکەن و بەڕێوەیدەبەن. ئەو کۆنگرەیەی کە ڕێکخراوی ئێزیدیی دامەزراند، دوو ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەنی بەڕێوەیبرد، ئەوانیش گارنیک ئاساتریان و ئارشاک پۆلادیان بوون، لێ نەگەڕان ڕووناکبیرێکی کوردی ئێزیدیی وەک د. عەسکەرێ بۆییک بچێتە کۆنگرەکە.[١٢٢] هەروەها پێی وایە ئەم سیاسەتەی ئەرمەنستان بەرانبەر بە کوردە ئێزدییەکان، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ترسەیان لە بوونی کورد لەسەر خاکی ئەو وڵاتە کە بۆی هەیە کورد هەوڵبدا بەشێکی ئەو خاکە بە کوردستان دابنێ. ئەم سیاسەتەش بە ڕوونی لە قسەی ڤیکتۆریا ئاراکێلۆڤای پرۆفیسۆری ئەرمەنیی زانکۆی یەریڤاندا هاتووە کە دەڵێ: ڕۆژهەڵاتناسانی ئەرمەنی، ئێزدییان وەک گرووپێکی ئەتنۆ-ئایینیی جودا دانا، ئەمەش بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەرمەنستان گرنگە، چونکە چیدی ئەو مەترسییە لەئارادانابێ کە کورد نەتەوەیەک بێ لەسەر خاکی ئەرمەنستان.[١٢٣]

بێگومان هەموو ئەم هۆکارانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەم دابڕانە نەتەوەییەی نێو ئێزیدییەکانی ئەرمەنستان. بەڵام ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەت نییە بە ئێزدییەکانی ئەرمەنستان، ئێزدییەکانی باشووری کوردستانیش لە شنگاڵ و شێخان، کە لە ڕووداوەکانی قەرەباغ و ململانێی ئازەری و ئەرمەنیشەوە دوورن، دوچاری هەمان پارچەبوونی ناسنامە هاتوون. ئەمە ئێزدییەکانی گورجستانیشی گرتووەتەوە.

لە چاوپێکەوتنێکی دوو پیری ئێزیدی لە زیارەتگای (قوبەی سوڵتان)ی تبلیسیی پایتەختی گورجستان، هەندێک لە هۆکارەکانی ئەم پارچەبوونی ناسنامەیە ڕوونکرایەوە. عەگیدێ پیر (پسپۆڕی قانوونی نێودەوڵەتی و پارێزەری مافی مرۆڤ)[١٢٤] پێی وایە ئێزیدی هەرچەندە بە زمان بە کوردی قسەدەکەن، بەڵام بە کولتوور و ئایین و دابونەریت تەواو لە کورد دوورن. هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە کوردی موسڵمان بەدرێژیی مێژوو بە خراپی لەگەڵ ئێزیدی مامەڵەی کردووە و هەوڵیداوە لەناوی ببات. کوردی موسڵمان ئەوان بە مرۆڤی پیس دادەنێن و دەستاو و خواردنی ئەوان ناخۆن، ئەوانیان پێ کەمە و وەک کۆیلە تەماشایاندەکەن. ئێزیدیش ناتوانێ وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی لە کۆمەڵگەی کوردی موسڵماندا بژیێ، ئێزیدی لەم کۆمەڵگەیە هیچ پلەوپایەکی نییە و ئاستی زۆر نزمە. ئێزیدی بە ئاسانی کاری دەستناکەوێ، ئەگەر کار و دووکانیشی هەبێ، کەس مامەڵەی لەگەڵ ناکا و شتی لێناکڕێ، هەر لەبەرئەوەی ئێزدییە و موسڵمان نییە. ئەگەر کوردی موسڵمان ئەوە مامەڵەی بێ لەگەڵ ئەوان، کەواتە بۆ خۆیان بە کورد بزانن؟!

دیما پیر (توێژەری بواری ڕۆژهەڵاتناسی)[١٢٥] گوتی: ئیمە ناتوانین کورد بین، چونکە کورد ئێمەی ناوێ و مێژوویەکی خوێناویی پڕ لە فەرمان و قڕکردنمان لەگەڵ کورد هەیە. هیچ شتێک نییە ئێمە بە کورد ببەستێتەوە تەنیا زمان نەبێ. زمان بۆ ئێمە گرنگ نییە، ئێمە گرووپێکی ئەتنیکیی دینین، نەک گرووپێکی ئەتنیکیی زمان.

بەرانبەر بەم بۆچوونانە، مرازێ جەمال (بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی "ڕیا تازە")[١٢٦] وەک کوردێکی ئێزیدی، زۆر دژی ئەو کەسانەیە کە دەڵێن ئێزیدی کورد نین، پێی وایە ئەگەر ئێزیدی کورد نەبن، ناتوانن هیچ نەتەوەیەکی دیکە بن، چونکە ئێزیدی دینە و نەتەوە نییە.

لەم بۆچوونانەوە ڕووندەبێتەوە کە ڕوانگەکان سەبارەت بە پرسی ئێزیدی لای کوردە ئێزدییەکان جیاوازن؛ ئەوانەی وەک پرسێکی ئایینی سەیری کێشەکە دەکەن، زیاتر خۆیان بە ئێزیدی دەزانن و ئەوانەش کە نەتەوە و زمان لەگەڵ پرسی ئایین جوودادەکەنەوە، هەرچەندە دان بە جیاوازییەکانی نێوان کوردی ئێزیدی و موسڵماندا دەنێن، ناتوانن نکوولی لە کوردبوونی خۆیان بکەن، چونکە جگە لە ئێزیدی وەک دینێکی جیاواز، دینی دیکەی وەک کاکەیی (یارسان، ئەهلی هەق) و عەلەوی و موسڵمانی شیعەی ئیمامیش لەنێو کورددا هەن، ئەوانەش

---

[١٢١] م. ئە. هەسراتیان، کوردی یەکێتیی سۆڤیەت. ل٤٤٤.

[١٢٢] تۆسنێ ڕەشید، کوردی یەکەتیی سۆڤیەت، پێشتر و ئێستا. ل٤٤.

[١٢٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٦.

[١٢٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەگیدێ پیر، ڕێککەوتی ٢٠١٩/٨/٨ لە زیارەتگای قوبەی سوڵتان، تبلیسی - گورجستان.

[١٢٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ پیر دیما، ڕێککەوتی ٢٠١٩/٨/١٠ لە زیارەتگای قوبەی سوڵتان لە تبلیسی - گورجستان.

[١٢٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ مرازێ جەمال، ڕێککەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥ لە یەریڤان - ئەرمەنستان.

هەتا ڕادەیەک ڕووبەڕووی کێشە و ئاڵۆزی بوونەتەوە لەگەڵ کوردی موسڵمان، بەڵام نەگەیشتووەتە ڕادەی ئەوەی نکوولی لە ناسنامەی کوردییان بکەن.

هیچ گومان لەوەدانییە کە هۆکاری دینی ڕێگر بووە لەوەی کوردی موسڵمان و ئێزیدی تێکەڵ بە یەک نەبن و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دوورەپەرێز بن. ئەمەش وای کردووە دوو ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووری بەرهەمبێ: کوردێک کە ئێزیدی و بە ژمارە کەمە و کوردێکیش کە موسڵمان و زۆرینەیە، ئەم دوو ناسنامە جیاوازە هەمیشە ڕێگرە کە ئەم نەتەوەیە لە ڕووی ناسنامەی نەتەوەییەوە بەهێز و یەکگرتوو بێ، جیاوازی لە دیندا، لە مێژووی هەموو نەتەوەکاندا ناسنامەی نەتەوەیی لاواز و لەرزۆک دەکا و کاتی سەرهەڵدانی هەر کێشە و ئاڵۆزییەک، بۆی هەیە بەخێرایی هەڵوەشێتەوە.

هەمان کێشەی دینی لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا کەوتە نێوان سرب و بۆسنەی یۆگوسلاڤیای پێشوو، کێشەکە ئەوەندە ئاڵۆزبوو، شەڕ و کوشتاری خوێناویی لێکەوتەوە، لە ئەنجامدا ناسنامەی نەتەوەیی سرب و کروات و بۆسنە بە زمانی یەکگرتووی سربۆ - کرواتی لەیەک هەڵوەشایەوە و بۆسنییەکان زمانێکی نوێی بۆسنییان بۆ خۆیان جاڕ دا لەسەر ئەو لەهجەیەی وا ئاخاوتنی پێ دەکەن و سەر بە زمانی سربۆ - کرواتی بوو. دوای ئەم کێشەیە خۆیان وەک نەتەوەی بۆسنی ناساند و زارەکەشیان کرد بە زمانی بۆسنی. بۆیە ئەم دیاردەیە بە تەنیا لەناو کورددا نییە، لەنێو ناسنامەی نەتەوەیی زۆربەی نەتەوەکانی جیهاندا هەیە کە پێکهاتەی دینی و مەزهەبیی جیاوازیان هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا ئێمە پێمان وایە سەرەڕای کاریگەریی ئەم هۆکارانەی سەرەوە لەسەر پارچەبوونی ناسنامەی کوردی ئێزیدی لە ئەرمەنستان و گورجستان، چەند هۆکارێکی دی هەن کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەم پارچەبوونە نەتەوەییەی نێو کوردە ئێزدییەکان:

١- پتەونەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی

کوردانی ئەرمەنستان، هەرچەندە لە ڕووی خوێندن بە زمانی کوردییەوە لەپێش بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە بوون، وەک پێشتر باسکرا، لە سییەکاندا هەموو بابەتەکانی قوتابخانەیان بە کوردی خوێندووە، بەڵام ناوەڕۆکی هەموو بابەتەکان، بەتایبەت کۆمەڵایەتییەکان، زیاتر خزمەت بە ئایدیۆلۆجیای لێنینزم - ستالینیزم و دوور بووە لە پەروەردەیەکی ڕاستەقینەی نەتەوەیی. دواتر سەردەمی ستالین ئەوەندە خوێندنەش بە زمانی نەتەوە بەردەوامنەبوو و ماوەی ١٧ ساڵی نێوان ١٩٣٨ هەتا ١٩٥٥ ئەم مافە زمانییەش نەما و قەدەغەکرا. دواتریش کە گەڕانەوە بۆ خوێندن، بە کوردی بە پیتی کریلی بوو، جارێکیدی دابڕان دروستبووەوە لەگەڵ ئەو ڕابردووە کە بە ئەلفبێی لاتینی بوو. ئەمجارە خوێندن بە کوردی تەنیا بۆ دەرسێک بوو، ئەویش زمان و ئەدەبیات بوو، بۆیە ئەم ماوەیە ئەو کوردانەی ئەرمەنستان ناسنامەیەکی پتەوی نەتەوەییان بۆ دروستنەبوو، کە لە ڕووی نەتەوەییەوە تەواو خۆیان بناسن، چونکە لەم سیستەمە خوێندنەدا ڕێگەیان پێنەدرا مێژووی کورد و بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد بخوێنن، یا باسی کوردستانی گەورە بکرێ، واتە پرۆسەی خوێندن بە زمانی دایک و زمانی نەتەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک گەشەینەکرد، بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی پتەوی نەتەوەیی بۆ تاکەکانی دروستبکا، کە کێشە و ململانێی دینی و سیاسی کاری تێنەکا و بە ئاسانی هەڵنەوەرێ.

٢- هۆکاری ئابووری

بەپێی هەموو تیۆرییەکانی پەیدابوونی نەتەوە، گەشەی ئابووری، ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ بۆ گەشەکردنی بیری نەتەوەیی؛ چونکە لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووریی شار و کەڵەکەبوونی سەرمایە، خەڵک لە گوندەوە کۆچدەکەن بۆ شار و لە ئەنجامی ئەم گەشە ئابوورییەدا، پێکهاتەی خێڵەکیی کۆمەڵگە هەڵدەوەشێتەوە و چینی بۆرجوازیی نەتەوەیی لە شارەکان سەرهەڵدەدا و ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگە دەکا بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی، لە هەمان کاتدا نەتەوە دەبێ بە خاوەن ئابوورییەکی هاوبەش. ئەم جۆرە ئابوورییە، زمان و نەتەوە پەرە پێدەدا و ناسنامەی نەتەوەیی بەهێزدەکا. هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر سەرنجی ئابووریی کوردانی ئەرمەنستان بدەین، ئەوان هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا لە کۆمەڵە گوندێکی ڕۆژئاوای ئەرمەنستان نیشتەجێن و لە دووری شارەکان دەژین، ژیان و گوزەرانیان ئابووریی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵاتە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان هێشتا هەمان پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی عەشایەری - ئایینییە. بێگومان ئەم جۆرە ئابووری و پێکهاتە کۆمەڵایەتییە، نەتەوە و نەتەوایەتی پێ گرنگ نییە، زیاتر هەوڵی پاراستن و مانەوەی خۆی دەدا. واتە ئەو

گۆڕانە ئابوورییە لای ئەوان نەهاتووتە کایەوە کە ببێ بە مایەی سەرهەڵدانی چینی ڕۆشنبیری نەتەوەیی و کۆمەڵگەیەکی ئابووریی شار بە پەروەردەیەکی نەتەوەیی. ئەمە هەرچەندە ئەو چینە ڕۆشنبیرەی کە دواتر لەنێو کوردە ئێزدییەکاندا پەیدابوو، لە دەرەوەی گوندەکان دەژیا، کاریگەریی لەسەر دانیشتووانی گوندەکان کەمبوو، نەبوو بە هۆی دروستبوونی ناسنامەیەکی بەهێز و پتەوی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێزیدی. بیری نەتەوەیی و نەتەوایەتی تەنیا بە بیری نوخبە ماوەتەوە و گوتارێکی نەتەوەییی یەکگرتووی بۆ هەموو کوردی ئێزیدی دروستنەکردووە. بۆیە ئەگەر سەرنجبدرێ لەم گۆڕینی نەتەوەیەدا، ئەوانەی چینی ڕۆشنبیری نەتەوەیی بوون و لە ڕووی نەتەوەیییەوە باش خۆیان ناسیوە، هەرگیز ناسنامەی نەتەوەیییان نەگۆڕیوە، بەپێچەوانەوە، ئەو کوردە ئێزدییانە کە سواری شەپۆلی گۆڕینی نەتەوە بوون، زۆربەیان خەڵکی گوند و خەڵکانێکن هۆشیاری و ڕۆشنبیرییەکی نەتەوەیییان نییە.

٣- نەبوونی خاکێکی هاوبەش

جوگرافیایەکی هاوبەش فاکتەرێکی گرنگی بوونی نەتەوەیە، نەتەوە لەسەر ئەم خاکە هەست بە ناسنامەی نیشتمانی و ڕابردووی خۆی دەکا. کوردە ئێزدییەکان لە باشووری قەفقاز بە پەرتەوازەیی لە هەردوو کۆماری سەربەخۆی ئەرمەنستان و گورجستان نیشتەجێن، ئەو خاکەی لێی نیشتەجێن، کوردستان نییە، ئەوان لە ڕووی جوگرافییەوە سەر بە نیشتمانی ئەرمەنی و گورجین. لەم حاڵەتەدا نەبوونی جوگرافیایەکی هاوبەش بۆ نەتەوە کە نیشتمانە، ناسنامەی نەتەوەیی بێهێزدەکا، بۆیە کوردە ئێزدییەکانی قەفقاز لەم ڕووەوە ناسنامەی نەتەوەیییان پتەونییە و بە ئاسانی لە کوردبوون دووردەکەونەوە، بەڵام کوردە ئێزدییەکانی باشووری کوردستان کە بە خاک و نیشتمان لەگەڵ کوردن، لەم ڕووەوە نیشتمانی هاوبەش بۆ ئەوان فاکتەرێکی گرنگە بە ناسنامەی نەتەوەیی لەگەڵ کورد بمێننەوە و هاونەتەوە بن. کاتێک ئێزدییەکی کورد مێژوو دەخوێنێتەوە کە ئەوان لە کوردستانەوە لەبەر جیاوازیی ئایینی کۆچبەربوون و لە ئەرمەنستان و گورجستان داڵدەدراون، ئیدی ئەوان لەو دوو وڵاتە زیاتر لە کوردستان هەست بە ئاسایش و مانەوەی خۆیان دەکەن.

٤- چارەنووسی هاوبەش

چارەنووسی هاوبەش، فاکتەرێکی گرنگە بۆ گرێدانی تاکەکانی نەتەوە بەیەکەوە. لەم ڕووەوە ئێزدییەکان کە بە دین لەگەڵ کورد جیاوازن و بەهۆی جیاوازیی دینیشەوە لە کۆمەڵگەی موسڵمانانﻦدا، بە موسڵمانی کوردەوە، ڕووبەڕووی کوشتار و ماڵوێرانی و ئاوارەیی بوونەتەوە، بۆیە هەست بە چارەنووسێکی هاوبەشناکەن لەگەڵ کوردی موسڵمان، بەڵکوو بۆ چارەنووسێکی هاوبەش هەوڵیانداوە لە کوردی موسڵمان دووربکەونەوە ڕوو لە دنیای مەسیحی بکەن، کە ئەویش وڵاتی ئەرمەنستان و گورجستانە. بێگومان هەستنەکردن بە چارەنووسێکی هاوبەش لەگەڵ کوردی موسڵمان، کەلێنێکی گەورەی لە ناسنامەی کوردبوونیاندا دروستکردووە. لەبەر ئەم هۆکارە، ئەوان لەگەڵ گەلی مەسیحیی ئەرمەنی و گورجی زیاتر هەست بە چارەنووسێکی هاوبەش دەکەن، هەر لەبەر ئەوەشە ئێزدییەکانی ئەرمەنستان لە شەڕی قەرەباغدا بێباکانە چوونە سەنگەری سوپای ئەرمەنی دژ بە ئازەری. واتە کوردی ئێزیدی ناسنامەی هاووڵاتیی ئەرمەنی لە ناسنامەی ئینتیمای بۆ کورد بەهێزترە.

بە کورتییەکەی، جیاوازیی ئایینی و نەبوونی گەشەی ئابووری و نیشتمانێکی هاوبەش و چارەنووسێکی هاوبەش، ڕێگربوون لەپێش گەشەکردنی ناسنامەیەکی بەهێزی نەتەوەییدا لەنێو کوردە ئیزیدییەکانی ئەرمەنستان و گورجستان. ئەمە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بەڕوونی خۆی دەرخست، کە کوردی ئێزیدی لە ئەرمەنستان زۆر بەخێرایی دەستبەرداری ناسنامەی کوردبوونی بوو، لە ماوەیەکی زۆر کورت و دیاریکراودا بە هەزاران کوردی ئێزیدی ناسنامەی خۆیان گۆڕی لە کوردەوە بۆ ئێزیدی. ئەمە هەرچەندە -وەک دەگوترێ- سیاسەتی ئەرمەنستانی لەپشتە، بۆی هەیە هەتا ڕادەیەک ڕاستبێ، بەڵام ئەگەر کوردی ئێزیدی ناسنامەی نەتەوەیی بەهێز و پتەو بایە، نەک هەر ئەرمەنستان، ئەگەر هەموو دەوڵەتانی قەفقاز کاریان بۆ بکردایە، نەیاندەتوانی کوردی ئێزیدی لە کوردبوون دابڕن.

**ئەنجامی باسەکە**

لە مێژووی هەزار ساڵی ڕابوردوودا، کوردی باشووری قەفقاز پێکهێنەرێکی چالاکی ئەو هەرێمە بووە. سەدەکانی ناوەڕاست میرنشینی شەدادی (٩٥١-١٠٧٥م) ماوەی زیاتر لە سەدەیەک حوکمڕانیی چەند بەشێکی باشووری قەفقازی

کردووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشخستن و بەرگریکردن و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەدا هەبووە. دوای هێرشی سەلجووقییەکان، میرنشینە کوردییەکان بێهێزبوون و لەناوچوون و قۆناغی میرنشینی و دەسەڵاتی کوردی لە قەفقاز کۆتاییهات. دواتر لە سەدەی شازدەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، کورد بە کۆچبەری و ئاوارەیی ڕووی لە قەفقاز کرد و تێیدا نیشتەجێبوو. بەتایبەت ئاوارەبوونی کوردە ئێزدییەکانی سەرسنوور لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمدا بەشێکی کۆچیکرد بۆ گورجستان و ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیش، کوردە ئێزدییەکانی قارس کۆچیانکرد بۆ ئەرمەنستان. جاروبارێش هەندێک عەشایەری کورد بۆ لەوەڕگەی مەڕومالاّت ڕوویان تێکردووە و لەوێ نیشتەجێبوون.

بە سەرنجدان لەم مێژووە دووروودرێژەی کورد لە قەفقاز، ڕووندەبێتەوە کە کورد قورساییەکی دانیشتووانی لەوێ پێکنەهێناوە، چەند شارێک ئاوەدانبکاتەوە و ببێ بە دانیشتووانێکی هەمیشەیی ئەو هەرێمە، ئەوەی هەبووە زیاتر وەک دەستەیەکی حوکمڕانی بووە کە میرنشین و دەسەڵاتێکی کوردی لەوێ هەبووە، فەرمانڕەوای دانیشتووانێکی بە زۆرینە غەیرەکوردی وەک ئەرمەنی و گورجی و تالش و تات و لاز بووە. بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم مێژووەدا، ناتوانین ئەوە بسەلمێنین کە خاکی کوردستان درێژدەبێتەوە بۆ ناو باشووری قەفقاز، بەڵام هیچ گومان لەوەدانییە کە کورد لەوێ نەتەوەیەکی چالاک بووە.

زمانی کوردی لە قەفقاز هەتا سەردەمی دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤیەت، تەنیا زمانێکی زارەکی بووە و هیچ بەرهەمێکی نووسراوی نەبووە، بەڵام دوای حوکمڕانیی سۆڤیەت بەسەر قەفقازدا، زمانەکە بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیکردووە، ئەمە دوای ئەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت مافی خوێندن بۆ زمانی نەتەوە بچووکەکان ڕەخساند، ئیدی زمانی کوردی ئەم ماوەیە لە چەندین بواری جیاوازی وەک پەروەردەیی، چاپەمەنی، فەرهەنگی، هونەری، ڕۆژنامەگەری، پەخشی ڕادیۆدا، ماوەی نیو سەدە زیاتر، پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، لە هەندێک بواریشدا لە مێژووی زمانی کوردیدا پێشەنگ بووە.

لە دوای ڕووداوەکانی قەرەباغ و هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان و دواتریش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، کورد لە قەفقاز ڕووبەڕووی کۆمەڵێک قەیران بووەوە. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا، کوردانی نیشتەجێی قەرەباغ هەموو دەربەدەربوون، کوردە ئێزیدییەکانیش لە ڕووی ناسنامەی نەتەوەیییەوە کێشەیان بۆ دروستبوو و بوون بە دوو گرووپی نەتەوەیی: ئێزیدی و کورد. لە لایەکی دیکەوە، ئەو پشتگیرییە دارایی و سیاسییەی کە بۆ نەتەوە بچووکەکان لە سۆڤیەت هەبوو، بەهۆی نەمانی دەسەڵاتی سۆڤیەتەوە ئەویش نەما. چالاکییە فەرهەنگییەکانی کوردیش کەمبووەوە یا نەما. هەروەها لەبەر خراپیی باری ئابووری، بەشێکی زۆری کورد ئاوارەی ڕووسیا بوون و ژمارەی دانیشتووانی کوردیش لە هەر سێ کۆماری سەربەخۆی باشووری قەفقاز، ئەرمەنستان و ئازەربایجان و گورجستان، بەخێرایی و بە بەردەوامی لە کەمبوونەوەدایە، بە ڕادەیەک کە مەترسیی ئەوەی لێدەکرێ لە پاشەڕۆژدا کورد لە قەفقاز نەمێنێ. لە ئازەربایجان، کورد لە قەرەباغ نەماوە، ئەوەی ماوە بە پەرتەوازەیی لە چەند گوندێک خۆی گرتووە و زۆربەیان زمانی کوردی نازانن و لە چەند گوندێکیش نەبێ، بە کوردی ناخوێنن. لە گورجستان، کوردە ئێزدییەکان ژمارەیان بەردەوام لە دابەزینە و لەبەر خراپیی باری ئابووری کۆچدەکەن بۆ هەندەران، زمانی کوردییان لەدەستنەداوە، بەڵام بە کوردی ناخوێنن، بۆیە ئەوانیش نەوەکانی داهاتوویان زمانی کوردی لەدەستدەدەن. لە ئەرمەنستان بارودۆخەکە جیاوازە، کورد لەوێ بە بەراورد لەگەڵ کۆمارەکانیدی باشتر ماوە و لە ڕووی دانیشتووانەوەش ژمارەیان لەوانیدی زیاترە، کەمتر کۆچدەکەن بۆ هەندەران، چونکە ئەوان لە کۆمەڵە گوندێکی نزیکی یەک نیشتەجێن و بەڕێکوپێکیش هەفتەی دوو سەعات بە کوردی دەخوێنن. لە ڕووی چالاکیی فەرهەنگییەوەش، لەوانیدی باشترن، ڕۆژنامەی "ڕیا تازە" سەرەڕای هەموو قەیرانە داراییەکان هەتا ئێستا هەر دەردەچێ و ڕادیۆی کوردیی یەریڤانیش هەتا ئێستا پەخشی بە کوردی هەیە. ئەوان لەڕووی زمان و فەرهەنگەوە باشتر و بە باشی ماونەتەوە، چونکە کوردە ئێزدییەکان زمانی کوردییان لا پیرۆزە و زمانی دینەکەیانە، لەناو خۆشیاندا هەر بە کوردی قسەدەکەن و لەگەڵ دەرەوەی خۆیشیان ژن و ژنخوازی ناکەن، بەڵام ئەوانیش کێشەی ناسنامەی کوردبوونیان بۆ پەیدابووە،

٨٨٪ی دانیشتووانی کورد لەوێ خۆیان بە کورد نازانن، ناسنامەی دینیی ئێزیدی دەکەن بە ناسنامەی نەتەوە و زمانە کوردییەکەشیان بە زمانی ئێزیدیکی ناودەبەن، بەڵام بەشەکەیدی وەک جاران بە نەتەوە کوردە و بە دین ئێزدییە. هەمان کێشەی ناسنامە دوچاری کوردە ئێزدییەکانی گورجستانیش بووە.

ئامارەکانی دانیشتووانی کورد لە قەفقاز نیشانیدەدەن کە ژمارەی کورد بەردەوام لە کەمبوونەوەدایە، بارودۆخی خراپی ئابووری و پارچەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و نەخوێندن بە زمانی کوردی، .. تاد، ئەمانە هەموو دەریدەخەن کە پاشەڕۆژی بوون و مانەوەی کورد لە قەفقاز گەش نییە، ئەگەر هاوکارینەکرێن، کورد وەک نەتەوە لەوێ بە یەکجاری بەرەو تووانەوە دەچێ و بزردەبێ، بەتایبەت هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم وەختەدا بۆ ئەوان زۆر گرنگە و بەجێگەیاندنی ئەرکێکی نەتەوەییە. دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت، کورد لەوێ بێپشتوپەنایە، پشتگیری و پاراستنی کورد و زمانەکەی لە قەفقاز، ئەرکێکی نەتەوەییی هەموو کوردێکە. مانەوەی کورد لە قەفقاز، بەردەوامیی مێژووی کوردە لەم هەرێمە، کە بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ لەوێ مێژووی هەبووە، لە سەردەمێکیشدا کورد حوکمڕانی بەشێکی گەورەی باشووری قەفقاز بووە.

## الخلاصة

## اللغة الكردية في جنوب ققفاس ١٩٢١–١٩٩١

بقلم: سداد رسول

توطن الكرد في جنوب ققفاس له تأريخ مديد، يعود إلى أكثر من ألف سنة. وفي بعض الفترات كان لهم السلطة والإمارة؛ ففي القرن العاشر الميلادي بسطت الإمارة الشدادية الكردية حاكميتها على أجزاء واسعة من ذلك الاقليم، ومن القرن السادس عشر إلى بداية القرن العشرين توجه الكرد مهاجرين أو متشردين إلى جنوب ققفاس. وبعد إستحكام سلطة السوفيت على اقليم ققفاس سنة (١٩٢٢)، حدثت تغيرات سياسية وثقافية في حياة شعوب ذلك الإقليم، فكان للسوڤيت سياسة جديدة عن لغات الشعوب الواقعة في قبضة السلطة الجديدة. فكان للشعوب القليلة النسمة الحق، مثل الشعوب الكبيرة، أن يتعلموا ويدرسوا بلغة الأم. فتمتع الكرد –كشعب قليل النسمة– داخل ققفاس وفي أرمينيا بالذات وإضافة إلى دراستهم باللغة الكردية في المدارس الرسمية وبلهجتهم الكرمانجية، بحقوق ثقافية. ففي سنوات (١٩٢٨–١٩٣٨م) ازدهرت اللهجة الكرمانجية الكردية بحروفها الهجائية (الالفباء) اللاتينية إزدهارا سريعا، فتحولت اللغة الكردية من لغة التخاطب الشفهية إلى لغة رسمية مزدهرة. وزادت حالات إستعمالاتها، فكانت لغة التعليم والتعلم في المدارس، وكتب بها كتب المناهج التعليمية لمختلف العلوم، إضافة إلى التطور الذي شهدته في مجالات طبع الكتب والدوريات والرسائل ونشرها وكذا في مجال الإذاعة والفن المسرحي.

لم يستمر هذا الإزدهار الثقافي واللغوي الكردي كثيرا، ففي مدة حكم ستالين منعت الشعوب الصغيرة عن التمتع بحقوقها الثقافية. وبعد سنة (١٩٥٥م) في عهد حكم خروشوف تحديدا، فسح المجال أمام تلك الشعوب لممارسة حقوقها الثقافية، فأعيدت وبدأت الدراسة باللغة الكردية في المدارس تحديدا. ولكن هذه المرة بدأت بالفباء كريلي وبواقع درس واحد للغة والأدب، وإستمرت الحالة على هذا الشكل. وبعد إندلاع معركة قرەباغ وتفكيك الاتحاد السوڤيتي سنة (١٩٩١م)، أتت على حياة الكرد في قفقاس ظروف قاسية سياسية وإجتماعية وإقتصادية، فانقطع دعم السوفيت للأقليات وحقوقها، وتلاشت الأنشطة الثقافية أو احتجبت. وتشرد الكرد المسلمون من أرمينيا وأنقسم الكرد الايزيديون القاطنون في ارمينيا و گورجستان (جورجيا) على أنفسهم، فصاروا قسمين أو فريقين: قسم منهم جعلوا من هويتهم الايزيدية الدينية هوية قومية، واطلقوا تسميتين على اللغة الكردية فيما بينهم اليزيدية والكردية.

احصائيات سكان تلك المنطقة، نظرا لسوء الحالة الإقتصادية والهجرة المستمرة، ترينا أن عدد الكرد في قفقاس في تناقص مستمر سريع. ومن حيث التعلم باللغة الكردية، فإن اكراد ارمينيا هم وحدهم يتعلمون باللغة الكردية ولاتدرس الكردية في آذربيجان وگورجستان. إستمرار هذه الأوضاع في قفقاس تنذر بأن وضع اللغة الكردية سيئ، وان المستقبل لايبشر بالخير وان بقاء الكرد في قفقاس وارمينيا وگورجستان وآذربيجان سيذوب إلى آخر الزمان.

كلمة المفتاح: جنوب قفقاس، الكرد الشداديون، الكرد الايزديون، الكرد المسلمون، تطور اللغة

## Abstract

## The Kurdish Language in South Caucasus 1921 –1991

By: Sudad Rasool

The presence of Kurds in South Caucasus (today Azerbaijan, Armenia, Georgia) has a long history, dates back to more than a thousand years ago. During some period in the Middle Ages, Kurds established Shadadi emirate, which reigned over a large part of the region. Later, from 16th century until 20th century, the Kurds emigrated from neighboring countries to South Caucasus. The establishment of the Soviet Union in 1922 on the south Caucasus was a significant political and social change in the lives of the nations in the region. Soviet had a new language policy that the minorities groups like other big nation had the right to learn in their mother tongue in schools. This right, included Kurdish nation in Caucasus as well. Therefore, The Kurdish language (northern dialect - Kurmanji) in Armenia, was a vernacular without script, first modified Armenian script, latere a Latin script. During the period 1928 – 1938, the dialect has developed quickly become a standard language for the Kurds in Soviet Union, expanded its functions, scientific books were translated into Kurdish and taught in schools. The language also developed in other domains such as publications, press, Radio broadcast and drama. During Stalin's era, all cultural rights of minorities were banned. Later, during the Khrushchev era, after 1955, the situation has improved, resumed some cultural rights for minorities, but this time the language right was entitled only for one subject: the Kurdish language and literature. These cultural rights continued during Soviet time. After the outbreak of the war in Karabagh and the dissolution of the Soviet Union in 1991, these developments negatively affected the presence of the Kurds in Caucasus and the cultural rights also declined, since the Soviet support for minorities has ceased and their cultural activities have been declined. As a result of the war, most Muslim Kurds fled from Armenia and Karabagh to other areas, this affected also on the national identity of Yazidi Kurds in Armenia and Georgia, they split into two groups: most of them created a separate national identity known as Yezidi, the rest maintained the Kurdish identity. The name of the language also divided into two names: Ezidiki and Kurdish. However, the bad economic situation led to a large migration of the Kurds from Caucasus to other regions. In addition, the statistics of population indicate that the population of the Kurds in Caucasus is declining constantly, in other hand, in terms of language learning, Kurdish language only being taught regularly in schools in Armenia, therefor, if the situation continues on this trend, the presence of Kurds and the Kurdish language in Azerbaijan and Georgia in the future will be assimilated and extinct.

**Key words**: South Caucasus, Shadadi Kurds, Yezidi Kurds, Muslim Kurds, Language development